# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

www.kurdistanmedia.com

ژمارە ٩٢٥ ■ شەممە، ٣١ی گەلاوێژی ١٤٠٥ _ ٢٢ی ئاگوستی ٢٠٢٦

دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا




کەمترین چاوەڕوانی کە لە حیزبی دێموکرات دەکرێ ئەوەیە هەروا بە ڕاشکاوی و لێبڕاوییەوە لەسەر ناسنامەی سیاسیی جیاوازی کورد و پێویستیی دەستبەرکردنی پێگەیەکی یاسایی تایبەت بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێ دابگرێ و خۆی لە پاشکۆیەتیی ئەو ڕەوتانە بپارێزێ کە بە زمان و ڕواڵەتێکی نوێ و سەرنجڕاکێشەوە هەوڵ دەدەن ئاکامە سیاسی و حقووقییەکانی پێشینەی مێژوویی و تایبەتمەندخوازیی ڕەوای کورد بسڕنەوە.

(لاپەڕە ٣)



ئێمە ئێستا لە بڕگەیەک لەمێژووداین ناوچەکەمان و وڵاتی ئێران لە بەردەم گۆڕانی گەورەدان. بێتوو ژیرانە و ئازایانە و بەرپرسانە نەجووڵێینەوە، لەوانەیە دەیان ساڵی تریش لە پەراوێزی ڕووداو و ئاڵوگۆڕەکاندا بمێنینەوە و هیچ بە هیچ نەکەین. حیزبی دێموکرات بە هۆی پێگەی یەکەم و بێ وێنەی لە نێو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، دەبێ و لێی چاوەڕوان دەکرێت ڕۆڵێکی پێشەنگانەی لە دروستکردنی زۆرترین یەکێتی و یەکگرتوویی نێوان هێزە سیاسییەکاندا هەبێت.

(لاپەڕە ٧)

## مستەفا هیجری بۆ کۆڕیادی سیاسیی واشنگتۆن:

# دانان بە فرەچەشنیی نەتەوەیی پێشمەرجی ڕووخاندنی ڕێژیم و بونیاتنانی داهاتووە




## مستەفا هیجری:
## دامەزرانی حیزبی دێموکرات، وەرچەرخانێکی گرینگ لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستانە

بەبۆنەی ٨١ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و یادی پڕشکۆی ٢٥ی گەلاوێژەوە، پیرۆزبایی بە کوردستانیانی هێژا دەڵێم.

دامەزرانی حیزبی دێموکرات، وەرچەرخانێکی گرینگە لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستاندا؛ حیزبێک کە کۆمەڵی کوردەواریی بۆ گەیشتن بە مافە نەتەوەییەکانی ڕێک خستووە و زیاتر لە ٨٠ ساڵە نوێنەرایەتیی هزری کوردستانی و نەتەوەیی ڕۆژهەڵاتی نیشتمان دەکات.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە پەیڕەوکردنی پرەنسیپە فکرییە نەگۆڕەکانی وەک سەربەخۆیی سیاسی، واقعبینی، ڕاستگۆیی، پشتئەستووربوون بە خەڵک و گرێدانی چارەنووسی بزووتنەوەکە بە وزە و هێزی نێوخۆی ڕۆژهەڵاتەوە، توانیویەتی لە ڕێبازی نەتەوەیی و دێموکراتیکی خۆی سوور و بەردەوام بێت. هەر ئەم تایبەتمەندییانەش، سەرباری هەموو ئاستەنگ و کێشەکانی سەر ڕێی خەبات، وای کردووە مێژوویەکی پڕ سەروەریی ٨١ ساڵە بۆ نەتەوەکەمان تۆمار بکات.

لەم یادە پیرۆزەدا، وێڕای پیرۆزبایی ئەم ڕۆژە مەزنە، سەری ڕێز دادەنوێنین بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان و بنەماڵە سەربەرزەکانیان، بەتایبەتی شەهیدانی ڕێبەرمان پێشەوا قازی محەممەد، دوکتور قاسملوو، دوکتور شەرەفکەندی و سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری و سەربەستی.

سڵاو لە ئیرادەی لەشکاننەهاتووی زیندانییانی سیاسیی خۆڕاگر.

سڵاوی وەفا بۆ هەموو ئەو تێکۆشەرانەی کە لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتدا تەمەنی خۆیان بۆ خەبات تەرخان کردووە.

**مستەفا هیجری**
**سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**٢٤ی گەلاوێژی ١٤٠٥ی هەتاوی**

## لە کرماشان و سەردەشت دوو کەس بە تەقەی هێزەکانی ڕێژیم کوژران

لە درێژەی تاوانە بەردەوامەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دوو کەس لە کرماشان و سەردەشت، بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە سەربازی و ئینتزامییەکانی ڕێژیمی ئێران گیانیان لەدەست دا.

پووریا نادری، لاوی تەمەن ٢٩ ساڵی کوردی یارسان و دانیشتووی گەڕەکی "دەرەدرێژ"ی کرماشان یەک لەوانە. ناوبراو ڕۆژی ٢٩ی گەلاوێژ لەنێو ئۆتۆمبیلەکەیدا بەبێ هیچ هۆکارێک دراوەتە بەر دەستڕێژ و کوژراوە. پووریا پێشتر لە بزووتنەوەی ژینادا سێ مانگ و لە خۆپیشاندانەکانی بەفرانباری ڕابردوودا شەش مانگ دەسبەسەر و دوایی بە دانانی بارمتەی قورس ئازاد کرابوو.

ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژ و لە لە سنووری «بەردەسیان»ی شاری سەردەشتدا، «یووسف مامەپوور»، خەڵکی گوندی «وەردێ»، تەمەن ٣٠ ساڵ لە کاتی گواستنەوەی ئاژەڵ بۆ هەرێمی کوردستان، کەوتە بەر دەستڕێژی هێزەکانی ڕێژیم و کوژرا. یووسف مامەپوور خێزاندار و باوکی منداڵێکی ساوا بوو. لەو دەستڕێژەی هێزەکانی ڕێژیم شوانێکی دیکەش بەسەختی بریندار بووە.

## شەڕی ئابووریی ئەمریکا دژی کۆماری ئیسلامی، کام براوەن؟

ئەمریکا بەنیازە لە ڕێگەی فراوانترین کارزاری گەمارۆی ئابووری لە جیهاندا و سەپاندنی سەختترین سزاکانی مێژوو، ئابووریی کۆماری ئیسلامیی ئێران بخاتە ژێر گوشارێکی قورسەوە بۆ ئەوەی بەستێنی دارمانی ئەو ڕێژیمە خۆش بکات. ئەمریکا دەڵێ ئەم گوشارانە توانای دارایی کۆماری ئیسلامی بۆ پشتیوانیکردنی گرووپە نیابەتییەکانی و دابینکردنی مووچەی هێزە سەربازییەکانی بەشێوەیەکی بەرچاو لاواز دەکات.

واشنگتۆن سەرجەم وڵاتان و کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی وریا کردووەتەوە لە نێوان بازرگانیکردن لەگەڵ ئەمریکا یان بەردەوامبوون لە مامەڵەی ئابووری و کڕینی نەوت لە کۆماری ئیسلامی و سزادرانیان، یەکیان هەڵبژێرن. ئەمریکا دەڵێ کاریگەرترین ئامراز لەم قۆناغەدا گوشاری ئابوورییە و ئەمە یارییەکی ورد و ئاڵۆزە؛ چونە کاتێک ئەوان گوشار دەخەنە سەر ئابووریی ئەوان، ئەوانیش هەوڵ دەدەن لە ڕێگەی نیزامی و ئابوورییەوە گوشارمان بۆ بهێنن، بەڵام ئێمە لەم ڕێگەیە بەردەوام دەبین، چونکە بە باشترین ڕێگای دەزانین بۆ گەیشتن بە ئامانجی کۆتایی.

## کورد لە هاوکێشەکانی ناوچەدا

لەو مەرجانەی ئەمریکا لە لێکتێگەیشتنەکەدا بۆ سازان لەگەڵ ئێران دایناوە، هیچی بۆ خەڵکی وڵات تێدا نییە. بۆیە خەڵکی کوردستان و حیزبی دێموکرات کە واقعبینانە سیاسەت دەکەن، سروشتییە نەبنە بەشێک لە شەڕێک کە هیچ گەرەنتییەک بۆ دابینبوونی مافەکانیانی تێدا ناهوێنرێتەوە.

◆ مستەفا مەولوودی (٤)

## شێرپەنجەیەک بە ناوی کۆماری ئیسلامی

ئەگەرچی دوژمنانی کورد پێیان وایە بە سەرکوت و ئێعدام بە ئامانجەکانیان دەگەن، بەڵام ئەم سەرکوت و پەلامارانە تۆزقاڵێک لە وره و باوەڕی خەڵکی کورد بۆ گەیشتن بە مافە سیاسی و نەتەوایەتییەکانی و خۆری ئازادی و دێموکراسی کەم ناکاتەوە، بەڵکوو زیاتر بەگوڕوتینتری دەکات.

◆ ناسر ساڵحیئەسڵ (٥)

## خەباتی مەدەنی و بەرگریی چەکداری

سەرکەوتنی بزووتنەوە سیاسییەکان زیاتر لەوەی بەستراوە بێت بە هەڵبژاردنی شێوازێکی تایبەت، پەیوەندیی بە هۆکارگەلێک وەک ڕێکخستن، پشتگیریی کۆمەڵایەتی، یەکگرتوویی هێزە دژبەرەکان، ڕابەرایەتیی کاریگەر و، توانای گونجان لەگەڵ بارودۆخە گۆڕاوەکانەوە هەیە.

◆ د. کامران ئەمینئاوە (٨)

## دێموکرات دەڵێ چی و چیی دەوێ؟

حیزبی دێموکرات بۆ گەلانی دیکە لە جوغرافیای ئێراندا، لە سەرەتای لەدایکبوونیەوە دەرفەت بووە و لە ئێستاشدا دەلاقەیەکە بەرەو پانتایی پێکەوەژیان و بە ئەڵتەرناتیڤێک دادەنرێ بۆ مامەڵەکردنی سیاسییانە، لە بری بەربەرەکانی و ڕووبەڕووبوونەوەی ماڵوێرانکەری نیزامی.

◆ عەلی لەیلاخ (٩)

## کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی ئاڵۆزدا

ئەزموونی دانوستانەکانی ئاشتی لە تورکیە نیشانی دا گفتوگۆ بەبێ بنەمای یاسایی، متمانەی گشتی، چاودێریی ڕوون و ئیرادەی سیاسی، دەتوانێت بە ئاسانی هەرەس بێنێت. ئەوەش هەر گەڕانەوە بۆ خاڵی دەستپێک نییە؛ بەڵکوو جگە لە بێمتمانەیی زیاتر تێچوونە مرۆیی و سیاسییەکانی ململانێ دەباتە سەرتر.

◆ ئیبراهیم لاجانی (١٠)

## هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران:

# فتوای جیهادی خومەینی لە ٢٨ی گەلاوێژ فەرمانی داگیرکردنەوەی کوردستان بوو

٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ خاڵی گۆڕانی پێوەندیی کورد لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و ڕۆژی دەرکردنی فتوای جیهاد دژی نەتەوەی کورد بوو، فتوایەک بۆ تۆڵەسەندنەوەی سیستماتیک لە گەلێک کە هۆشیارانە و یەکدەنگ «نا»ی بە ڕیفراندۆمی کۆماری ئیسلامی گوت. ئەو فتوایە نەک بڕیارێکی کتوپڕ، بەڵکوو لەڕاستیدا بەریەککەوتنی دوو پارادایمی هزری و سیاسی بوو. لە لایەکەوە تێڕوانینی داگیرکاری و تۆتالیتاریزم بوو کە هەوڵی دووبارە داڕشتنەوەی پێکهاتەی دەسەڵاتداریەتی دەدا، لە لایەکی دیکەشەوە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بوو کە ڕەنگدانەوەی ئیرادەی ڕاستەقینەی گەل بوو بۆ گەیشتن بە مافە بنچینەییەکانی خۆی و گەلانی دیکە لە ئێراندا.

فتوای ٢٨ی گەلاوێژ، فەرمانێکی نوێ بوو بۆ سیاسەتێکی ناسراو کە سەرچاوەی لەو تێڕوانینە گرتبوو کە پێشتریش و لە سەردەمی دەسەڵاتی پاشایەتیدا لە لایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە دژی نەتەوەی کورد بەکار هێنرابوو. لە گەلاوێژی ١٣٥٨دا، دەسەڵاتی نوێ بە درێژەدان بە سیاسەتی حاشا و تواندنەوە و بە هێرشکردن لە زەوی و ئاسمانەوە، سیاسەتی داگیرکاریی بۆ سەر کوردستان دووبارە کردەوە. لەشکەرکێشیی کۆماری ئیسلامی بە بڕیاری خومەینی لە کاتێکدا بوو کە نەتەوەکەمان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، ماف و داواکارییە ڕەواکانی خۆی لەسەر بنەمای بەشداریی سیاسیی دادپەروەرانە و چارەسەری ئاشتیانەی پرسی کورد، بە شێوازێکی دیموکراتیک و لە ڕێگەی گفتوگۆ و دانوستانەوە بەرەوپێش دەبرد. بەڵام دەسەڵاتدارانی ئێران نەیانتوانی نیازی خۆیان لە دوژمنایەتیکردنی کورد بشارنەوە.

لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨دا خومەینی لە پەیامێکی توندا فتوای جیهادی دژی خەڵکی کوردستان ڕاگەیاند. لە ڕووی سیاسی و ئایینییەوە، بەکارهێنانی چەمکی جیهاد بەرانبەر بە هاووڵاتیانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕەوایەتی بەخشییە هێزە چەکدارەکان بۆ ئەوەی هەر جۆرە توندوتیژییەک بەرانبەر بە خەڵکی کوردستان ئەنجام بدەن. هەر لە یەکەم ڕۆژی ڕاگەیاندنی فتوای جیهاد، هێزە چەکدارەکانی ئێران و بەتایبەت هێزەکانی سپای پاسداران بە چەکی قورس و پاڵپشتی هێزی ئاسمانی بەرەو شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان جوڵەیان پێکرا.

لە سەرەتای هێرشەکاندا شاری پاوە و ناوچەکانی هەورامان کەوتنە بەر پەلاماری هێزەکانی سپای پاسداران و داگیرکران. ڕاستەوخۆ لەگەڵ داگیرکردنی شاری پاوە سادق خەڵخاڵی وەک حاکمی شەرع گەیشتە ناوچەکە و لە دادگایەکی سەحرایی دەیان کەس لە هاووڵاتیانی گوللەباران کرد کە بریندار و مامۆستا و دوکتۆریان لەنێودا بوو. دوای داگیرکردنی شاری پاوە، لێشاوی هێرشەکان رووی لە شارەکانی دیکەی کوردستان بەتایبەت سنە و مەریوان و سەقز و مهاباد کرد. دوای کۆنترۆڵکردنی شارەکان، هێرشی سوپای پاسداران گوندەکانیشی گرتەوە و بە کۆمەڵکوژیی هاووڵاتیانی گوندی قاڕنێ و قەڵاتان، زنجیرە هێرشێکی یەک لە دوای یەک بۆ سەر گوندەکانی کوردستان بەڕێوەچوون.

لە بەرانبەر ئەو هێرشە سەربازییە و هەروەها فەرمانەکانی دواتر کە هەزاران هاووڵاتی و تێکۆشەری کورد گوللەباران کران خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چۆکیان دانەدا. خۆڕاگریی کورد نیشانی دا کە ئیرادەی نەتەوەیەک بۆ مانەوە و ئازادی، لە هەر فەرمان و هێرشێک بەهێزترە. لەم ڕۆژەدا خوێنی بەناحەق ڕژاوی ئەو گەنج، ژن و هاووڵاتییانە بەبیردەهێنینەوە کە بوونە قوربانیی و ناویان وەک شەهیدانی ڕێگەی ئازادی لە مێژووی کوردستاندا بە زیندویی مایەوە.

لە ئێستایشدا بەردەوامیی هەمان سیاسەت و فتوای جیهادی خومەینی دژی نەتەوەی کورد، لە کوشتاری هاووڵاتیان، لەسێدارەدانەکان، سەرکوتکردنی چالاکانی مەدەنی و بەئامانجگرتنی سیستماتیکی شوناسی کورددا بە ڕوونی دەبیندرێن. لە بەرانبەر ئەم سیاسەتەدا ئەرکی هەنووکەیی و مێژوویی نەتەوەکەمان، پاراستنی یەکڕیزیی نەتەوەیی، پتەوکردنی پشتیوانی نێوان سەرجەم نەتەوە دیموکراتخوازەکان و خۆڕاگرییە لە سەنگەری تێکۆشانی مەدەنی و سیاسیدا. تێکۆشانی ئێمەش بۆ دیموکراسی، نەهێشتنی هەڵاواردن و بەدیهێنانی مافەکانمان بەتایبەت مافی دیاریکردنی چارەنووس، بە هەنگاوی پتەوتر لە جاران تا کۆتاییهێنان بەم عەقڵییەت و دەسەڵاتە پاوانخوازە بەردەوام دەبێت.

**هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران**
**٢٧ی گەلاوێژی ٢٧٢٦**

## مستەفا هیجری:

# بەبێ چارەسەری پرسی نەتەوەیی، دێموکراسی و سەقامگیری لە ئێراندا چێ نابن

**بەشدارانی بۆنەی یادی هەشتاویەک ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە واشنتون!**

بەو بۆنەوە پیرۆزبایی لە هەموو ڕێبەرایەتی، کادر و پێشمەرگە و ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات دەکەم. هاوکات سەری ڕێز دادەنوێنم بۆ هەموو ئەو هەزاران تێکوشەرەی، کە ڕێبواری ئەم ڕێگا دووورودرێژ و پڕ هەوراز و نشێوە بوون و لەو پێناوەدا زیندانی کراون، لەسێدارە دراون، لە وڵاتی خۆیان دەربەدەر بوون؛ بۆ ئەوەی ئەو حیزبە هەر لە سەر پێ و بەتوانا بمێنێتەوە.

سوپاس و ڕێز بۆ ئێوە بەشدارانی ئەو کۆڕیادە لە واشنتۆن، پێتەختی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

شەرەفمەندم کە وەک سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو کۆبوونەوەیدا مەجالم هەیە کە بە کورتی ئامانج و سیاسەتەکانی ئەم حیزبە بخەمە بەر باس، بۆ ئاگاداریی ئێوە بەڕێزان و ناسینی زیاتری حیزبەکەمان.

لە بەستێنی هاوکێشە ناوچەییەکان و، ئەو گۆڕانکارییانەی کە چاوەڕوان دەکرێ، جارێکی تر چۆنیەتیی داڕشتنەوەی قەوارەی سیاسیی ئێران و، ئایندەی "پرسی نەتەوەیی" گەلانی نیشتەجێی ئەم جوغرافیایە، لە ڕۆژەڤدایە. بۆ خستنەڕووی جێگرەوەیەکی دێموکراتیک بۆ ڕێژیمی ئێستا لە نێوان ئەو سیناریۆیانەی کە بۆ داهاتووی ئێران خراونەتە ڕوو، فیدراڵیزمی نەتەوەیی - جوغرافی مومکینترین مۆدێلی سیاسییە. لەم مۆدێلەدا پێگە و سەنگی بزووتنەوەی کوردستان و هەرێمە نەتەوەییەکانی ئێران ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە دەبینن.

هەر بۆیە، هەڵبژاردنی هەر ستراتیژییەک بۆ گۆڕانی سیاسی لە ئێران دەبێ هەم لەسەر بنەمای هاوسەنگیی هەرێمە نەتەوەییەکان بێت و هەم بەگوێرەی ڕێککەوتن و دێموکڕاسییەکی تەوافوقی. بەم پێیە، ئامانجی کۆتایی هەر پرۆسەیەکی سیاسیی لە دوارۆژدا، دەبێت چارەسەرکردنی پرسی گرینگی نەتەوەیی بێت. بە جۆرێک کە سەروەریی سیاسی و دەسەڵاتی یەکلایەنە لە ناوەندەوە هەڵبوەشێتەوە و، بەشداری و سەروەریی هاوبەشی هەموو نەتەوەکان مسۆگەر بکرێت.

بە فەرمی ناسینی ئێران وەک جوغرافیایەکی فرەنەتەوە بابەتێک نییە کە بە داهاتوو بسپێردرێ، یان بە پاساوی جۆراوجۆر هەڵپەسێردرێ؛ بەڵکوو پێش هەر ئەگەر و ڕێککەوتن و گوزارێک، دەبێ وەکوو باشترین مۆدێلی سیاسیی پێکەوەژیان، بکرێتە بنەما و بۆ دیزاینکردنەوەی سیستەمی سیاسیی داهاتوو کەڵکی لێ وەربگیرێت.

لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کورددا، بزووتنەوەی نەتەوەیی- دێموکراتیکی کوردستانی ئێران بە گشتی و، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە تایبەتی، پاشخانێکی دووورودرێژی لە خەبات و تێکۆشان هەیە. خەبات بۆ بەدیهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس، پاراستنی ناسنامە و خاک، و دابینکردنی مافە ڕەواکانی نەتەوەکەمان، لە پڕەنسیپە نەگۆڕەکانی ئەم بزووتنەوەیە بوون.

بزووتنەوەی کوردستان لە مێژووی هاوچەرخدا، بە هۆی بەئەمنییەتیکرانی ناسنامەی کوردی و، ئەزموونی کەڵکوەرگرتن لە شێوەکانی بەرگری و خەباتی ڕەوا، خاوەن ڕێکخستنێکی تۆکمە و هێزێکی بەرینی مەیدانییە و، شوێندانەریی خۆی لە هاوکێشەکاندا سەلماندووە. ئەم بزووتنەوەیە، سەرەڕای هەلومەرجی ئاستەنگ و، هەوراز و نشێوەکانی بەردەمی، هەرگیز فاکتەرێکی کاتی، یان پەراوێز نەبووە بەڵکوو بەردەوام لە خەباتێکی نەپساوەدا بووە.

بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستانی ئێران، هەڵگری پڕۆژەیەکی سیاسیی ڕوون و مۆدێرن بۆ داهاتووی ئێران و کوردستانە، کە لەسەر بنەمای مافی دیاریکردنی چارەنووس و دێموکراسیی بەشدارانە داڕێژراوە. هەر تێڕوانینێکی ناوەندگەرا کە هەوڵی پەراوێزخستنی بدات، نەک هەر ناتوانێت چارەسەری قەیرانەکان بکات، بەڵکوو مەرجەکانی داهاتوویەکی سەقامگیریش لە خشتە دەبات.

کوردستان، بە بوونی هێزێکی فرەچەشن و بەرفراوانی مەیدانی و، بە وشیاریی نەتەوەییەوە، خاوەنی عامڵییەت و هێز و سەرمایەی کۆمەڵایەتی خۆیەتی و، بەشێکە لە چارەسەری بنەڕەتیی شەڕ و ئاڵۆزی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست. هیچ پرۆسەیەکی گۆڕانکاری لە ئێراندا ناتوانێت سەرکەوتنی ڕاستەقینە بەدەست بهێنێت، ئەگەر مافی نەتەوەی کورد بۆ سەروەری و ئیرادەی سیاسیی کوردستان لەبەرچاو نەگرێت.



(دەقی پەیامی سکرتێری گشتیی حیزب بۆ کۆبوونەوەی "ئێران لەسەر دووڕێیان: ڕۆڵی ڕێبەرایەتیی کورد لە گۆڕانکارییەکی دێموکراتیکدا" لە واشنگتۆن)

فرەچەشنیی نەتەوەیی و فرەپێکهاتەیی لە ئێراندا، بەپێچەوانەی سیاسەت و بۆچوونی ناوەندگەرایی و شۆڤێنیستیی نەک هەڕەشە نەبووە، بەڵکوو دەرفەت و بنەمای سەرەکییە بۆ بونیاتنانی داهاتوویەکی سەقامگیر و دێموکراتیک. قبووڵکردنی ئەم فرەچەشنییە و، دابینکردنی مافە نەتەوەییەکان بە شێوازێکی یەکسان، هەموو پرۆسەیەکی سیاسی لە ئێراندا دەبەستێتەوە بە پێکەوەژیانی ئاشتیانە و دڵخوازانە.

### فیدرڕاڵیزم: وەک چوارچێوەیەکی دێموکراتیک

فیدرڕاڵیزمی ڕاستەقینە هیچ کاتێک مانای هەڵوەشاندنەوە، یان دابەشبوونی وڵات ناگەیەنێت، بەڵکوو میکانیزمێکی پێشکەوتووی سیاسی و بەڕێوەبەرییە بۆ کۆکردنەوەی پێکهاتە جیاوازەکان لەنێو چوارچێوەیەکی دێموکراتیک و هاوبەشدا.

ئەم سیستەمە، دەسەڵات لە ناوەندێکەوە دەگوازێتەوە بۆ بەڕێوەبردنێکی هاوبەش کە تیایدا یەکسانیی نەتەوەکان، پاراستنی ناسنامە جیاوازەکان و، دابەشکردنی دادپەروەرانەی ئەرک و مافەکان، دەبنە بناغەی سەقامگیری و پێکەوەژیانی ئارەزوومەندانە.

هاوبەشیی و ڕەزامەندیی هەموو نەتەوەکان، وەک گرێبەستێکی کۆمەڵایەتیی، ڕەوایی دەبەخشێتە سیستەمی بەڕێوەبەریی و، متمانەی نێوان لایەنەکان پتەوتر دەکات. لە بەرانبەردا خۆسەپاندن و پاوانخوازی، دەوڵەت دەکاتە سیستەمێکی پڕ لە درز و ناسەقامگیری، کە بەردەوام لە لێواری داڕمان و بەریەککەوتنی نێوخۆییدایە.

قەیرانە قووڵەکانی ئێران هەرگیز لە ڕێگەی پاوانخوازی و مۆنۆپۆلکردنی بڕیاری سیاسییەوە چارەسەر ناکرێن. تێپەڕاندنی ئەم قۆناغە پێویستیی بە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی هەیە کە بەو هۆیەوە داهاتووی ئێران لە ڕێگەی گفتوگۆی ڕیشەیی و دانوستان و، ڕێککەوتنی فرەنەتەوەییەوە دیاری بکرێت.

جەختکردنەوە لەسەر ئەمنییەتی ناسنامەی نەتەوەیی مەرجی سەرەکییە بۆ بوون و مانەوەی نەتەوە بندەستەکان. چونکە پێداگری لەسەر پرسی ناسنامەی نەتەوەکان، لەمپەرێکی سەرەکییە لە بەرانبەر سیاسەتی تواندنەوە و پەراوێزخستنیان. لە هەمان کاتدا ئەمنییەتی ناسنامە بۆ ئەم نەتەوانە، بە مانای پاراستنی بوونی فیزیکی و کولتووری و، زمانی و سیاسییە، لە بەرانبەر هەر جۆرە هەڕەشەیەکدا.

ئەم حەقیقەتە مێژوویی و سیاسییە، بەڕوونی دەریدەخات کە هیچ سیستەمێک ناتوانێت ناوی دێموکراسی لە خۆی بنێت کاتێک مافە مرۆیی و نەتەوەییەکانی جوغرافیایەکی فرەنەتەوە زەوت بکات. لە لایەکی تریشەوە بەبێ بوونی دێموکراسییەکی ڕاستەقینە، ستەمی نەتەوەیی و ڕەهەندەکانی دیکەی ستەم، بەردەوام دەبن.

هەر بۆیە دێموکراسی و مافی نەتەوەیی دوو پڕەنسیپی لێکبەستراون.

### پێداویستییەکانی گوزارێکی سەرکەوتوو

گوزارێکی سیاسیی سەرکەوتوو بە ئامانجی تێپەڕاندنی دۆخی ستەمکاری و، کۆتاییهێنان بە ئەزموونی شکستخواردووی ناوەندگەرایی، دەبێت بە گوێرەی بەشداریی کارای نەتەوەکان و، ڕەزامەندیی پێکهاتە جیاوازەکان بونیاد بنرێت:

**یەکەم**، دانپێدانان بە هەرێمە نەتەوەییەکان وەک لایەنی سەرەکیی بەشداریی سیاسی لە داڕشتنەوەی نەخشە ڕێگەی گوزار.

**دووەم**، چەسپاندنی یاسایەکی گشتگیر کە تیایدا هەموو نەتەوە و پێکهاتەکان دڵنیا بن کە مافی سیاسییەکانیان تیایدا پارێزراوە.

**سێیەم**، خستنەگەڕی میکانیزمی فیدرڕاڵیزمی ڕاستەقینە، بۆ کۆتاییهێنان بە مۆنۆپۆلی ناوەند و سیاسەتی داگیرکاری، بە مەبەستی دابەشکردنی دادپەروەرانەی دەسەڵات و سەرچاوەکان.

**چوارەم**، دابینکردنی بەستەرێک بۆ دیالۆگێکی هاوسەنگ لە نێوان هەموو لایەنە سیاسییەکان و، کۆمەڵگەی مەدەنی کە تیایدا هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە لەخۆ بگرێت.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران جەخت لەسەر ئەو ڕاستییە دەکاتەوە کە فیدرڕاڵیزمی ڕاستەقینە و، هاوبەشیی ئارەزوومەندانە تاکە ڕێگەیە بۆ بونیاتنانی ئێرانێکی دێموکراتیکە. چونکە مێژوو و هاوکێشە سیاسییەکان سەلماندوویانە بەبێ دابینکردنی مافی نەتەوەیی، دێموکراسی هەرگیز سەرناگرێت و بەبێ دێموکراسییەکی قووڵ، نەتەوەکان لە ژێردەستەیی ڕزگاریان نابێت. هەر بۆیە ئێرانی داهاتوو دەبێت لەسەر بنەمای سەروەریی سیاسیی هاوبەش و یەکسانیی هەموو نەتەوەکان بنیاد بنرێت. بە پێچەوانەوە، دووپاتکردنەوەی ڕابردوو، هیچ سەقامگیرییەک بۆ داهاتوو بەرهەم ناهێنێت. جەختیش دەکەینەوە بەبێ پێناسەکردنەوەی سەرلەنوێی چەمکی "نەتەوە" لە ئێران، پەیوەندیی داگیرکاری بۆ هەمیشە دەمێنێتەوە. ئەم پێداویستییانە مەرجی بنەڕەتین بۆ ئەوەی پرۆسەی گوزار ببێتە دەستپێکێک بۆ دێموکراسییەکی درێژخایەن و ئەنجامدار.

لە کۆتاییدا، وەکوو حیزبی دێموکرات، بە خوێندنەوەی دەرفەت و هەڕەشەکانی سەر ڕێی بزووتنەوەی نەتەوەییی کوردستان، بەرپرسیاریەتی مێژوویی خۆمان لەبەر چاوە و، پێداگرین لەسەر پێکگەیشتنی نەتەوەیی و هاوخەباتی لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە و ڕەوتە دێموکرات و ئازادیخوازەکان، بۆ ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و بونیاتنانی ئێرانێکی جیاواز لە ڕابردوو.

***

## بەساڵداچوو بەڵام بەدەماخ و لەسەر پێ:

# ئەرک و ئاڵەنگارییەکانی بەردەم حیزبێکی ٨١ ساڵە

**(بەشی یەکەم لە دوو بەش)**



د. ئاسۆ حەسەنزادە



لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ی هەتاویدا حیزبی دێموکراتی کوردستان لە مەهاباد دامەزرا؛ حیزبێک کە دواتر ناوەکەی بۆ «حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران» گۆڕدرا. بە تێپەڕبوونی هەشتا و یەک ساڵ، ئەم حیزبە هێشتا یەکێک لە هێزە سیاسییە هەرە سەرەکییەکانی گۆڕەپانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەگەر نەڵێین گرینگترینیانە. ئەم تەمەندرێژی و بەردەوامیی ژیانی سیاسییە لەجێدا دیاردەیەکی شایانی تێڕامانە؛ چونکە کەم ڕێکخراوی سیاسی توانیویەتی لە بەرانبەر ئەم قەبارەیە لە سەرکوت و گۆڕانکارییە جیهانی و ناوچەیییەکان و مەودای نێوان نەوەکاندا، ڕەسەنایەتی و ناسنامەی سیاسی و پێگە جەماوەرییەکەی و حزووری مەیدانیی خۆی تا ئەم ئاستە بپارێزێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران زۆرجار وەک یەکەم حیزبی مۆدێرنی کوردی و بەڕابردووترین ڕێکخراوی سیاسیی هێشتا چالاک لە گۆڕەپانی سیاسیی ئێراندا ناو دەبرێ. ئەم ئیدیعایە ئەگەرچی لەسەریەک ڕاستە، بەڵام پێویستیی بە وردکردنەوەش هەیە. بەر لەم حیزبە، ڕێکخراوی مۆدێرنی دیکە لە بزووتنەوەی کورددا سەریان هەڵدابوو، بەتایبەت حیزبی «هیوا» لە کوردستانی عێراق و "کۆمەڵەی ئازادیخوازانی کوردستان" لە ئێران، بەڵام هیچکامیان نەیانتوانی ببنە حیزبێکی جەماوەری و دەوام بێنن. لە ئاستی سەراسەریی ئێرانیشدا، حیزبی تودە چەند ساڵ بەر لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دامەزرا، بەڵام ئەمڕۆ بە کردەوە لەنێو چووە و هیچ جێیەکی لە ئۆپۆزیسیۆنی ئێراندا نەماوە. لەبەر ئەوە، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەتوانێ ئەم تایبەتمەندییە تاقانەیەی خۆی لە بواری پێشەنگایەتیی سیاسی و مێژوویی لە کوردستان و ئێراندا بەرجەستە بکاتەوە؛ حیزبێک کە بۆ یەکەمجار توانی وشیاریی نەتەوەیی کوردان لەچوارچێوەی بزوتنەوەیەکی سیاسیی نوێ، پێکهاتەمەند، ڕێکخراو و گشتگیردا ڕێک بخا.

حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە سەرکردایەتیی پێشەوا قازی محەممەد و لە دڵی «کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد» (ژ.ک)ەوە کە لە ساڵی ١٣٢١دا دامەزرابوو، هاتەدەر. ئاوێتەیی و بەردەوامیی فیکری و تەشکیلاتیی نێوان ژێکاف و حیزبی دێموکرات تا ئەو ئاستەیە کە ئەمڕۆ زۆر کەس لەو بڕوایەدان کە هەق وایە سێ ساڵی تەمەنی ئەم پێکهاتەیەش بخرێتە سەر تەمەنی خەباتگێڕیی حیزبی دێموکرات. گواستنەوە لە ڕێکخراوێکی تا ڕادەیەک داخراو و نهێنیی وەک ژێکافەوە بەرەو حیزبێکی شوێندانەر و کۆمەڵگەتەوەر ئاماژەیە بۆ ئیرادەی پێشکەوتن بە ئاقاری پڕاگماتیزمی سیاسی و پلوڕالیزمی کۆمەڵایەتی؛ بە دەربڕینێکی تر ئامانج لەم بازدانە چەشنییە لە کاری حیزبیی کوردەکان لە ئێراندا، کۆکردنەوە و یەکخستنی توێژە جیاوازە کۆمەڵایەتییەکان و سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی داواکارییە نەتەوەییەکانی کورد بە ڕەچاوکردنی واقیعە سیاسییەکانی ئەو سەردەمە بوو.

حیزبی دێموکراتی کوردستان تەنیا چەند مانگێک دوای دامەزرانی، بوو بە مۆتۆری کاردروستاییەکی مەزنی سیاسی و کەوتە نێو ناوەندی ئەزموونێکی مێژوویی کە ناسنامە و گوتاری ئەو حیزبەی بۆ هەمیشە لە قالب دا، واتە کۆماری کوردستان کە لە ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی لە مەهاباد ڕاگەیەندرا. ئەگەرچی تەمەنی ئەم کۆمارە لە یازدە مانگ تێنەپەڕی، بەڵام ئەو کۆمارە ڕۆڵێکی ژیانەکی و چارەنووسسازی لە داڕشتن و خەملاندنی خەونی سیاسی-نەتەوەیی هەموو کورددا گێڕا. ئەم ئەزموونە کۆمەڵێک پرەنسیپ و هێمای بەرهەم هێنا و لەدوای خۆی بەجێهێشت کە بایەخ و گرنگییان لە چوارچێوەی حیزبی دێموکڕات و کوردی ڕۆژهەڵات تێپەڕی. ویستی سەروەریی نەتەوەیی، ئاڵای کوردستان، سروودی نەتەوەیی، ناو و هێمای پێشمەرگە، تێگەیشتنێکی سەردەمی لە وشیاریی هاووڵاتی لە کوردستان و یەکیەتیی نێوان کوردان ئەولاتر لە سنوورەکان، بەشێک لە میراتی سیاسیی و هێمایی ئەم ئەزموونە پڕبایەخەن.

### نەتەوەخوازیی شێلگیر بەڵام واقعبینانە

میراتی مێژوویی مەهاباد لە ناخی خۆیدا هەڵگری جۆرێک دیالێکتیک و گرژیی گوتاری بوو کە لە دەیەکانی دواتریشدا لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران مایەوە. ئەم حیزبە هەمیشە خۆی بە ئاڵاهەڵگری سەرەکیی داکۆکی لە ئاواتە نەتەوەییەکانی کورد لە ئێران زانیوە. لە هەمان کاتدا تێکۆشاوە لە چوارچێوەی ئێراندا بەدوای دۆزینەوەی چارەسەرێکی پتەو و پایەدار بۆ پرسی کورددا بگەڕێ؛ چارەسەرێک کە هەتا ساڵی ١٣٨٣ لە چوارچێوەی خودموختاریدا فۆرمولە دەکرا و پاشان بۆ فیدراڵیزم بەرز کرایەوە.

هەندێک لە ڕەخنەگران، حیزبی دێموکرات بەوە تۆمەتبار دەکەن کە بە گرتنەبەری ئەم ڕێبازە، ئاستی داواکارییەکان و ئاسۆی ئاواتەکانی کوردی سنووردار کردووە و لە خواست یان مافی سەربەخۆیی کورد پاشەکشەی کردووە. هەقیقەتی مەسەلەکە شتێکی دیکەیە. لە لایەکەوە، ئەزموونی مێژوویی کۆماری کوردستان ئاڵۆزتر لەم جۆرە هەڵسەنگاندنە سادەکەرەوانەیە. زۆر لە هێماسازی و هەڵبژاردنە سیاسی و نیهادییەکان لە کۆماری کوردستان و بەگشتی کەشی زاڵ بەسەر ژیانی کورتی ئەم کۆمارەدا دەلالەت لە ڕوانگە و تێڕوانینێکی بەربڵاوتر و بەرزەفڕانەتر دەکەن. هەروەک دکتور قاسملوو دواتر لە کتێبی «چل ساڵ خەبات لەپێناوی ئازادی»دا نووسی، قازی محەمەد و ڕێبەرانی کۆمار، چاویان لە ئاسۆیەکی دوورەدەستتر کە زۆر ئەولاتر لە خودموختارییەکی سنووردار لە چوارچێوەی ئێراندا دەڕۆیشت بڕیبوو؛ بەڵام لە هەمان کاتدا، ئەوان بە تەواوی ئاگاداری بەربەستە نێودەوڵەتییەکان و ئاستەنگە ناوچەیییەکانی بەردەمیان بوون. ئەم پێوەندی و لێکگرێدانەی نێوان ئارمانجخوازیی نەتەوەیی و واقیعبینیی سیاسی بووەتە ڕێکار و پێناسەیەک کە حیزبی دێموکڕات هاوسەنگییەکانی پێ ڕاگرتووە. بەدیوەکەی دیکەشدا، حیزبی دێموکرات لە دەیەکانی دوای ڕووخانی کۆماری کوردستانیشدا بەردەوام پێداگریی لەسەر مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەی کورد کردووە و تەنانەت هەندێک جار ئاماژەی بە مافی کوردەکان لە ئێران بۆ بەڕێوەبردنی گشتپرسیی سەربەخۆییش کردووە.

تێکۆشان بۆ پێکهێنانی هاوسەنگی لە نێوان ئەم دوو ستراتێژییەدا، هەمیشە بۆ ئەم حیزبە مەشقێکی هزری و سیاسیی قورس و سەرچاوەی ناڵیکی و هەڵکشان و داکشان لە هەر دوو بەستێنی ئێرانی و کوردستانیدا بووە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە هۆی ئەو بەرپرسیارەتییە مێژوویی و گوتارییەی لە بزووتنەوەی کوردی لە ئێراندا لەسەرشانیەتی، زۆربەی جار لە گرتنەبەری هەڵوێستی ڕادیکاڵ خۆی بواردووە. لە ڕاستیدا بۆ ئەم حیزبە، مەسەلەی بنەڕەتی تەنیا هەڵبژاردن لە نێوان خودموختاری/فیدراڵیزم لە چوارچێوەی ئێران و سەربەخۆییخوازیدا نییە؛ بەڵکوو ئاڵەنگاریی سەرەکی لە چۆنیەتیی دەستنیشانکردنی پێگەی سیاسیی کوردستان لە داڕشتنەوەی پێکهاتەیی ئێراندایە، بە شێوەیەک کە مەسەلەی کورد لە چەمکی ئینتیزاعی و ئاست دابەزێندراوی بەناو یەکسانیی هاووڵاتیبووندا ون نەبێ. ئەم ئاڵەنگارییە بە هەمان ئاست سەختتر دەبێتەوە کە پێگەی کۆمەڵایەتی و بەدەنەی ئەم حیزبە (نەک هەر نەوەی نوێ، بەڵکوو تەنانەت لەنێو پێشمەرگە دێرینەکانیشدا) لە دەربڕینی ویست و ئارەزووی نەتەوەیی خۆیاندا ڕێباز و ڕوانگەیەکی زۆر ڕادیکاڵتر لە ئەدەبیاتی فەرمی و بەرنامەی پەسندکراوی حیزبیان هەیە.

ئەمڕۆ دەوڵەتانی حاکم بەسەر کوردستان زیاتر لە هەر کاتێک مافی ڕەوا و بوونی سیاسیی کوردیان خستووەتە مەترسییەوە و هەوڵ بۆ نەهێشتنی پێگەی تایبەتی کورد لە پرۆسەی بەناو گەشەپێدانی سیاسی و مێعماریی نیهادیی ئەو وڵاتانەدا دەدەن. لەو نێوەدا بەداخەوە هێندێک ڕەوت و لایەن و چالاکی سیاسی و مەدەنیی کوردیش، بەئەنقەست یان لەڕووی نەزانییەوە، تێکەڵکردنی داواکارییە سیاسی و بە کۆمەڵەکانی کورد لە ئێران لەگەڵ بەها و بابەتە کۆمەڵایەتی و بە ڕواڵەت دێموکڕاتیکەکانی ئێراندا بە شتێکی ئاسایی دەزانن و بۆ مەبەستی تایبەت بە خۆیان یارمەتی بە تواندنەوە و بنکۆڵ کردنی پرسی کورد وەک پرسی مێژوویی گەلێکی ژێردەستە و خاک دابەشکراو دەکەن.

لە حاڵەتێکی وادا، کەمترین چاوەڕوانی کە لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک هەڵگری سەرەکیی ڕەسالەتی نەتەوەیی کورد لە ئێران دەکرێ ئەوەیە کە، لە پاڵ پاراستنی واقیعبینیی سیاسی و بەرفراوانکردنی هەوڵەکانی بۆ بەشداریی شوێندانەر لە پرۆسە سەراسەرییەکانی ئێراندا، وەک هەمیشە بە ڕاشکاوی و لێبڕاوییەوە لەسەر ناسنامەی سیاسیی جیاوازی کورد و پێویستیی دەستبەرکردنی پێگەیەکی یاسایی تایبەت بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان (بەسەریەکەوە) پێداگری بکا و خۆی لە پاشکۆیەتیی ئەو ڕەوتانە بپارێزێ کە بە زمان و ڕواڵەتێکی نوێ و سەرنجڕاکێشەوە هەوڵ دەدەن ئاکامە سیاسی و حقووقییەکانی پێشینەی مێژوویی و تایبەتمەندیخوازیی ڕەوای کورد بسڕنەوە.

### لە چەپی نەریتییەوە بۆ سۆسیالیزمی دێموکراتیک

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بەستێنێکی مێژووییدا لەدایک بوو کە ئۆردووگای چەپ کاریگەرییەکی یەکلاکەرەوەی لەسەر بیچمگرتنی ناسنامەی سیاسیی بزوتنەوە ڕزگاریخوازە نەتەوەییەکان هەبوو. بەوحاڵەش، حیزبی دێموکرات هەرگیز نەبووە ڕێکخراوێکی ئیدئۆلۆژیک. ئەو حیزبە لەژێر ساباتی ڕێبەریی د. قاسملوودا کە لە ساڵی ١٩٧١ بەدواوە بەرپرسیارەتیی یەکەمی حیزبی گرتە دەست، توانی خۆی لە هێژیمۆنیی گوتاریی حیزبی تودە و بەگشتی چەپی مەوجوود ڕزگار بکا و پێناسەیەکی سەربەخۆ و نائۆرتۆدۆکس لە ئیدەئالی چەپ پێشکەش بکا. لەم چوارچێوەیەدا، سۆسیالیزمی دێموکراتیک بۆ حیزبی دێموکڕات بوو بە مۆدێلێکی شیکاری و پەنجەرەیەکی گوتاری هەتا هەم لە نێوان دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و دێموکراسی و ئامانجی نەتەوەیی کورددا ئاوێتەکردنێکی ژیرانە و کارا ئەنجام بدا، هەم زەرفیەتی کایەکردن لە بەستێنی نێونەتەوەیی بەتایبەتی لە ئوروپای ڕۆژئاوا بۆ ڕاکێشانی سەرنج و پشتیوانیی سیاسی لە کورد بەگشتی و کورد لە ئێران بەتایبەتی بەخۆی ببەخشێ.

ئەگەرچی لە سەردەمی ئێستادا سنووربەندییە ئیدئۆلۆژییەکانی ڕابردوو زۆر کاڵ بوونەوە، ئاڵەنگارییەکانی پێوەندی و ئەولەویەتبەندیی نێوان ڕزگاریی نەتەوەیی و یەکسانیی چینایەتی هەر لەجێی خۆیانن. لە سەردەمێکدا کە بەهۆی شکستی ئیدەئالی سۆسیالیستی لەسەر عەرز، چەمکە لیبراڵییەکان دزەیان کردووەتە ناخی بزووتنەوە ڕزگاریخوازە نەتەوەییەکانیش، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێویستی بەوەیە مانایەکی عەینی و کردەیی بە بەڵێن و دەروەستییەکانی خۆی لەهەمبەر دادپەروەری و یەکسانیی کۆمەڵایەتی ببەخشێ. پرسی نەتەوەیی هەرچەندە بۆ ڕەفتاری سیاسیی کورد بڕبڕەی پشت و لەڕاستیدا فەلسەفەی وجوودیی حیزبی دێموکرات بێ، بە تەنیا ناتوانێ مانیفێستێکی تەواو و هەمەلایەنە بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە بخاتەڕوو. بەپێچەوانەوە، پشتگوێخستن یان کەمتر پڕژانە سەر پرسی دادپەروەری و بە گشتی بەهێند نەگرتنی پرسە کۆمەڵایەتییەکان دەبێتە هۆی پەرشوبڵاوی و بەفیڕۆچوونی بەشێک لە تواناکانی نێو کۆمەڵگە و ئەم بابەتەش زیان بە یەکگری و ئاقارسازیی ئاکامدار لە خەباتی نەتەوایەتیدا دەگەیەنێ.

(درێژەی هەیە)

---

## مانەوە وەک سیمبولی بەردەوامی، خۆڕاگری و شێلگیری




### (پەیامی ناوەندی ڕێکخراوە مەدەنییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بۆنەی ٨١ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکرات)

**خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان!**
**سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستان!**

لە ٢٥ی گەلاوێژی هەموو ساڵێکدا، یادی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک بۆنەیەکی نەتەوەیی و ئازادیخوازی، بە جۆش و خرۆشەوە دەکرێتەوە.

٢٥ی گەلاوێژ، ڕۆژێکی دیاری مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردە، چونکە لەم ڕۆژەدا وەرچەرخانێکی گرینگ لە مێژووی هاوچەرخی گەلی کورددا پێک هات؛ ئەویش دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی (١٩٤٥ی زایینی) بوو. لەم ڕۆژەدا بوو کە حیزبی دێموکرات بە ڕێبەرایەتیی پێشەوا قازی محەممەد، لە شاری مەهاباد بە فەرمی دامەزرا. ئەمەش بڕیارێکی ستراتیژی بۆ کۆکردنەوەی تواناکانی گەلی کورد بوو لە ڕێکخراوەیەکی ڕامیاریی پێشکەوتوودا.

ئەم ڕووداوە گرینگە، بزووتنەوەی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە شێوازی نەریتی و ڕاپەڕینی عەشایەرییەوە گواستەوە بۆ خەباتی ڕێکخراو و حیزبیی هاوچەرخ؛ بە جۆرێک کە بتوانێت نوێنەرایەتیی ویست و داخوازییەکانی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵ بکات، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان تەنیا پشت بە ڕاپەڕینی چەکداری نەبەستێت و بە شێوەیەکی سیستماتیک و دامەزراوەیی، ڕەهەندەکانی سیاسی، فەرهەنگی و نەتەوەیی خەبات ئاوێتەی یەکتر بکات و بەرەو خەباتێکی گشتگیر و سەرانسەری بەرەوپێشی ببات.

دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، تەنیا پێکهاتنی ڕێکخراوێکی سیاسیی نوێ نەبوو، بەڵکوو گۆڕانێکی سیاسی و کولتووریی گەورەی لەگەڵ خۆیدا هێنا. حیزب تەنیا چەند مانگ دوای دامەزرانی، پێکهاتنی کۆماری کوردستانی ڕاگەیاند. نەتەوەی کورد لەم بەشە لە نیشتمانەکەی بوو بە خاوەنی سەرۆککۆمار و کابینەی وەزیران و سوپای میللی پێک هات، زمانی کوردی بوو بە زمانی فەرمی و پەروەردە بەو زمانە لە قوتابخانەکان دەستی پێکرد. ڕۆژنامەنووسیی کوردی بووژانەوەیەکی بێوێنەی لەم بەشەی کوردستان بەخۆیەوە دیت و ڕێز لە مافەکانی کەمینە نەتەوەیی، ئایینی و زمانییەکان گیرا.

یەکێک لە دەستکەوتەکانی کۆماری کوردستان لەو سەردەمدا، گرنگیدانی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات و سەرۆکایەتیی کۆماری کوردستان بە توێژەکانی ژنان، خوێندکاران، لاوان و منداڵان بوو. ئەمە نیشانەی تێگەیشتنی بەرز و پێشکەوتوویی فیکریی ئەو ڕێبەرایەتییە بوو کە پێی وابوو پێشکەوتنی کۆمەڵ و بەدەستهێنانی مافە سیاسییەکان، بێ گەشەپێدانی کۆمەڵگەی مەدەنی سەرکەوتوو نابێت.

لە دوای زیاتر لە هەشت دەیە خەبات و تێکۆشان، حیزبی دێموکرات لەگەڵ ئەوەی تووشی هەوراز و نشێوی جۆراوجۆر بووە، ڕێبەرانی گەورە و لێوەشاوەی وەک قازی محەمەد، د. قاسملوو و د. شەرەفکەندی و هەزاران تێکۆشەری لێهاتووی لە مەیدانی خەباتدا شەهید بوون. خەباتکارانی ئەو حیزبە تووشی ئاوارەیی لە زێد و نیشتمانی خۆیان بوون، بەڵام ئەم حیزبە هەمیشە سیمبولی بەردەوامی، خۆڕاگری و شێلگیری بووە لەسەر ئامانجەکانی. لە بەرامبەر ئاڵەنگارییەکاندا بەچۆکدا نەهاتووە و ڕۆڵی پێشەنگانەی خۆی لە کایە سیاسی، فەرهەنگی و مەدەنییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و سەرجەم بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورددا پاراستووە.

یادکردنەوەی ٢٥ی گەلاوێژ دەکەینە دەرفەتێک بۆ گەڕانەوە بۆ بەها نیشتمانییەکان، بەسەرکردنەوەی ئەزموونی ڕابردوو و داڕشتنی نەخشەڕێگەی نوێ بۆ داهاتووی کوردستان؛ بەتایبەتی ئێستا کە کۆمەڵگەی کوردستان لە قۆناغی سیاسی و کۆمەڵایەتیی نوێدا دەژی و هیوا بۆ گەیشتن بە ئازادی زۆر نزیک بووەتەوە و بەهێزبوونی ئەگەری ڕووخانی ڕێژیمی ئێران ئاسۆیەکی گەشی خستووەتە بەردەم بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد.

لە کۆتاییدا، سەری ڕێز و کڕنۆش بۆ سەرجەم شەهیدانی ئەم ڕێگە و ڕێبازە دادەنەوێنین و سڵاو بۆ تێکۆشەرانی ماندوویی‌نەناسی دێموکرات دەنێرین و پەیمان نوێ دەکەینەوە کە تا دواهەناسە ڕێبواری ڕێگەی ئامانج و ئازادیی گەلین.

پیرۆز بێت ٨١ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

**ناوەندی ڕێکخراوە مەدەنییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان**
**گەلاوێژی ٢٧٢٦ی کوردی**

# حیزبی دێموکرات؛ سیمبولی خەبات دژی ستەمی نەتەوەیی و هەڵاواردنی کۆمەڵایەتی و سیاسی


هەردی سەلیمی

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەرەتای دامەزرانییەوە تا ئێستا، بەردەوام پرسی کۆمەڵایەتی بەشێک بووە لە خەمە سەرەکییەکانی. ئەم خەمخۆرییە ئەوکاتە بەڕوونی و بە شێوازێکی داڕێژراو و ڕێکخراوتر دەرکەوت کە حیزب لە سێیەمین کۆنفرانسی خۆیدا لە ساڵی ١٣٥٠ی هەتاوی (١٩٧١ی زایینی)، پەیڕەوێکی پەسەند کرد کە بۆ یەکەم جار لە مێژووی خۆیدا بە شێوازێکی دیاریکراو، و لە ڕێگەی خستنەڕووی ڕێگەچارە و هەڵوێستوەرگرتنەوە سەرنجی خستە سەر ئەم پرسە. دیارە پێشتر و لە کۆنگرەی دووەمی حیزبیشدا بەکورتی ئاماژە بەم بابەتە کرابوو، بەڵام وەک ئاماژەی پێ کرا، حەوت ساڵ دواتر و لە کۆنفرانسی سێیەمدا بووە ئەم پرسە بووە بابەتێکی جەوهەری.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لە کاتی پەسەندکردنی بەرنامە و پەیڕەوی خۆی لە ساڵی ١٣٥٠ەوە، بەرنامەکەی لەسەر دوو کۆڵەکەی سەرەکی دامەزراندووە کە بریتین لە: پرسی نەتەوەیی و پرسی کۆمەڵایەتی. لەو کاتەوە هەتا ئێستا بەرامبەر بە هیچ جۆرە هەڵاواردن و چەوسانەوەیەکی کۆمەڵایەتی بێدەنگ و بێهەڵوێست نەبووە؛ بەڵام بەردەوام لە ڕیزی پێشەوەی کار و بەرنامەکانی ئەم حیزبەدا، چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەیی کوردستان ڕەهەندی سەرەکی و لەپێشترینەکان بووە. لەبەر ئەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لەو بڕوایەدا بووە پرسی سەرەکی و جێی باس و مشتومڕ لە کۆمەڵگەی کوردستاندا، نەک پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، بەڵکوو خودی پرسی نەتەوەییە. هەر بۆیە دوای شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧یش کاتێک ڕێکخراو و حیزبە سیاسییە زۆرەکانی خاوەن ئاڕاستەی چەپی ڕادیکاڵ هاتنە ئاراوە و سەرجەم کێشە و ئاڵۆزییەکانیان لە چوارچێوەی هەڵاواردنە کۆمەڵایەتییەکاندا دەبینی و پێیان وابوو پرسی سەرەکی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا هەمان پرسە کۆمەڵایەتییەکانە؛ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی بە پشتبەستن بە بەرنامە ڕێکخراوەکەی خۆی -کە لە ڕۆژی یەکەمەوە چارەسەری پرسی نەتەوەیی لە بەرامبەر پرسی کۆمەڵایەتیدا بە لەپێشتر دەزانی- ڕێگەی نەدا حیزب لە چەقی ئەم گەردەلوول و تۆفانەدا بکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەو لاڕێچوونانە و بەرەو هەڵدێر بڕوات.

بەڵام سەبارەت بە پرسە کۆمەڵایەتییەکان، لەکاتێکدا ئەم حیزبە بە حیزبێکی مارکسیستی-لینینیستی ناناسرێ، بەڵام خەمخۆرییەکانی بۆ پرسە کۆمەڵایەتییەکان کەمتر لەو حیزبانە نەبووە کە پرسە کۆمەڵایەتییەکانیان وەک خەمی بنەڕەتیی خۆیان دەناساند. لە بەشی یەکەم و ماددەی یەکەمی پەیڕەوی پەسەندکراوی کۆنفرانسی سێیەمدا هاتووە کە: «ئێمە حیزبێکی پێشڕەوین»؛ بەکارهێنانی چەمکی "پێشڕەو" دەربڕی ئەو تیۆرییە لینینیستییەیە کە پێی وایە توێژێک لە خەڵک بە تێگەیشتنێکی دروستتر لە پرۆسەی مێژوویی، توانای ڕێبەرایەتیکردنی پرۆژە گرینگ و وەرچەرخانەکانیان هەیە. حیزبی دێموکرات هەروەها لە بەشی ئامانجە سەرەکی و گشتییەکاندا، جێگیرکردنی کۆمەڵگەیەکی دادپەروەرانەی سۆسیالیستیی کردووەتە هەوێنی تێڕوانینی خۆی بۆ پرسە کۆمەڵایەتییەکان.

سەبارەت بەوەی کە ئەم حیزبە سەر بە کام توێژی کۆمەڵگەیە، دیسانەوە لە بەرنامەکەیدا ڕوون کراوەتەوە و پێ لەسەر ئەوە داگیراوەتەوە کە ئەم حیزبە تایبەت نییە بە توێژێکی دیاریکراوی کۆمەڵگە، بەڵکوو سەرجەم توێژەکان لەوانە: کرێکاران، جووتیاران و ڕووناکبیرانی شۆڕشگێڕ لەخۆ دەگرێت. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە هەر یەک لە توێژ و جەمسەرەکانی کۆمەڵگە کە تووشی هەڵاواردن و چەوسانەوە بوونەتەوە، دەتوانن لە چوارچێوەی ئەم حیزبەدا خۆیان ببیننەوە و بەشداری لە چالاکیی سیاسیدا بکەن و بۆ دەستەبەرکردنی مافە پێشێلکراوەکانیان لە ڕیزی خەباتدا بن.

لە ئێستاشدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی، بە سەرنجدانی تایبەت بە پرسی ژینگە، کەمینە نەتەوەیی، ئایینی و مەزهەبییەکان و هەروەها کەمینە ڕەگەزی و جێندەرییەکان سەلماندوویەتی کە لەسەر پرسە کۆمەڵایەتییەکان خاوەن هەڵوێستی مافیمرۆڤی و دادپەروەریتەوەرە، و هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانی داواکارییە نوێیەکاندا خۆی لەگەڵیاندا گونجاندووە و خوێندنەوەی تایبەت بە خۆی لەم بارەیەوە خستووەتە ڕوو.

لە کۆتاییدا دەبێت بگوترێت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەمیشە هەوڵی داوە پرسی نەتەوەیی کۆمەڵگەی کوردستان چارەسەر بکات، بەڵام لە تەنیشت ئەم ئەرک و ئەولەوییەتەدا، بەردەوام هەوڵی داوە داکۆکی لە مافی سەرجەم توێژەکانی ئەم کۆمەڵگەیەش بکات و چەوسانەوە و هەڵاواردنە کۆمەڵایەتییەکان غافڵ نەبێت، هەروەها هەنگاو بە هەنگاو لەپێناو سڕینەوەی ستەم و چەوسانەوەی نەتەوەیی، کۆمەڵایەتی و سیاسیدا هەنگاوی ناوە. لەوانەیە ئەو دروشمەی کە دەڵێت «حیزبی دێموکرات، حیزبی دوێنێ ئەمڕۆ و سبەی کوردستانە»، لەم ڕاستییەوە سەرچاوە بگرێت کە لە ڕابردووەوە هەتا ئێستا بەرنامەیەکی ڕوونی بۆ سڕینەوەی ئەم جۆرە چەوسانەوە جیاواز و جۆراوجۆرانە هەبووە و لە داهاتووشدا لەسەر ئەم ڕێبازە لە خەباتی خۆی بەردەوام دەبێت.

مستەفا مەولوودی:

# ناچینە نێو شەڕێکەوە مافی کوردی تێدا مسۆگەر نەبێت



**ئاماژە: کاک مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزب لە ماوەی مانگی ڕابردوودا چ لە وێبینار و چ لە وتووێژە ڕۆژنامەوانی و تەلەڤیزیۆنییەکانیدا بەرەوڕووی کۆمەڵێک پرسیار کراوەتەوە کە سیاسەتی حیزبی دێموکرات لەهەمبەر ڕۆژەڤە سیاسییەکانی ئێران و کوردستاندا دەردەخەن. "کوردستان" هەوڵی داوە گرینگترین و هاوبەشترین پرسیارەکانی ئەم وتووێژانە لەگەڵ کاک مستەفا و وەڵامەکانی بەڕێزیان بۆ خوێنەرانی بگوازێتەوە:**

**بۆچی حیزبی دێموکرات نە پشتیوانیی لە هێرشەکانی ئەمریکا بۆ سەر ئێران کردووە و نە مەحکوومیشی کردووە؟**

ئەو پەلامار و هێرشانەی لە سێ دەوردا لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی کراونەتە سەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بە مەبەستی داگیرکردنی وڵاتی ئێران یان هێرش بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی خەڵک نەبووە. بەڵکوو هێرش بووە بۆ سەر ڕێژیمێک کە زیاتر لە چل و حەوت ساڵە وڵات و گەلانی ئێرانی بە بارمتەی سیاسەتەکانی گرتووە و زۆربەی ئیمکاناتی وڵاتی بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی خۆی و قەیرانخوڵقێنی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا تەرخان کردووە. بۆیە لەو سۆنگەیەوە، پەلامار بۆ سەر کۆماری ئیسلامی هێرش نییە بۆ سەر نەتەوەکانی ئەم وڵاتە، بەڵکوو شەڕە لەگەڵ ڕێژیمێک کە بەڵایەکی گەورەیە بۆ گیانی خەڵک و گرێی شێرپەنجەیە بۆ ناوچەکە، بۆیە پێویست ناکات کورد ئەو شەڕە مەحکووم بکات. دوایەش، ڕاستە ئەو شەڕە کە بەرپرسانی ئەمریکا دەڵێن بۆ گۆڕینی ڕەفتاری ڕێژیم و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکایە، زیانی زۆر قوورسی بە ڕێژیم گەیاندووە، خامنەیی و زۆر لە بەرپرسانی کوشتووە و خەساری لە ناوەندە سیاسی، نیزامی، ئەمنی و ئابوورییەکان داوە، ئەوەش دەتوانێت دەرفەت دروست بکات بۆ بەربەرەکانیی خەڵک؛ بەڵام بە ڕوونی دەرکەوتووە ئامانجی ئەمریکا بەرژەوەندیی گشتیی خەڵکی ئێران نییە. سەیر کەن لەو مەرجانەی ئەمریکا لە دەقی "لێکتێگەیشتن" بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕەکە دایناوە، ڕاشکاوانە هیچی بۆ خەڵکی ئێران تێدا نییە؛ تەنانەت ڕواڵەتییش باس لە ئازادکردنی بەندکراوانی سیاسی ناکات. نەتەوەکانی ئێران و بەتایبەت خەڵکی کوردستان و حیزبی دێموکرات کە واقعبینانە سیاسەت دەکەن، سروشتییە نەبنە بەشێک لە شەڕێک کە هیچ گەرەنتییەک بۆ دابینبوونی مافەکانیانی تێدا ناهوێنرێتەوە.

**پێوەندیدار بەوەی دەگوترێ قەرار بوو لە کوردستانەوە هێرشی وشکانی بکرێتە سەر ڕێژیم، بۆچی ئەو بڕیارە هەڵوەشا؟**

جارێ هەر لەجێدا ئەمریکا هیچ پلان و بەرنامەیەکی دیاریکراوی بۆ هێرشی وشکانی و چوونە نێو خاکی ئێران نەبوو و کاربەدەستانی ئەو وڵاتە ڕایانگەیاندووە کە سەربازەکانیان نانێرنە نێو خاکی ئێران. لەنێوان ئێمە و ئەمریکاشدا هیچ بەرنامەیەکی ئەوتۆ بۆ پلانێکی لەو چەشنە نەبووە. خۆ ئەگەر بڕیاریش با هێرشی وشکانی بکرێت، لە ڕووی سەربازییەوە کوردستان شوێنێکی گونجاو نییە بۆ دەستپێکردن بەم هۆکارانە:

پێش هەموو شتێک کوردستان زۆر دوورە لە پایتەخت و ئەگەر بڕیار هێرشکردنە سەر ئێران بێت، دەبێت هێرش بکرێتە سەر ناوەندە گرنگەکانی ئەم وڵاتە بەتایبەت تاران، کە تاران لە کوردستانەوە زۆر دوورە و گەیشتن بەوێ کات و تێچووی گیانی و ماڵیی زۆری دەوێت. دوایەش، شەڕی وشکانی پێداویستیی تایبەت بە خۆی دەوێت کە لە کوردستان ڕێگا، ئیمکانات و تەداروکاتی وا نییە. دوایەش لە کوردستان جیا لە بنکە و بارەگای هێزە سەرکوتکەرەکان (سوپا، ئەرتەش، ئیتڵاعات و بەسیج)، هیچ شوێنێکی وەها هەستیاری سیاسی، ئابووری و ئیداریی لێ نییە بە هێرشکردنە سەر و داگیرکردنی زەبری گورچووبڕ لە ڕێژیم بدرێت. لەوەش بترازێ بۆ سەرکەوتن لە شەڕدا شوێنی زۆر گرنگتر هەیە، وەک دوورگە ستراتیژییەکانی باشووری ئێران (دوڕگەکانی خارک، کیش، لاوان و هتد). بۆیە بەپێی ئاگاداریی من، هیچ پلانێک بۆ هێرش لە کوردستانەوە نەبووە و ئەوە تەنیا پروپاگەندەی میدیایی بوو کە بە زیانی کورد شکایەوە.

**بۆچی ئاڵترناتیڤێکی بەهێز بۆ کۆماری ئیسلامی دروست نابێت، چەشنی ئەوەی لە عێراق پێش ڕووخانی سەدام حوسێن پێکهات؟**

ئێران تایبەتمەندیی خۆی هەیە، بۆیە دروستکردنی ئاڵترناتیڤ ئاسان نییە. یەکەم، کۆکردنەوەی هەموو هێزە سیاسییەکان لەژێر چەتری هاوپەیمانییەکدا بۆ جێگیرکردنی سیستەمێکی فیدراڵی و دێموکراتیک ڕاستە زۆر پێویستە، بەڵام ئاسان نییە. دووهەم، ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە و خواستەکانیان جیاوازە؛ بۆ نموونە نەتەوەی فارس دەڵێن خوازیاری ئازادین، بەڵام کورد جیا لە ئێرانێکی ئازاد، مافە نەتەوەیی و سیاسییەکانی خۆشی دەوێت. سێهەم، خوێندنەوەی هێزەکان جیاوازە؛ لە دێموکرات و چەپەوە تا کۆماریخواز و پاشایەتیخواز، ئەستەمە لە هاوپەیمانییەکدا جێگەیان ببێتەوە. سەبارەت بە بەراوردکاری لەگەڵ عێراقیش؛ لە سەردەمی سەدامدا ئەمریکا سوور بوو لەسەر ڕووخاندنی بەعس و ڕاستەوخۆ هەموو هێزەکانی شیعە، سوونە و کوردی لەژێر فەرمانی خۆیدا کۆ کردەوە. بەڵام تا ئێستا ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا بەرنامە و پلانێکی ڕوونیان بۆ ئێرانی دوای کۆماری ئیسلامی نییە، بۆیە بە جیددی کار بۆ دروستکردنی ئاڵترناتیڤ ناکەن. بەڵام من لەگەڵ ئەو بۆچوونە نیم کە چونکە ئاڵترناتیڤ نییە ڕێژیم دەمێنێتەوە؛ بەپێچەوانەوە، لە دەرفەتی گونجاودا خەڵک توانای شۆڕشیان هەیە و بەبێ ئاڵترناتیڤی پێشوەختەش ڕێژیم دەڕووخێنن.

**بۆ لە "کۆنگرەی ئازادیی ئێران"دا بەشدارن و جیاوازیی ئەم کۆنگرەیە لەگەڵ ڕێککەوتنی "جۆرج‌تاون" چییە کە حیزبەکەتان دژی بوو؟**

دروشمی سەرەکیی حیزبی دێموکرات تێکۆشانە بۆ جێگیرکردنی سیستەمی فیدراڵی لە چوارچێوەی ئێرانێکی ئازاد و دێموکراتیکدا، و یەکێک لە ڕێگاکانیش دیالۆگ و قسەکردنە لەگەڵ ئێرانییەکان. هەر بەپێی ئەم سیاسەتە ئەندامانی حیزب بەشداریی کۆبوونەوەکانی کۆنگرەی ئازادیی ئێرانیان کردووە. ئەم کۆنگرەیە کەسایەتی، ئەکادیمی و چالاکانی نەتەوە جیاوازەکانی کۆکردۆتەوە بۆ دۆزینەوەی فۆرمۆڵی هاوکاری. کشانەوەی کاندیداکەی ئێمەش لە هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەریی سێ مانگیی کۆنگرەکە، لە ڕۆڵی حیزب کەم ناکاتەوە. دیارە حیزب ئەندامی فەرمیی کۆنگرەکە نییە، بەڵام بەشداربوونی کادرەکانمان لە بەرژەوەندیی گەیاندنی دەنگی بزووتنەوەی کوردستانە. سەبارەت بە جیاوازی لەگەڵ ڕێککەوتنەکەی جۆرج‌تاون؛ ئەم دووانە لە هەموو بارێکەوە جیاوازن. جۆرج‌تاون شای داهاتووی ئێرانی دیاری کردبوو و خۆی وەک ئاڵترناتیڤ دەناساند، بەڵام کۆنگرەی ئازادیی ئێران خۆی بە ئاڵترناتیڤ نازانێت و بابەتی شای داهاتووی تێدا نییە. لەبارەی پەیوەندیشمان لەگەڵ ڕێکخراوەکانی وەک موجاهیدینی خلق؛ حیزب خۆی بە نەیاری هیچ حیزبێکی ئێرانی نازانێت و لەگەڵ هەر لایەنێک هاوپەیمانی دەبەستێت کە بڕوای بە گۆڕینی ڕێژیم و دابینبوونی مافی نەتەوەکان هەبێت و بەکردەوەش بۆی تێبکۆشێت.

**ئاستی داخوازییەکانی "پژاک" کە لەگەڵ ئێوە ئەندامی هاوپەیمانییە بۆ مافی شارۆمەندی دابەزیوە و ئەم لایەنە لەژێر کاریگەریی "کەجەکە" دایە. پێتان وانییە ئەم ئاستە نزمەی داخوازییەکان کارتی کوردی لەنێو لایەنە ئێرانییەکاندا لاواز کردبێت؟**

حیزبی دێموکرات دیالۆگ و هاوکاریی حیزبە کوردییەکان لەگەڵ یەکتری بە ڕەوا دەزانێت بەو مەرجەی دەست لە کاروباری یەکتر وەرنەدەن و دەستوەردان لە بەشەکانی دیکە نەبێت؛ چونکە هەر بەشێک تایبەتمەندیی سیاسی و حقووقیی خۆی هەیە. ئێمە دەزانین پژاک پەیوەندیی تۆکمەی لەگەڵ PKK هەیە و ئیلهامیان لێ وەردەگرێت، بەڵام زۆربەی ئەندامەکانیان کوڕ و کچی ڕۆژهەڵاتن. حیزبی دێموکرات هەمیشە هاوکاری و پێکهێنانی هاوپەیمانی لە نێوان هێزەکانی ڕۆژهەڵات بە پێویستی زانیوە و ڕۆڵی سەرەکی هەبووە لە دروستکردنی ناوەندی هاوکاری و ناوەندی دیالۆگ کە پاشان "ناوەندی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران"ی لێکەوتەوە. دەمەوێ بڵێم پژاک و حیزبی دێموکرات دوو حیزبی جیاوازن و بەبێ دەستوەردان لە کاروباری یەکتر، کار دەکەن. ڕۆژهەڵاتی کوردستان تایبەتمەندیی خۆی هەیە و سەردەمیش گۆڕاوە، بۆیە پێویستە حیزبەکان بە ئاگاییەوە سیاسەت بکەن.

**چۆنە هیچ پرۆژەیەکتان بۆ داهاتووی بەڕێوەبردنی کوردستان لە قۆناغی گواستنەوەدا نییە، چونکی هیچتان ڕانەگەیاندووە.**

وا نییە کە پرۆژەمان نەبێت؛ حیزبی دێموکرات ئەزموونی مێژوویی لە بەڕێوەبردنی کوردستاندا هەیە و چەندین جار بۆشایی دەسەڵاتی لە کوردستان پڕکردۆتەوە، وەک پێکهێنانی کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٣٢٤ و پێکهێنانی شوڕای شار و گوندەکان دوای شۆڕشی ١٣٥٧. حیزبی ئێمە زیاتر لە ٢٠ ساڵ لەمەوبەر لەگەڵ لایەنەکانی کۆمەڵە دانیشتووە و لە ساڵی ١٣٨١ی هەتاوی نووسراوەی لێکتێگەیشتنمان لەسەر ئەم بابەتە فۆرمولە کردووە. لە ئێستاشدا کە باسی گۆڕانی ڕێژیم گەرمە، لە ناوەندی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستاندا قسە لەسەر ئەوە کراوە کە چۆن بەیەکەوە کار بکەین بۆ پاراستنی ئاسایش و ژیانی هاونیشتمانیان، چۆن کەڵک لە ئیمکانات وەربگیرێت و چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ پاشماوەکانی ڕێژیم بڕوات. ئەم بابەتە بەرنامەڕێژیی بۆ کراوە و کارکردن لەسەری بەردەوامە.

**هەڵوێستتان چی دەبێت ئەگەر پاشایەتیخوازەکان لە ئێرانی داهاتوودا دەسەڵات بگرنە دەست؟**

کوردی ئێران ئەزموونی تاڵی لەگەڵ سیستەمی پاشایەتی هەبووە؛ لە سەردەمی ڕەزاخان بە پیلان سمایل ئاغای سمکۆیان شەهید کرد، و لە سەردەمی محەممەدڕەزا پەهلەویشدا هێرشیان کردە سەر کۆماری کوردستان و پێشەوا قازی محەممەدیان لەسێدارە دا. سەرەنجام خەڵکی ئێران بە شۆڕشی ١٣٥٧ کۆتاییان بەو سیستەمە هێنا. لە ڕاپۆرتی کۆنگرەی ٩ی حیزبیشدا بە ڕوونی سیستەمی پاشایەتی ڕەت کراوەتەوە و تێکۆشان بۆ کۆمارێکی دێموکراتیک کراوەتە ئامانج. دوایەش ڕەزا پەهلەوی کە هیچ دەسەڵاتێک و تەنانەت حیزبێکیشی نییە، لە بڵاوکراوەکانیدا بە هەمان ڕێچکەی باوکی و باپیریدا دەڕوات و بڕوای بە دەسەڵاتداریی ناوەندگەرا هەیە. بۆیە ئەم سیستەمە شانسی سەرکەوتنی نییە و کورد بە هیچ شێوەیەک یارمەتیی هێنانەوەسەرکاری سیستەمێک نادات کە ئەزموون کراوە و دژی مافەکانی بووە.

# شێرپەنجەیەک بە ناوی کۆماری ئیسلامی

## (لە فتوای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ی خومەینییەوە هەتا بەبارمتەگرتنی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست)



ناسر سالحیئەسڵ



لە سەد ساڵی مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتیی گەلانی ئێراندا، چ لە سەردەمی ڕێژیمی پەهلەویدا و چ لە سەردەمی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا، لە لایەک هەموو دەسەڵات و سەروەت و سامان لە دەست ڕێژیمگەلێکی سەرەڕۆ، دیکتاتۆریی تاکەکەسی، گرووپ و مەزهەبی شیعەگەریی ویلایەتی فەقیدا بووە، و لە لایەکی دیکەوە هەموو پێکهاتە نەتەوەیی، ئێتنیکی و ئایینزاییەکان لە هەموو مافە سیاسی، نەتەوەیی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکانیان بێبەش کراون. هەروەها ئەو سیستەمە ناوەندگەرا و پێکهاتە نادێموکراتیکەی تاران، هەمیشە بە دوور لە بەها کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتییەکان بووە و هیچ ترووسکەیەکی هیوایش بۆ چاکسازی و ڕیفۆرمێکی دێموکراتیک و گەلی لە وەها سیستەمێکدا نەبووە.

ئەو سیستەمە ناوەندگەرایە لە ئێرانی فرەنەتەوەدا، ئەگەرچی لە ڕوانگەی هێزی سەربازییەوە خۆی بە زلهێزێکی ناوچەیی دەزانێت کە خاوەنی چەکی کۆمەڵکوژ، جبەخانەیەکی مەترسیدار و هەزاران پادگان و شاری مووشەکی و هێزی جۆراوجۆری سەربازی و ئەمنییەتییە؛ بەڵام ئەو هێزە سەربازییەیان تەنیا بۆ پاراستن و مانەوەی دەسەڵاتداریی خۆیان بەکار هێناوە؛ بۆیە پەنایان بۆ هەموو ئامرازێکی سەرکوتکەری خوێناوی بردووە. هەروەها ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، سەرەڕای ئەو هەموو هێز و جبەخانەیە، چەند سوپا و میلیشیای کرێگرتەی بە تێچوو و سەروەت و سامانی گەلانی ئێران لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و جیهاندا پێک هێناوە، تا لە کاتی پێویستدا بۆ سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی خەڵکی ناڕازی و چەوساندنەوەی گەلانی ئێران کەڵکیان لێ وەربگرێت.

سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا، دەرفەتێکی باشی بۆ گەلانی ئازادیخواز و بە تایبەت بۆ نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ڕەخساند، تاکوو خەباتی خۆی لەپێناو دەستەبەرکردنی مافە سیاسی و نەتەوایەتییەکانیاندا بەئاشکرا و لە چوارچێوەیەکی مەدەنی و یاساییدا درێژە پێ بدات. بەم جۆرە بە ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی، خەباتی نەتەوایەتیی خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێی نایە قۆناغێکی نوێوە. بەڵام چونکە هەر لە سەرەتاوە خومەینی و هاوبیرانی باوەڕیان بە ئێرانێکی فرەنەتەوە و ئایینزای جۆراوجۆر نەبوو، هیچ هەنگاوێکیان بۆ چارەسەرکردنی پرسە سیاسی و نەتەوایەتییەکان هەڵنەگرت. بەڵکوو باس کردنیان لە مافە سەرەتاییەکانی گەلان بە پیلانی ئەمریکا و ڕۆژئاوا بۆ ڕووخاندنی دەسەڵاتەکەیان لەقەڵەم دەدا. خومەینی و هاوبیرانی بەرانبەر بە هەلومەرجی نوێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تووشی ترسێکی زۆر بوون و بە هەڕەشەیان دەزانی بۆ سەر دەسەڵاتی سەرەڕۆیان. چونکە لە لایەک خودئاگایی نەتەوەیی خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەخێرایی لە پەرەسەندندا بوو، و لە لایەکی دیکەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هۆی بوونی فەزایەکی سیاسیی کراوە، ببووە مەکۆ و پەناگەی تێکۆشانی ئەو حیزب و ڕێکخراوە سیاسییانەی گەلانی ئێران کە مەجالی تێکۆشانیان لە ناوچەکانی خۆیاندا نەبووە.

دەسەڵاتی تازە بەدەسەڵاتگەیشتووی خومەینی، ڕێگر بوو لەوەی لە بەشێک لە خاکی ئێراندا فەزایەکی ئازاد هەبێت و هەرێمی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ببێتە قیبلەنمای ئازادیخوازان. هەر بۆیە بە زووترین کات هێزە چەکدارەکانی لە کۆمیتەچی، پاسدار و ئەرتەش ڕەوانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد تا هەم ئەم فەزا ئازادە لە ناو ببەن و هەم ئاستی خودئاگایی نەتەوەیی کورد بە گرتن، زیندان و ئیعدام کەم بکەنەوە. پیلانەکانی شەڕی نەورۆزی خوێناویی شاری سنە، شەڕی نەتەوەیی لە شاری نەغەدە بە دەستووری مەلا حەسەنی (نوێنەری خومەینی لە پارێزگای ورمێ)، شەڕی شاری پاوە لە پارێزگای کرماشان، کوشتن و ئیعدامی بەکۆمەڵی خەڵکی مەدەنی، هاندانی دەرەبەگەکان بە دژی خەڵکی زەحمەتکێش و کۆڕەوی مێژوویی خەڵکی شاری مەریوان، سەرەتای هێرش و دەستپێکی فەتوا بۆ سەر خەڵکی کوردستانی ئێران بوون.

لەگەڵ پاوانکردنی دەستکەوتەکانی شۆڕشی گەلانی ئێران لە لایەن مەلایانی پەیڕەوی خەتی خومەینی و گۆڕینی چەمکەکە بۆ "شۆڕشی ئیسلامی" و دامەزراندنی باڵی سەربازیی سپای پاسداران، بە هەزاران کەس لە ئازادیخوازان دەستبەسەر، زیندانی و ئیعدام کران یان تووشی ئاوارەیی بوون. هەروەها ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، هەموو ڕێکخراوە ڕەسەن، سەربەخۆ و دێموکراتەکانی گەلانی ئێرانی هەڵوەشاوە ڕاگەیاند؛ و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی بە ڕەسمی قەدەغە کرد.

ڕێژیم پاش ٣٧ ڕۆژ لە تەمەنی، بە هەڵگیرسانی شەڕی نەورۆزی خوێناوی لە شاری سنە (١٣٥٨ی هەتاوی) و هەروەها لە مانگی گەلاوێژی هەمان ساڵدا بە پیلانی بڕێک لە دیارترین ڕێبەرانی، وەک پاسدار مستەفا چەمران و سەید شیرازی، شەڕێکی خوێناوی لە شاری پاوە ساز کرد. پاسدارە چەکدارەکان ژمارەیەک لە خەڵکی سڤیلی پاوەیان کوشت. هەر بۆیە خەڵکی شاری پاوە بە دژی چەکدارانی سپای پاسداران ڕاپەڕین و بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین لە "قۆری قەڵا"ی نزیک پاوە مانیان گرت. خومەینی دوایە لە ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاویدا، حوکمی فتوای جیهادی بە دژی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕاگەیاند. لە بەشێکی فەتواکەیدا دژی نەتەوەی کورد هاتووە: "هۆشدار دەدەمە ئەرتەش، ژاندارمەری و پاسداران، ئەگەر بە تۆپ و تانک و هێزی ئامادەکراوەوە تا ٢٤ کاتژمێری دیکە بەرەو کوردستان وەڕێ نەکەون، هەموویان بە بەرپرس دەزانم".

لەو ڕۆژەدا، خومەینی بە ناوی ڕێبەری شۆڕشی ئیسلامییەوە، بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو و بە دوور لە هەموو عورف و پرەنسیپێکی ئایینی و نێونەتەوەیی، فەرمانی جیهادی دژی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبی دێموکرات ڕاگەیاند. ئەودەستووری دا بە هێزەکانی ئەرتەش، پاسداران و هێزی ئاسمانی، هێرش بکرێتە سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەژێر ناوی "دژە شۆڕش" خەڵک کۆمەڵکوژ بکەن. خومەینی بۆ جێبەجێکردنی فەتواکەی چەندین مۆرەی وەک مستەفا چەمران (وەزیری بەرگریی ئەوکات)، سەییادی شیرازی (فەرماندەی ئەرتەش)، مەلا حەسەنی و خاڵخاڵیی جینایتکار (کە بڕیاری ئیعدامی دەیان ڕۆڵەی کوردی لە بێدادگاکاندا دەرکردبوو) وەک بەرپرسی جێبەجێکردنی فەرمانەکە دیاری کرد.

بەمجۆرە شەڕێکی خوێناویی بەربڵاو بەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا سەپا کە هەتا ئێستاش بە شێوەی جیاواز درێژەی هەیە. بیانووی خومەینی و داروودەستەکەی، لە واقیعدا بۆ سەرکوت، خەفەقان، کوشتنی ئازادیخوازان، قەدەغەکردنی چالاکیی حیزبەکان و هێرشکردنە سەر نەتەوەکانی ئێران بە گشتی و نەتەوەی کورد بە تایبەتی بوو. چونکە نەتەوەی کورد تەنیا داوای مافە سیاسی و نەتەوایەتییەکانی خۆی دەکرد، بەڵام داواکارییە ڕەواکانی بە سەرکوتی خوێناوی و فەتوای جیهاد وەڵام درانەوە.

لە لایەکی دیکەوە ڕێژیمی سەرکوتکەر، بە دامەزراندنی دوو ئۆرگانی سەربازی و ئەمنییەتی بە ناوەکانی "سپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی" و "وەزارەتی ئیتلاعات"، دەستی کرد بە خەفەقانی نێوخۆیی و هەناردەکردنی شۆڕش بۆ وڵاتانی ئیسلامی لە ڕێگەی دروستکردنی گرووپی چەکدارەوە. بەمەش هەموو جومگە سەرەکییەکانی دەسەڵاتداری و کۆمەڵگەی قورغ کرد. دواتریش بە دامەزراندنی دەیان تاقم لە دەرەوەی سنوورەکان (وەک حیزبوڵڵای لوبنان، جیهادی ئیسلامی، سپای قودس، سپای بەدر و ...)، بە کردەوە دەستێوەردانی لە کاروباری وڵاتاندا دەکرد. هەر بۆیە لە ئێستادا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و وڵاتانی دێموکراتیک باش دەزانن کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بووەتە شێرپەنجەی سیستەمی نێودەوڵەتی و سەرچاوەیەک بۆ بەرهەمهێنانی توندڕەوی و سازکردنی شەڕی مەزهەبی و ئێتنیکی لە ناوچەکەدا.

لە وەها بارودۆخێکدا، داسەپاندنی شەڕێکی ناڕەوا بەسەر خەڵکی کورد لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨دا، چەند ئامانجێکی پاوانخوازانە و چەواشەکارانەی لەسەر ئاستی کوردستان و ئێران بەدوای خۆیدا هێنا:

یەکەم: بڕواداراني ویلایەتی فەقێ لە بنەڕەتدا هیچ باوەڕێکیان بە فرەنەتەوەیی و ئایینزایی لە ئێراندا نەبووە و نییە؛ هەروەها بڕوایان بە چارەسەرکردنی مافە سیاسییەکانی گەلی کورد نەبووە، بەڵکوو دەستەبەرکردنی ئەو مافانەیان بە هەڕەشە بۆ سەر بازنەی داخراوی دەسەڵاتی خۆیان زانیوە. بۆیە هەمیشە بە سەرکوت، گرتن، زیندان، ئیعدام و هێرشی سەربازی وەڵامی داوا ڕەواکانی کوردیان داوەتەوە.

دووهەم: ڕێژیم دەیویست بە پەلاماردانی سەربازی لە ژێر ناوی جیهاددا، دەنگی ئازادیخوازیی گەلی کورد بە بیانووی بەستراوەیی بە ڕۆژئاوا و "تەجزیەتەڵەبی" کپ بکاتەوە. بەمەش ڕەی گشتیی گەلانی ئێران و حیزبە ئێرانییەکان بەوە چەواشە بکات کە گوایا ڕۆژئاوا و کوردەکان پیلان بۆ هەڵوەشانەوەی ئێران دەگێڕن. ئەو تێڕوانینە چەواشەکارانەیە بۆ سەرکوتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا ئێستاش درێژەی هەیە؛ وەک دیدمان لە هاویشتنی مووشەک و درۆن بۆ سەر بنکە، بارەگا و کەمپی نیشتەجێبوونی بنەماڵە ئاوارەکان و حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بە بەردەوامی ئەنجام دەدرێت.

٤٨ ساڵ دوای ئەم ڕووداوە، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئەوە باش بزانێت کە لە ڕەوتی مێژووی سیاسیی خەباتی ڕەوای نەتەوەی کورددا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، خەڵک و ڕێبەرایەتیی جووڵانەوەکە سەلماندوویانە کە ئەگەرچی دوژمنان بە شانازییەوە باسی کوشتاری خەڵکی بێدیفاع و حوکمی جیهاد دەکەن و پێیان وایە بە سەرکوت و ئێعدام بە ئامانجەکانیان دەگەن، بەڵام ئەم پەلامارانە تۆزقاڵێک لە ورە و باوەڕی خەڵکی کورد بۆ گەیشتن بە مافە سیاسی و نەتەوایەتییەکانی و خۆری ئازادی و دێموکراسی کەم ناکاتەوە، بەڵکو زیاتر بەگوڕوتینتری دەکات.

# کۆڕیادی بەرزڕاگرتنی یادی ٨١ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکرات لە واشنگتۆن



ڕۆژی سیشەممە ٢٧ی گەلاوێژی ١٤٠٥، لە هۆڵی یانەی نەتەوەیی ڕۆژنامەنووسان لە واشینگتۆنی پایتەختی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کۆبوونەوەیەکی سیاسیی ئاستبەرز بە بۆنەی ٨١ ساڵەی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەڕێوە چوو. ئەو کۆبوونەوەیە بە بەشداریی بڕیاربەدەستان، توێژەرانی ئاسایشی ناوچەیی و سەرکردە سیاسییەکانی کورد گیرا.

تەوەرە جیاوازەکانی ئەم کۆبوونەوەیە بریتی بوون لە: فیدراڵیزم؛ وڵامی ڕاستەقینە بۆ فرەنەتەوەییبوونی ئێران. لە پەیامێکی ڤیدیۆییدا بۆ کۆبوونەوەکە، بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، جەختی لەسەر پێویستیی ئاوڕدانەوەی بەپەلە لە پرسی نەتەوەیی کردەوە و ڕایگەیاند کە چارەسەری ئەم پرسە ناکرێت بۆ دوای گۆڕینی دەسەڵات دوابخرێت. (دەقی وتاری سکرتێری گشتیی حیزب هەر لەم ژمارەیەی ڕۆژنامەدا بڵاو بۆتەوە.)

لە بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا، هەژار برینجی، نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئەمریکا، لە چوارچێوەی بابەتی "دیپلۆماسیی ڕاستەوخۆ و یەکیەتیی سەربازی-سیاسیی کورد" ئاماژەی بەوە دا کە ئامانجی سەرەکی، دروستکردنی کەناڵێکی پەیوەندیی بەردەوامە لە نێوان واشینگتۆن و هێزە سیاسییە ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تا دەنگی کورد بێ ناوبژیوان ببیسترێت.

هاوکات، لە پەیامی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییە کوردستانییەکاندا کە لەلایەن سەلاح بایەزیدی (نوێنەری حیزبی کۆمەڵە) خوێندرایەوە، جەخت لەسەر بونیادنانی یەکیەتیی سیاسیی کورد کرا بێ بەربەستبوونی جیاوازییە ئایدۆلۆژییەکان. هەروەها هێرشە مووشەکی و درۆنییە بکانی دەرەوەی سنوورەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بنکەکانی حیزبە کوردییەکان و کەمپەکانی پەنابەران بەتوندی سەرکۆنە کران.

لە پانێڵێکی تایبەتی شیکاریدا بە بەشداریی شارەزایانی دیاری ناوچەکە، چەند خاڵێکی ستراتیژی خرانە ڕوو:

**گۆڕانکاری لە ناوخۆوە دەست پێ دەکات؛** جەنگ ساگنیک، لێکۆڵەر و پسپۆڕی بواری ئەمنییەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان جەختی کردەوە کە گوشاری دەرەکی بە تەنیا تێر ناکات و ڕێکخستنی سیاسیی ناوخۆیی کلید و توخمی یەکلاکەرەوەی گۆڕانکارییە.

**ڕەهەندەکانی هێزی کورد؛** شوکریە برادۆست پسپۆڕی ژیئۆپۆلیتیک و ئەمنییەتی نێودەوڵەتی ئاماژەی بەوە دا کە هێزی کورد تەنیا لە چەکداریدا کورت نەبووەتەوە؛ بەڵکو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بایکۆتی هەڵبژاردنەکان و ڕێبەرایەتیکردنی شەپۆلی شۆڕشی «ژن، ژیان، ئازادی» نیشاندەری هێزی نەرم و کاریگەریی قووڵی کۆمەڵایەتیی کوردن.

**هۆشداریدان بە واشینگتۆن؛** د. دەیڤید ڕامسوێر، ڕاوێژکاری پێشووتری جێگری سەرۆکی ئەمریکا هۆشداریی دا کە پشتگوێخستنی کورد لەلایەن ڕۆژئاواوە هەڵەیەکی ستراتیژییە. ناوبراو گوتی: "بەبێ سیاسەتێکی ڕوون بەرامبەر کورد، واشینگتۆن لە ڕاگیرکردنی سەقامگیریدا شکست دەهێنێت."

# بەڕێوەچوونی ساڵیادی دامەزرانی حیزبی دێموکرات لە ئۆتریش



ڕۆژی شەممە ٢٤ی گەلاوێژی ١٤٠٥، کۆمیتەی ئۆتریشی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕێوڕەسمێکی بەبۆنەی پیرۆزکردنی ٨١ـەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکرات بەڕێوە برد. لەو کۆبوونەوەیەدا پەیامی کۆمیتەی ئۆتریشی حیزبی دێموکرات لەلایەن دوکتور جەزا ساڵحییەوە پێشکەش کرا؛ پاشان نوێنەرانی بەشێک لە ڕێکخراوە کوردستانییەکان کە بەشداری ڕێوڕەسمەکە بوون پەیامی پیرۆزباییان پێشکەش کرد کە بریتی بوون لە: کاک محەممەد شەریف بە نوێنەرایەتیی پارتی دێموکراتی کوردستان، کاک ئەویندار بە نوێنەرایەتیی پارتی دێموکراتی کوردستانی سووریە، کاک نزار بە نوێنەرایەتیی پارتی یەکیەتیی کوردستانی سووریە، کاک محەممەدئەمین بە نوێنەرایەتیی پارتی دێموکراتی پێشڤەڕۆی کوردی سووریە.

# دوای هەشتا و چەند ساڵ (٢)

## (لە پاشخانی جەماوەرییەوە هەتا فرەچەشنی لە خەباتدا – بەشی دووەم و کۆتایی)



ڕەزا دانشجوو

**بیرهێنانەوەیەک:**

لە بەشی یەکەمی ئەم وتارەدا بەکورتی باسمان لەو هۆکارانە کرد کە کاریگەرییان لەسەر پێکهێنانی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەبووە، پاشان بەکورتی چاومان خشاند بەسەر کۆمەڵێک ڕەوتی سیاسی یان بزووتنەوەی هاوچەرخ و تەنانەت ئەوانەی ساڵانێک دواتر لە حیزبی دێموکرات لە گۆڕەپانی سیاسیی ئێران و جیهاندا لەدایک بوون، بەڵام ئێستا بە هۆکاری جۆراوجۆر، یان زۆر لاواز و بێدەنگ بوون و بنکەی جەماوەرییان نەماوە یان بە تەواوی هەڵوەشاونەتەوە و تەنیا ناوەکانیان لە لاپەڕەکانی مێژوودا ماوەتەوە. وێڕای خستنەڕووی مێژووی ئەم حیزب و ڕێکخراوە سیاسییانە بەکورتی، ئەو حیزبانەمان لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەراورد کرد! ئێستا لە بەشی دووەمدا سەرەتا ئاوڕێک دەدەینەوە لە ڕەمز و ڕاز و نهێنی و هۆکارگەلی ئەم جیاوازییە و مانەوە و زیندوبوونی حیزبی دێموکرات، لە بەشی کۆتاییشدا بەکورتی تیشک دەخەینە سەر ئەو ئالەنگاری و بەربەستانەی لە دەیەی نۆیەمی ژیانی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا دەتوانن ڕووبەڕووی ئەم حیزبە ببنەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ماوەی زیاتر لە هەشت دەیە ژیان و ململانێی سیاسی لەگەڵ دوو دەسەڵاتی گەندەڵ و بێبەزەیی و جەنایەتکاردا، بەرەوڕووی ئاستەنگ و بەربەستی بێژمار بووەتەوە، ئەو ئاستەنگانەی کە وەک پێشتر بەجیا باسمان لێکرد، زۆرجار بوونەتە هۆکاری کۆتایی ژیانی سیاسیی حیزبێک و بزووتنەوەیەکی سیاسیی ئازادیخواز! بەڵام ئەو تایبەتمەندییە ناوازانە چین کە حیزبی دێموکرات لەو حیزبانە جیا دەکەنەوە و چی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لە دەیەی نۆیەمی بوونی خۆیدا وا بەهێز و بەتوانا هێشتووەتەوە؟ ڕەمز و نهێنیی ئەم مانەوە و زیندووبوونەوەیە چییە؟

### پێگە و پاشخانی جەماوەری

بێگومان ئەمە گرنگترین و بنچینەییترین تایبەتمەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە و هەیە. لە ڕاستیدا حیزبی دێموکرات وەڵامێکی ئەرێنی بوو بۆ داواکارییەکی ڕەوای کۆمەڵگەیەکی سەرکوتکراو و ماندوو و بێزار لە ستەم و بێبەشکردنی سیاسی-کۆمەڵایەتی. پێکهاتنی حیزبی دێموکرات دەرئەنجامی ساڵانێک پەراوێزخستن و هەڵاواردنی سیستماتیکی کوردستان لەلایەن ڕژێمی خۆسەپێنی پەهلەوییەوە بوو، درێژەی ئەم خەباتەش لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا دەگەڕێتەوە بۆ درێژەدان و تەنانەت پەرەپێدانی ئەم سیاسەتە نامرۆڤانەیە دژی کورد لە ڕۆژهەڵات.

بەپێچەوانەی دەزگای پڕوپاگەندەی ناڕاستی دوژمنانی گەلی کورد و زۆر ئیدیعای بێبنەمای نەیاران و ناحەزانی کورد، حیزبی دێموکرات و بەپێی هەموو بەڵگەکان هەموو کاتێک حیزبێکی سەربەخۆ هەمیشە و هەموو کات پشتبەستوو بە کۆمەڵگەی کوردستان بووە. هەر بۆیەش نە پشتتێکردنی یەکیەتیی سۆڤیەت توانی کۆتایی بە حیزبی دێموکرات بهێنێت و نە گۆڕانی هاوکێش ناوچەییەکان بچووکترین گۆڕانکاریی لە سیاسەتە سەربەخۆکانی حیزبی دێموکراتدا بەدوای خۆیدا هێناوە! هەر ئەم پێگە جەماوەرییە خەونی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی بە تەواوی شێواندووە و هەر ئەو داماوییەش وای کردووە بەرانبەر بە گەلی کورد هێندە دڕندانە و ستەمکارانە هەڵسوکەوت بکەن.

کێشەی کۆماری ئیسلامی بێگومان چەند هەزار پێشمەرگە و کادری حیزبی دێموکرات لە هەرێمی کوردستان یان چەند هەزار ئەندام و لایەنگری ئەم حیزبە لە دەرەوەی ئێران نییە، هۆی دەرد و ژانی بێبڕانەوەی ڕژێمی ئاخوندی پێگە و پێگەی جەماوەریی حیزبی دێموکراتە لە دڵی میلیۆنان کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەوە ئیرادەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتە وەک قەڵغانێکی مرۆیی و قەڵایەکی داگیرنەکراو حیزبی دێموکراتی پاراستووە و دەیپارێزێت.

### زاڵبوون بەسەر قەیرانەکاندا

لەسێدارەدان و شەهیدکردنی پێشەوای نەمر و هاوڕێیانی و گرتن و دەستبەسەرکردنی زۆرێک لە ئەندامانی دیاری حیزبی دێموکرات لە ماوەی کەمتر لە دوو ساڵ دوای دامەزرانی حیزبی دێموکرات و سەرکوتکردنی خوێناویی کۆماری کوردستان، دەکرا بە مانای کۆتاییهاتنی حیزبی دێموکراتی کوردستان بێت. هەروەک چۆن هەڵهاتنی پیشەوەری و کوشتن و دەستبەسەرکردنی سەرکردەکانی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان بوو بە کۆتایی ژیانی ئەو ڕێکخراوەیە! بەڵام بەپێچەوانەی فیرقەی ئازەربایجان، تەنیا چەند ساڵێکی خایاند تا حیزبی دێموکراتی کوردستان سەر هەڵبداتەوە و دووبارە لق و پۆپەکانی هەموو شوێنێک دابگرێتەوە. تیرۆرکردنی دوکتور قاسملوو کاریزمای گەورەی کورد و دوکتور شەرەفکەندی دوو سەرکردەی بلیمەتی حیزبی دێموکرات لە ماوەی تەنیا چەند ساڵ و یەکدابەدوو دەکرا کۆتایی هەموو شتێک بێت. خۆ ئەگەرچی لەدەستدانی ئەو کەسایەتییە گەورانە نەهامەتی و خەسارێکی گەورە بوو، بەڵام حیزبی دێموکرات سەرەڕای ئەو کۆستانە هەرگیز چۆکی دانەدا و لەسەرپێ بۆ درێژەدانی خەبات مایەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە مێژووی سیاسیی خۆیدا چەند جار بەهۆی ناکۆکیی نێوخۆییەوە تامی تاڵ و بەئازاری لەتبوون و دابڕانی چێشتووە. هەرچەند ئەو لێکترازان و دابڕانانە بەداخەوە خەسارێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی گەورە بۆ حیزبی دێموکرات بوون، بەڵام دواجار حیزبی دێموکرات توانیویەتی بە پشتیوانی و ئیرادەی گەل، ئەم قۆناغە مەترسیدارەش تێپەڕ بکات و جارێکی تر لەژێر ئاڵای پیرۆزی کوردستان و لۆگۆی پڕ لە شانازیی حیزبی دێموکرات و یادگاری پێشەوا و شەهیدانی کوردستاندا خۆی ڕێک بخاتەوە و یەکگرتوو بمێنێتەوە.

ئەمانە تەنیا بەشێک بوون لەو قەیران و کێشە بێژمارانەی بەدرێژایی ساڵان بەسەر حیزبی دێموکراتدا هاتوون. وەک کۆتاییی ئەم بەشە، لانیکەم پێویستە ئاماژەیەکی کورت بڕژێنینە سەر دەیان ڕێکەوتن و مامەڵەی پشتپەردەی داگیرکەرانی کوردستان دژ بە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە درێژایی تەواوی ساڵانی خەبات و بەرخۆداندا. لە کاتێکدا تەنانەت یەکێک لەم کێشە و بەربەست و ئاستەنگانەی لە سەرەوە ئاماژەیان پێکرا دەتوانێت بە مانای کۆتایی ژیانی حیزب و بزووتنەوەیەکی سیاسی بێت، حیزبی دێموکرات لە دەیەی نۆیەمی ژیانیدا ڕاوەستاوتر لە هەمیشە لە سەنگەری خەبات و بەرخۆداندایە.

### فرەچەشنی لە خەباتدا

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وەک هەر ڕێکخراوەیەکی پێشکەوتنخوازی دیکە، بناغەی خۆی لەسەر بنەمای دیالۆگ و لێکتێگەیشتن داناوە. دیالۆگ و وتوویژ تەنانەت لەگەڵ ئەوانەی جگە لە زمانی زەبر و گوڵلە لە هیچ زمانێکی تر تێناگەن؛ حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک باوەڕێکی بنەڕەتی بەو بنەمایە، هەمیشە هەوڵی داوە پێشەنگی دانیشتن، وتوویژ و لێکتێگەیشتن بێت. پێشەوای نەمر زۆری هەوڵ دا لە ڕێگەی ئاشتییانەوە پرسی کۆماری کوردستان لەگەڵ جەلادەکانی پەهلەویدا چارەسەر بکات. دوکتور قاسملوو سەرەڕای ئاگاداربوون لە سروشتی نامرۆڤانە و دژە ئازادیخوازانەی خومەینی، زۆر تێکۆشا لە دەرگای دیالۆگەوە پرسەکان چارەسەر بکات، تەنانەت چەند جار نامەی بۆ نووسی و لە کۆتاییشدا هەر بەهۆی ئەو باوەڕمەندییە قووڵەی بە ڕێگەی دیالۆگ و گفتوگۆ، لەسەر مێزی دانوستان لەلایەن تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامییەوە شەهید کرا! بەڵام سەرەڕای ئەم هەموو نەهامەتی و کارەساتە دڵتەزێنانە، حیزبی دێموکرات هیچ کات باوەڕمەندیی خۆی بە دیالۆگ، دانیشتن و دانوستان لەدەست نەداوە و دەرگای دیالۆگ و گفتوگۆی دانەخستووە. بەڵام ئەمە تەنیا ڕێگەچارە و ئەڵتەرناتیڤی حیزبی دێموکرات بۆ خەبات و بەرخۆدان نەبووە و نییە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەرگریی ڕەوا بە بەشێک لە سیاسەتی هەمیشەیی خۆی دەزانێت و هەمووکات ئامادەیە بۆ پەرچەکرداربڕین و بەرەنگاربوونەوەی هەر هێرشێکی داگیرکەران. ئەمەش بەو مانایەیە کە دیالۆگ و بەرگریی ڕەوا دوو بەشی جیانەکراوەی خەباتی حیزبی دێموکراتن.

ئەگەرچی حیزبی دێموکرات بەهۆی هەلومەرجی هەنووکەیی و بارودۆخی ناوچەیی و کۆمەڵێک هۆکاری نەخوازراوەوە بە شێوەیەکی کاتی خەباتی چەکداریی ڕاگرتووە، بەڵام هەمیشە بەپێی پێویست و لە چوارچێوەی بەرگریی ڕەوادا ئامادەی هەر چەشنە بەرخۆدان و بەرەنگاربوونەوەیەکە.

ڕۆژنامە، ڕاگەیاندن، ڕێکخراوە کۆمەڵایەتی-فەرهەنگییەکان یان خەباتی چەکداری! خەبات خەباتە، ڕەنگە مەیدانەکان جیاواز بن، بەڵام ئامانج و ڕێگە نەگۆڕاو و یەکێکە. ئەم توانایە بێوێنەیە بۆ مانۆڕکردن لە بوارە جیاجیاکاندا و گۆڕینی مەیدانی خەبات بەپێی بارودۆخ و پێشهاتەکان، یەکێک لە تایبەتمەندییە ناوازەکانی حیزبی دێموکرات بووە و هەیە. بێگومان ڕوونە کە ڕەنگە بەگوێرەی بارودۆخ، کات و شوێن و ئاراستەی ڕووداوەکان، قورسایی و گرنگییان بگۆڕدرێت! بەڵام گشتگیریی مەسەلەکە هەمیشە بەردەوامە. سەردەمێک بارگرانیی خەبات لەسەر شان و قۆڵی ماندوونەناسی پێشمەرگەکانی شاخ بوو، سەردەمێکی تر بەرهەمی قەڵەم و نووسین و سەردەمێکی تریش بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی-فەرهەنگی! زۆر کاتیش هەرسێکیان پێکەوە! چەک، قەڵەم و شەقام!

بە دڵنیاییەوە ئەم تایبەتمەندییە ناوازانە هێمای دینامیزم و زیندوویی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هیوا و ڕووناکیی ڕێگەی داهاتوون! بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وەک هەر بزووتنەوەیەکی سیاسیی دیکە، لە دەیەی نۆیەمی خۆیدا بەرەوڕووی تاقمێک ئالەنگاری و تەحەدای جدییە کە سەرنجدان و پشتگوێخستنیان دەتوانێت لێکەوتەی زۆر کارەساتباری بۆ حیزبی دێموکرات هەبێت.

### ئالەنگارییە دەرەکییەکان

ژیان لە جوغرافیای ناسەقامگیری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، بەبێ گوێدانە هەر فاکتەرێکی تر، خۆی لە خۆیدا ئالەنگارییەکی زۆر گەورەیە. جوغرافیایەک کە لانیکەم لە سەد ساڵی ڕابردوودا دەیان شەڕ و کودەتا و شۆڕشی بەخۆیەوە بینیوە، خۆی سەرچاوەی نائارامی و ناسەقامگیرییە. ئێستا کاتێک شتێکی بەنرخ بە ناوی نەوت و ژێرخان و سەرچاوەکانی وزە دێنە ئاراوە، زۆر ڕوونە کە دۆخەکە بەرەو کام ئاراستە دەڕوات. هەر ئاوڕدانەوەیەکی کورت لە ڕووداو و ئاڵۆزییەکانی سەد ساڵی ڕابردوو نیشان دەدات کە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەرگیز ڕەنگی ئاشتی و تەبایی نەبینیوە. ئێرە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە! جبەخانەیەک پڕ لە بارووت، چاوەڕێی پریشک و بروسکێک! بە دڵنیاییەوە چالاکیی سیاسی لە جوغرافیایەکی ئاوا نائارام، گرژ، پشێو و پڕ لە مەترسیدا زۆر سەخت و چەتوونە و پڕە لە ڕووداوی نەخوازراو.

بەڵام ئەمە تەنیا بەشێکی بچووکە لە چیرۆکی ئەم ناوچە نائارامە. ڕاستییەکی تاڵ و حاشاهەڵنەگر ئەوەیە کە داگیرکەرانی کوردستان و دەسەڵاتە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکە، ئەگەر لەسەر هەموو شتێک ناکۆک بن، هەمیشە لەسەر یەک شت ڕێککەوتوون و هیچ جیاوازییەک لە نێوانیاندا نابیندرێت، ئەویش سەرکوتکردن، شەڕ و دژایەتیکردنی کورد و کوردستانە! هاوپەیمانیی نامرۆڤانەی داگیرکەران، بەبێ گوێدانە ئەوەی کە کێ دەسەڵاتدارە لەو وڵاتانەدا، هەمیشە بە هەموو هێزەکانیانەوە دژی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد بوون، تەنانەت کاتێک ئەم بزووتنەوەیە لە پارچەیەکی داگیرکراوی تری کوردستاندا بووبێت!

بە دڵنیاییەوە خەبات لە جوغرافیایەکی ئاوادا پێویستی بە وریاییەکی زۆر هەیە ڕوونە کە هەموو شتێک لەم ناوچەیەدا ملکەچی گۆڕانکاری و ڕووداوی جۆراوجۆرە و ئەمەش بەو مانایەیە کە بڕیارە سیاسییەکانیش بەپێی ئەو گۆڕانکارییانەی ڕوویان داوە، بەتەواوی دەگۆڕدرێن! ڕەنگە چەمکی دوژمن لە ڕاستیدا نەگۆڕ و هەمیشەیی بێت، بەڵام بێگومان دۆستایەتی و هاوپەیمانیی کاتی ملکەچی زەمان و بارودۆخ و ئاراستەی ڕووداوەکانن.

لە لایەکی دیکەوە، ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم دواییەی ئیسرائیل و ئەمریکا لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا لە یەک ساڵی ڕابردوودا دەکرێت بە خاڵی وەرچەرخان لە پێشهاتەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دابندرێت! ئێستا بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست نائارامتر لە هەمیشە و لە لوتکەی ناڕوونی و ناسەقامگیریدایە! شەڕ، ئاشتی و ڕەنگە داهاتووی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە موویەک بەستراوەتەوە! هەڵوێست و ئاراستەی ڕووداوەکانی داهاتوو دەتوانێت سەرچاوەی گۆڕانکاری لە زۆرێک لە هاوکێشە ناوچەییەکان و تەنانەت جیهانیشدا بێت. تێگەیشتن لەم بارودۆخە ئاڵۆزە و هەبوونی نەخشەڕێگەیەکی گشتگیر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەموو ئەگەرەکان، پێویستییەکی بنەڕەتی و جەوهەرییە!

### ئالەنگاریی نێوخۆیی ڕێکخراوەیی

بەدەر لە چیرۆکی دابڕان و وانەکانی کە پێشتر باس کرا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەبەردەم ئالەنگارییەکی ڕێکخراوەیی نێوخۆیی زۆر گرنگتردایە. ئالەنگارییەک هەرچەند ئاماژەیەکە بۆ دینامیزم و زیندوویی کۆمەڵێکی هەشتا و یەک ساڵە، بەڵام لە هەمان کاتدا نەناسین و پشتگوێخستنی دەتوانێت خاڵی لاوازی سەرەکی و هۆکاری لێکتێنەگەیشتن و لێکترازان لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بێت: جیاوازیی نەوەکان!

حیزبێک پێکهاتوو لە چەندین نەسڵ و نەوەی جیاواز! کەسانێک کە مێژووی خەبات و تێکۆشانیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ڕێژیمی پەهلەوی! ئەوانەی ساڵانێک لە سەنگەری پێشمەرگایەتیدا شەڕی کۆماری ئیسلامییان کردووە، و نەوەیەک کە ئێستا بانگەشەی پێشەنگایەتی دەکەن؛ گەنجانێکی بوێر و نەترس چ لە شەقام و چ لە شاخ! بە دڵنیاییەوە مرۆڤ ناتوانێت بە هەمان زمان و دەستەواژە کە هاوسەنگەر و هاوخەباتی سەردەمی دوکتور قاسملوو دەیزانێت و لێی تێدەگات، لەگەڵ کەسێکدا کە تەنانەت لەدوای شەهیدبوونی دوکتور قاسملووش لەدایک بووە قسە و ڕاوێژ بکات!

ئامراز و میدیای هەرکام لەم کەسانە جیاوازن و هەندێک جار دژ بە یەکترن! شیکارییەکی زانستی بۆ ناسین و پێناسەکردنی جیاوازییەکان و ئامراز و شێوەی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ هەریەک لەم نەوانەدا دەتوانێت ڕێگەخۆشکەری داهاتوو بێت. وەک ئاماژەی پێ کرا، ئەم فرەچەشنییە نیشانەی دینامیزم و زیندوویی حیزبی دێموکراتە، بەڵام لە هەمان کاتدا دەتوانێت ببێتە مایەی ناکۆکی و لێکتێنەگەیشتن! دۆزینەوەی زمانێکی هاوبەش دەتوانێت سەرەتای ئەم لێکتێگەیشتن و لێکنزیکبوونەوەیە بێت.

ئەو نەمامەی پێشەوای شەهید هەشتاد و یەک ساڵ لەمەوبەر چاندیی و بە خوێنی پاکی خۆی و هاوەڵانی ئاوی دا، ئێستا و بە یارمەتی و گیانبەختکردنی هەزاران شەهید لە درێژایی تەواوی ساڵانی خەبات و بەرخۆداندا، ڕەگ و ڕیشەی بە پانتایی تەواوی ئەم جوغرافیایەدا وەها بڵاو کردووەتەوە کە ئیتر بیر و تەوری هیچ داگیرکەرێک زەفەری پێ نابات. درەختێکی پان و بەرین بە لق و پۆپی بێژمارەوە کە دەیان زستانی سارد و سەخت و دەیان هاوینی وشک و بێئاوی تێپەڕاندووە و ئێستا وەک مامۆستایەکی بەئەزموون دەزانێت چۆن دەتوانێت ئاستەنگ و بەربەستەکان تێپەڕ بکات. ئیتر نە لە هێرشی ڕەشەبا و تۆفان و نە لە تووڕەیی لەناکاوی ئاسمان و لافاو دەترسێت، نە لە وەرینی چەند لق و پۆپێکی لاواز و تەسلیمبوونی چارەنووس. ئەم ڕەگ و ڕیشەیە و ئەم لقانە ساڵانێکە فێر بوون چۆن بوەستن، چۆن بەرەنگاری هەر ڕەشابییەک ببنەوە، چۆن هەستنەوە و چۆن کۆڵ نەدەن! تا ئەو ڕۆژەی ڕۆڵە قارەمانەکانی کوردستان، کیژان و کوڕانی ئازادیخواز، نەوەکانی پێشەوای شەهید لە ئاگری هەتا دالاهۆ، ئاڵای کوردستان بە دەستێک و دەسماڵی چۆپی لە دەستێکی تر، لە دەوری ئەم درەختە پان و بەرینە ڕەشبەڵەک دەگرن و سروودی "ئەی ڕەقیب" دەخوێننەوە!

ئەی ڕەقیب ...



## د. قادر وریا:

# دێموکراسیی زۆرایەتی ناتوانێت لە وڵاتێکی وەک ئێراندا وەڵامدەر بێت

**دیمانە: شەهرام سوبحانی**

**ئاماژە: "کوردستان" لە ٨١ ساڵەی دامەزرانیدا هەڤپەیڤینێکی لەگەڵ د. قادر وریا، مامۆستای زانکۆ و ئەندامی پێشووی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات لە بارەی مێژووی خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات پێکهێناوە. لەو وتووێژەدا باس لە فەلسەفەی وجوودیی حیزبی دێموکرات، ئەزموون و دەسکەوتەکانی حیزب و کاریگەریی حیزبی دێموکرات لە بەرەوپێشچوونی وشیاریی سیاسی و نەتەوەیی کورد و ئاسۆی ڕوانینی حیزبی دێموکرات بۆ پێگەی کورد لە ئێرانی داهاتوودا کراوە.**

**فەلسەفەی وجودیی دامەزراندنی حیزبی دێموکرات لە ٢٥ی گەلاوێژدا چی بوو، و چۆن خەباتی کوردی لە قۆناغی نەریتییەوە بۆ خەباتی هاوچەرخی ڕێکخراو گواستەوە؟**

دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤(١٦ی ئاگۆستی ١٩٤٥)، ڕووداوێکی لەپڕ و لە نەکاو نەبوو، بەڵکوو لە درێژەی سێ ساڵ تێکۆشانی نەتەوەیی و فەرهەنگیی کۆمەڵەی ژێکاف لە لایەک و لە لایەکی دیکە لەژێر کاریگەریی پێکهاتنی زنجیرەیەک ئاڵوگۆڕی ناوچەیی و جیهانیدا بوو. واتە پێش ئەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێک بێت، ڕووناکبیران و نیشتمانپەروەری کورد لەم بەشەی کوردستان پێویستیی خەبات دژی بندەستی و بێ مافیی کوردیان هەست پێ کردبوو و ڕێکخستنی نهێنیی تایبەت بە خۆیان پێک هێنابوو. لاوازبوونی دەوڵەتی ناوەندی و بوونی هێزی وڵاتانی هاوپەیمان لەنێو ئێرانیشدا، ڕێخۆشکەر بوو بۆ گەشانەوەی جووڵانەوەی دێموکراتیک لە ئێراندا. لە کوردستانیش سێ ساڵ خەباتی کۆمەڵەی ژێکاف، وشیاری نەتەوەیی بەرەوژوور بردبوو، بۆیە کاتێک ئاڵمانی نازی تێک شکا و شەڕی دووهەمی جیهانی کۆتایی هات، هیوا بە گۆڕانی سیاسی و وەدیهاتنی ویست و ئاواتە لەمێژینە و سەرکوتکراوەکان، لە ناوچە و کوردستان وەها گەشەی کردبوو کە دەبوایە حیزبێکی نوێ بە بەرنامە و قەوارەیەکی سەردەمیانە دابمەزرێ، حیزبێک کە بتوانێ نوێنەرایەتیی نەتەوەی کورد لەم بەشە بکات و چین و توێژە جۆراوجۆرەکان لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە. بەم جۆرە دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، وەڵامدانەوە بە پێویستییەکی مێژوویی بوو. ئەم پێویستییە مێژووییە، بریتی بوو لە دامەزراندنی ڕێکخراوێکی مودێرن بە دنیابینییەکی نوێوە، بە ناوەرۆکێکی نەتەوەیی و پێشکەوتنخوازانە، بە ئامانجی کۆتاییهێنان بە تواندنەوە و سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی و جێگیرکردنی دەوڵەت و دەسەڵاتێکی نەتەوەیی لەم بەشەی کوردستاندا. دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، هاوکات بە خاوەنکردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی لە لایەن ڕێکخراوی سیاسی و دەرهێنانی ڕێبەریی جووڵانەوە لە دەست سەرۆک عەشیرەت و شێخ و تاکەکەس بوو، بە جۆرێک کە بە نەمانی کەسی یەکەم، جووڵانەوە کۆتایی پێ نەیەت و درێژەی هەبێت.

**حیزب بە چ ئامرازێک توانی وشیاریی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بیووژێنێتەوە و داواکاریی نەتەوەیی بکاتە بیروباوەڕێکی گشتگیر؟**

وەک باسم کرد سێ ساڵ کوردایەتی و تێکۆشانی سیاسیی تێکۆشەرانی کۆمەڵەی ژێکاف و پێوەندیگرتنیان بە مامۆستایانی ئایینی، شاعیران و پیاوە نەتەوەیی و نیشتمانپەروەر و خاوەن نفووزەکان، بە تایبەتی تێکۆشانی فەرهەنگیی ئەو کۆمەڵەیە لە ڕێگای بڵاوکردنەوەی گۆڤاری "نیشتمان" و نووسین و بەڕێوەبردنی شانۆی "دایکی نیشتمان"، هەتا ڕادەیەکی بەرچاو وشیاریی نەتەوەیی پێکهێنابوو. لەگەڵ پێکهاتنی حیزبی دێموکرات و دواتر دامەزرانی کۆماری کوردستان، لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە هەوڵ بۆ گشتگیرکردنی وشیاریی نەتەوەیی وپشتیوانی لە ویستی نەتەوەیی درا.

جێخستنی هێما نەتەوەییەکانی وەک ئاڵا و سروودی کوردستان، پێکهێنانی سپای میللی و هێزی پێشمەرگە، داهێنانی نەریتی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە شار و گوندەکان و وتاردان بۆ خەڵک لەم جۆرە ڕێورەسمانەدا، باوەشکردنەوە بۆ بارزانییەکان، ئەفسەرانی شۆڕشگێڕ کورد و ڕووناکبیرانی باشووری کوردستان و لە بەرامبەریشدا خزمەتی دڵسۆزانەی ئەوان بە کۆماری کوردستان لە بواری پێشمەرگایەتی و پەروەردەدا، بە ڕەسمی کردنی زمانی کوردی و کردنی بە زمانی یەکەم، گرنگیدان بە شاعیران و شێعر و ئەدەبیاتی کوردی، پەرەپێدانی چاپەمەنی و ڕۆژنامەنووسیی کوردی، بەڕێخستنی پەروەردە بە زمانی کوردی، وتاردان لە نوێژی هەینی بە زمانی کوردی و هاندانی خەڵک بۆ تەبایی و یەکگرتوویی و پشتیوانی لە پێشەوای سەرکۆمار و دەوڵەتی جمهوریی کوردستان، بووژاندنەوەی شانۆ، هەر کامیان بە نۆرەی خۆی کاریگەرییان لەسەر بەهێزکردنی گیانی کوردبوون و وشیاری نەتەوەیی دانیشتوانی کوردستان لەوکاتدا هەبووە. لە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستانیش، بەردەوامی حیزبی دێموکرات لەسەر خەباتەکەی و شێلگیربوونی لەسەر بارهێنانی ئەندامان و لایەنگران و کۆمەڵانی خەڵک بە بیری نەتەوەیی و پاراستنی شوناس و زمانی کوردی، ئەم ئاورگەی بە گەشاوەیی هێشتووەتەوە.

**ئەم ئەزموونە سیاسییە چ کاریگەرییەکی لەسەر ئیلهامبەخشین و ئاراستەکردنی خەباتی سیاسی لە پارچەکانی تری کوردستاندا هەبوو؟**

کورد یەک نەتەوەیە، بەڵام دابەش کراوە، هەر بۆیە شتێکی ئاسایی و چاوەڕوانکراوە کە بەشەکانی کوردستان کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەبێت. بەو هۆیەوە کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پێش لە بەشەکانی تری کوردستان توانی حیزبی کوردی و حکوومەتی نوێی کوردی دابمەزرێنێت، و لە بڕگەیەکدا بووە ڕووگەی نەتەوەی کورد لە بەشەکانی تریش، بەشێک لە دەسکەوتەکان و نەریتەکانی گواسترانەوە بۆ پارچەکانی تر. هەر بۆ نموونە، پێشمەرگە، ئاڵای کوردستان، سروودی نەتەوەیی، سنووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان بەزاند و بوون بە هێمایی نەتەوەیی. ئەزموونی پێشوازی و پشتیوانی لە کەسایەتییە سیاسییەکان، ڕووناکبیران و تێکۆشەرانی بەشەکانی دیکە -ئەو جار لە لایەن بەشەکانی ترەوە لە پێوەندی لەگەڵ خەباتکارانی ئاوارە و پەڕیوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا- خۆی نواندەوە. هەرچەند نموونەی تاڵ و چاوەڕواننەکراو و جێگای داخیش لەم بارەیەوە لە هێندێک بڕگەدا هەبووە، بەڵام ئەم نەریتە جوانەی سەردەمی کۆمار، لە کولتووری خەباتی نەتەوەیی کورددا بە خۆشییەوە هەر ماوەتەوە.

یەکێک لە گرنگترینی ئەو کاریگەرییانە، دروستبوونی حیزبێکی کوردی هاوناوی حیزبی دێموکرات بە ئامانج و ناوەرۆکێکی نەتەوەیی لە باشووری کوردستان، ساڵێک دوای دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانە. واتە ئەم قەناعەتە کە بزووتنەوەی کوردی دەبێت بە هۆی حیزبێکی نەتەوەیی و کوردی بەڕێوە بچێت، بە دوای دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ، بۆ باشووری کوردستانیش پەلی هاویشت. هەروەها بیری قۆستنەوەی دەرفەتە سیاسییەکان بۆ پێکهێنانی دەسەڵاتی کوردی و بەڕێوەبردنی ناوچەی ژێر دەسەڵاتی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بە گەڕانەوە بۆ سەر ئەزموونەکان و دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستان، لە بڕگەکانی دواتر چ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و چە لە بەشەکانی تردا دووپات بۆوە. بە تایبەتی بە فەرمیکردنی زمان و پەروەردە بە کوردی، ئازادیی چاپەمەنی، ڕێزگرتن و دابینکردنی مافە کولتوورییەکانی کەمایەتییە دینی و زمانی و نەتەوەییەکان، ڕێکخستنی لاوان و ژنان، گرنگیدان بە هونەر و ئەدەبیاتی کوردی... و هتد.

**لە گەرمەی ململانێی هێزە چەپەکان و لایەنگرانی سۆڤیەت، حیزبی دێموکرات چۆن توانی مۆدێلێکی نەتەوەیی پێشکەش بکات کە جیاواز بێت لە حیزبی توودە و ئازەربایجان؟**

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دۆخێکی زۆر هەستیاردا لەدایک بوو. لەو کاتدا، ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئێران کەوتبوونە ژێر سێبەری ململانێی زلهێزەکان (بریتانیا، سۆڤیەت و ئەمریکا) و شەپۆلی حیزبی توودە و بزووتنەوەی "فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان". حیزبی دێموکرات بۆ ئەوەی نەبێتە پاشکۆی ئەوان، توانی لە چەند خاڵی سەرەکیدا "مۆدێلێکی تایبەت بە خۆی" دابمەزرێنێت:

یەکەم، دەستنیشانکردنی پرسی نەتەوەیی وەک پرسی سەرەکیی خۆی. حیزبی دێموکرات بە دروستی پرسی سەرەکیی کۆمەڵ و نەتەوەکەی خۆی دەستنیشان کرد کە ئەویش پرسی نەتەوەیی بوو. کێشەی ئەو کاتی کۆمەڵی کوردستان، ململانێی نێوان چینەکانی کرێکار و سەرمایەدار نەبوو، تەنانەت کێشەی نێوان دەرەبەگ و جووتیاریش نەبوو. ئەوە بەو مانایە نییە کە چەوسانەوەی ڕەعیەت بە دەست دەرەبەگ لە کوردستاندا نەبوو. بەڵێ هەبوو، بەڵام کێشە سەرەکییەکە، بێبەشیی کورد لە سەرەتاییترین مافی نەتەوەیی، ملهوڕی و زۆرداریی دیکتاتۆریی پەهلەوی، تواندنەوەی زمان و ناسنامەکەی لە زمان و ناسنامەی نەتەوەیی سەردەستدا بوو. حیزب لەگەڵ ئەوەی یەکیەتیی سۆڤیەتی و حیزبی توودە و فیرقەی دێموکراتی وەک دۆستی خۆی دەدیت، بەڵام نەکەوتە داوی ئایدۆلۆژیای چەپی کلاسیک، و پێناسەکردنی کێشەی کوردستان وەک کێشەیەکی چینایەتی.

دووهەم، ڕەتکردنەوەی پاشکۆیەتیی ئازەربایجان و فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان. لەگەڵ ئەوەی کاربەدەستانی ئازەربایجانی سۆڤییەت وهەروەها بەڕێوەبەرانی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان، پێیان خۆش نەبوو کوردستان وەک قەوارەیەکی سیاسی و نەتەوەیی خۆی بسەلمێنێت و خاوەن حکوومەتی نەتەوەیی خۆی بێت (دەیانەویست بە لانی زۆرەوە یەکەیەکی خودموختار لە چوارچێوەی حکوومەتی میللیی ئازەربایجاندا بێت!) بەڵام پێشەوا قازی محەممەد و ڕێبەریی حیزبی دێموکرات، کۆماری کوردستانیان ڕاگەیاند. ئەوان بە پێکهێنانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بە ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان، ئەم پەیامەیان بە گوێی دۆست و دوژمن دادا، کە کوردستان و نەتەوەی کورد لە هاوکێشە سیاسییەکاندا، بوونێکی سەربەخۆ لە ئازەربایجانیان هەیە، ویستی سیاسی و نەتەوەیی تایبەت بە خۆیان هەیە، ڕێبەری و حیزب و حکوومەتی خۆیان هەیە. ئەگەرچی پێوەندیی کۆماری کوردستان بە یەکیەتیی سۆڤیەت، زیاتر لە ڕێگای کاربەدەستانی حیزبی کۆمونیست و کۆماری ئازەربایجانی سۆڤیەتەوە بوو، بەڵام ئەمە نەیتوانیبوو ببێتە هۆی کەم بایەخدانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆمار بە هاوپێوەندی لەگەڵ بەشەکانی تری کوردستان.

سێهەم، پاراستنی تایبەتمەندیی کۆمەڵایەتی و کولتووریی کوردستان. کوردستان، لە باری شارنشینی، ئابووری و بازرگانی نەگەیشتبووە ئاستی ئازەربایجانی ئەوکات. پێکهاتەی خێڵەکی و سیستەمی دەرەبەگایەتی لە کوردستان زۆر بەهێز بوو. لە باری کۆمەڵایەتی و کولتوورییەوە کوردستان هەلومەرجێکی جیاواز لە ئازەربایجانی هەبوو. ئەمانە وایان کردبوو حیزبی دێموکرات خۆی لە چەپرەوی و لەبەرامبەر یەکتردا ڕاگرتنی چین و توێژەکان بە دوور بگرێت و ببێتە بەرەیەک بۆ لێک کۆکردنەوە و یەکگرتوویی خەڵکەکەی.

چوارەم، جیاوازیی مۆدێلی حکوومەتی. کوردستان تەنانەت لە بنیاتنانی مۆدێلی حکوومەتییشدا لەگەڵ ئازەربایجان جیاواز بوو. ئەو حکوومەتەی لە کوردستان پێکهات، کۆمار (جمهوری) بوو، بەڵام ئەوەی لە تەورێز ڕاگەیەندرا، ناوی حکوومەتی میللی بوو، واتە ڕوون نەبوو چ جۆر سیستەمێکە. ئاشکرایە سیستەمی کۆماری دێموکراتیک ترە و خەڵک ڕۆڵی زیاتریان لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتییەکەیدا هەیە.

لە یەک وتەدا حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لە دەسپێکەوە، بە ژەکی نەتەوەیی و سەربەخۆیی سیاسی فرچکی گرت و نەبووە پاشکۆی هیچ هێزێکی دەرەکی و لاوەکی. ئەمەیە حیکمەتی پابەند مانەوەی بە پرسی نەتەوەیی و دەرنەچوون لە بەرژەوەندی نەتەوەکەی.



**لەگەڵ ئاڵۆزتربوونی هاوکێشەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و گوشارە دەرەکییەکان، پەیامی ٢٥ی گەلاوێژ بۆ کۆکردنەوەی لایەنە سیاسییەکان و بەهێزکردنی نێوماڵی کوردی چۆن دەتوانرێت بە کرداری پەیڕەو بکرێت؟**

جیاوازییەکی گەورە لە نێوان ئێستا و ئەو سەردەمەدا کە حیزبی دێموکراتی کوردستان دامەزرا، هەیە. هەر بۆ نموونە ئەوکات حیزبی دێموکرات حیزبی تاقانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو، بەڵام ئێستا چەندین حیزب و ڕێکخراوی سیاسی لە پیوەندی لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەن و تێکۆشانیان هەیە. دیارە شتێک کە هەروا لە جێگای خۆیەتی، ئەو ڕاستییەیە کە ئێستاش وەک ئەوکات نەتەوەی کورد لەو بەشەی کوردستان لە مافی دیاریکردنی چارەنووس و هەبوونی دەوڵەت و دەسەڵاتی نەتەوەییی تایبەت بە خۆی بێبەشە. ئێستاش دەوڵەت نەتەوەی ئێران، ئێلیتی ناوەندگەرا و تەنانەت زۆرینەی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان و بە ناو ڕۆشنبیرانی ئەو وڵاتە، ئامادە نین کورد و نەتەوە نافارسەکانی تری ئێران وەک نەتەوە و، کێشەکەیان وەک پرسی نەتەوەیی قبووڵ بکەن وهەروا خەیاڵی ڕاگرتنی ئەو دۆخەیان هەیە کە حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستان نزیکەی سەدەیەکە لە دژی خەبات دەکەن.

ئێمە ئێستا لە بڕگەیەک لەمێژووداین کە ناوچەکەمان و وڵاتی ئێران لە بەردەم گۆڕانی گەورەدان. ئەگەر ژیرانە و ئازایانە و بەرپرسانە نەجووڵێینەوە، لەوانەیە دەیان ساڵی تریش لە پەراوێزی ڕووداو و ئاڵوگۆڕەکاندا بمێنینەوە و هیچ بە هیچ نەکەین. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە حوکمی درێژترین مێژووی خەبات و زۆرترین ئەزموونی سیاسی، بە هۆی پێگەی یەکەم و بێ وێنەی لە نێو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، دەبێ و لێی چاوەڕوان دەکرێت ڕۆڵێکی پێشەنگانەی لە دروستکردنی زۆرترین یەکێتی و یەکگرتوویی نێوان هیزە سیاسییەکاندا هەبێت. پێویستە چ وەک خۆی و چ لە چوارچێوەی هاوپەیمانیی سیاسیی حیزبەکانی ئەو بەشەی کوردستاندا، جێ پەنجەی بەسەر ڕووداوەکانەوە دیار بێت. پەیامی ٢٥ی گەلاوێژ، لە ئێستاشدا وەک ٨١ ساڵ لەمەوبەرلە ئاستی نێوخۆیی(ڕۆژهەڵاتی کوردستان)دا دەبێ پێکهێنانی یەکیەتیی نەتەوەیی و لە ئاستی ئێراندا، دروستکردن و لە نوێ نووسینەوەی مێژووی پێکەوەبوون بە کۆتاییهێنان بە نەتەوەی سەردەست و بندەست، بە نەهێشتنی هەڵاواردنی زمانی، دینی و ڕەگەزی، و دوایی هێنان بە دیکتاتۆری و زۆرداری بێت.

**هەر لەو پێوەندییەدا و لە درێژەی پرسیاری پێشوو، لەگەڵ بێئومێدبوونی خەڵک لە ئۆپۆزیسیۆنی ناوەندگەرا و نەبوونی ئاسۆی دێموکراسی لە ئێراندا، ئایا دروشمی دێموکراسی بۆ ئێران هێشتا ستراتیژییەکی ڕیئالیستییە یان پێویستی بە پێداچوونەوەیە؟**

دێموکراسی، بە تایبەتی لە سەردەمی ئێستادا پێویستییەکی ژیانی سیاسی وکۆمەڵایەتی و پێکەوە ژیانە، هەروەک پێویستییەکی بنەڕەتیی ژیانی تاکەکەسییشە. وڵاتێکی وەک ئێران، با تاقم و گرووپ و کەسایەتیی ڕەگەزپەرست، کۆنەپارێز و ناوەندگەراشی تێدا بێت و چارەی دێموکراسیی ڕاستەقینەیان نەوێت، بەڵام لە سەردەمی ئێستادا وڵات و کۆمەڵ چ بۆ بڕیاردان لەسەر دەسەڵاتی سیاسی، چ بۆ دیاریکردنی دەستوور و ڕێوشوێنەکانی بەڕێوەبردنی وڵات و کۆمەڵ، هەروەها بۆ دابینبوونی مافە کەسییەکان ناتوانێت هەتا هەتایە دژی دیموکراسی بوەستێت و لێی بێبەش بێت. دیارە دیموکراسی لە هەر ناوچە و کۆمەڵێک ، پێویستە لەگەڵ سروشتی ئەوێ خۆی بگونجێنێت.

ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوە، فرە زمان، فرەئایین و فرەکولتوورە، هەر بۆیە دێموکراسییەکەشی دەبێ لە خزمەت بەڕەسمیناسینی ئەم جۆراوجۆریانەدا بێت و بیانپارێزێت. دەسەڵاتی سیاسی و دەستووری وڵات پێویستە ئاوێنەی ڕەنگدانەوەی ئەو سروشتە تایبەتانەی وڵاتەکە بن. ئەمەش بە دێموکراسیی ڕێککەوتن (توافقی)، دابین دەبێت. "دیموکراسیی زۆرایەتی" ناتوانێت لە وڵاتێکی وەک ئێران وەڵامدەر بێت، ئەگینا نەتەوەی سەردەست کە حەشیمەتەکەی لە نەتەوەکانی تری وڵات زیاترە، بە سوودوەرگرتن لە ئامرازی زۆرایەتی و دەنگی زۆرینە، فرەنەتەوەیی و فرەزمانی ڕەت دەکاتەوە، پێش بە دابینبوونی بنەمای خۆبەڕێوەبەری بۆ ئەو نەتەوانە دەگرێت، فرەزمانی و فرەئایین و فرەکولتووری لە بەرژەوەندی نەتەوە و زمان و ئایینی سەردەست، پێخوست دەکات. ئاکامێک کە دەمەوێ لەم قسانە وەری بگرم و وڵامی پرسیارەکەتی لە یەک ڕستەدا پێ بدەمەوە ئەوەیە ئێمەوە وەک بەشێک لە نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەتا ئەو کاتەی ئامانجمان چارەسەری پرسی نەتەوەییمان لە چوارچێوەی ئێراندایە، ناتوانین دیموکراسی بۆ ئێران، دابەشکردنی دەسەڵات لەنێوان نەتەوەی سەردەست و نەتەوەکانی تر و، پێکەوەژیانی دێموکراتیکمان نەوێت.

***

# خەباتی مەدەنی، بەرگریی چەکداری و پێوەندییان بە ڕووخاندنی ڕێژیمە سەرەڕۆکانەوە



د. کامران ئەمین‌ئاوە

**"لەو شوێنەی ئازادی نییە، ئەگەر دەنگدان بیتوانیبا شتێک بگۆڕێت، بە دڵنیاییەوە هەرگیز ڕێگەیان نەدەدا تۆ دەنگ بدەیت."**
**مارک تواین**

یەکێک لە بابەتە بنەڕەتییەکان لە تیۆری و کردەوەی بزووتنەوەی ئازادیخوازیدا، دیاریکردنی شێوازی گونجاوی خەبات لە بەرامبەر حکوومەتە سەرەڕۆکانە. مێژوو پێمان دەڵێ هیچ شێوەیەک لە خەبات، چ مەدەنی بێت و چ چەکداری، لەخۆیدا پیرۆز یان هەمیشە کارامە نییە. ئەوەی دیاریکەرە، بارودۆخی عەینی و زەینیی کۆمەڵگە، هاوسەنگیی هێزەکان، ئاستی ڕێکخستنی خەڵک، توانای سەرکوتکردنی حکوومەت و ئاستی ئامادەیی هێزە کۆمەڵایەتییەکانە.

بزووتنەوەی سیاسی کاتێک سەردەکەوێت کە شێوازی خەبات بە پشتبەستن بە هەست، ئاوات یان ئاراستە ئایدیۆلۆژییەکان هەڵنەبژێردرێت، بەڵکوو لەسەر بنەمای شیکردنەوەیەکی ڕاستبینانەی بارودۆخی هەنووکەیی بێت. بێ ڕەها پێناسەکردنی هەر چەشنە شێوازێک، چ جەختکردنەوە لەسەر خەباتی مەدەنی و چ پێداگری لەسەر خەباتی چەکداری، دەتوانێت بزووتنەوەکە تووشی بنبەست بکات.

لە زۆر کۆمەڵگەدا، خەباتی مەدەنی بە یەکەم و بەربڵاوترین شێوەی بەرگریی کۆمەڵایەتی دادەنرێت. مانگرتنی گشتی، نارەزایەتییەکانی سەر شەقام، نافەرمانیی مەدەنی، چالاکییە پیشەیی، میدیایی، کولتووری و سیاسییەکان، هەموو ئامرازگەلێکن کە دەتوانن ڕەوایی حکوومەت لاواز بکەن و کۆمەڵگە بۆ گۆڕان ئامادە بکەن.

بەڵام سەرکەوتنی خەباتی مەدەنییش پێویستی بە مەرج و پێداویستییە سەرەتاییەکان هەیە. بوونی ئاستێکی کەم لە دێموکراسی بۆ ڕێکخستن، پێوەندیی نێوان هێزە کۆمەڵایەتییەکان، دروستبوونی متمانەی گشتی، ڕابەرایەتیی سیاسی، تۆڕەکانی ڕاگەیاندن و بەشداریی چالاکانەی کۆمەڵگەی مەدەنی، لەو هۆکارانەن کە ئەم جۆرە خەباتە کاریگەر دەکەن. لەو حکوومەتانەدا کە هێشتا کەلێن و دەرفەتێکیان بۆ چالاکیی کۆمەڵایەتی تێدا ماوەتەوە، خەباتی مەدەنی دەتوانێت نرخی سەرکوتکردن بۆ حکوومەت بەرز بکاتەوە و بەستێنی تێپەڕین بۆ سیستمێکی دیموکراتیک دابین بکات.

سەرەڕای ئەوە، ئەزموونی زۆر وڵاتی جیهان و لەوانە ئێران نیشانی داوە هەموو حکوومەتە سەرەڕۆکان ئامادە نین گۆڕانکارییە ئاشتیخوازانەکان قبووڵ بکەن. هەندێک ڕێژیم بە پشتبەستن بە دامەزراوە ئەمنییەتی، سەربازی و دادوەرییەکان، هەر جۆرە ڕێکخستنێکی سەربەخۆ، نارەزایەتییەکی یاسایی، میدیایەکی ئازاد و چالاکییەکی سیاسی سەرکوت دەکەن و تەنانەت مافە سەرەتاییەکانی هاووڵاتییانیش بە فەرمی ناناسن. لەو بارودۆخانەدا، خەباتی مەدەنی ڕووبەڕووی سنوورداریەکی زۆر دەبێتەوە. ئەگەر حکوومەت هەر جۆرە نارەزایەتییەکی ئاشتیخوازانە بە توندوتیژی وەڵام بداتەوە، زۆرێک لە هێزە کۆمەڵایەتییەکان لەوانەیە بگەنە ئەو ئەنجامەی کە ئامرازە مەدەنییەکان بەتەنیا بۆ گۆڕینی بنەمای دەسەڵات بەس نین.

داخراوبوونی تەواوی فەزای سیاسی و نەبوونی دەرفەتی بەشداریی یاسایی، دەتوانێت بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆن بەرەو شێوازە توندوتیژەکانی بەرگری ڕابکێشێت. ئەمە وەسفکردنی دیاردەیەکە کە لە ئەزموونی مێژوویی وڵاتانی جۆراوجۆر بینراوە، نەک حوکمێکی گشتی دەربارەی ئەوەی چاکە یان خراپە. بەرگری و ڕاپەڕینی چەکداری زۆرجار لە کۆمەڵە هۆکارێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی و مێژوویی سەرچاوە دەگرێت، نەک تەنیا بەهۆی بڕیارێکی ئیرادەگەرایانەی گرووپێکی سیاسییەوە. بەشێک لە هۆکارگەلی گرینگ کە لە هەندێک وڵاتدا بەستێنی ئەم جۆرە گۆڕانکارییەیان پێکدەهێنێت، ئەمانەن:

* داخراویی تەواوی فەزای سیاسی و لابردنی هەموو ڕێگاکانی یاسایی بۆ گۆڕان.
* سەرکوتکردنی بەرفراوان و بەردەوامی نارەزایەتییە ئاشتیخوازانەکان.
* لەنێوچوونی متمانەی گشتی بە ئەگەری چاکسازیی بنەمای دەسەڵات.
* فراوانبوونی نارەزایەتییە ئابووری، کۆمەڵایەتی و نەتەوەیییەکان.
* دروستبوونی قەیرانی ڕەوایی حکوومەت.
* بەرزبوونەوەی ئاستی ڕێکخستنی ئۆپۆزسیۆن و سەرهەڵدانی ئەو هێزە سیاسییانەی خاوەن توانای کۆکردنەوەی جەماوەرن.

لەو جۆرە بارودۆخانەدا، لەوانەیە بەشێک لە کۆمەڵگە یان هەندێک هێزی دژبەر بگەنە ئەو کۆبەندییەی کە بەرگریی چەکداری یەکێکە لە هەڵبژاردە ئاراییەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ حکوومەت. لە زۆربەی بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکاندا، هێزی پێشەنگ ئەرکی ڕابەرایەتیی سیاسی، ڕێکخستن، فێرکردن و هاوئاهەنگی لەنێوان چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا بە ئەستۆ دەگرێت. بەڵام ئەم هێزانە تەنیا ئەوکات دەتوانن ڕۆڵێکی کاریگەر ببینن کە پێوەندییەکی ڕاستەقینە و بەردەوامیان لەگەڵ کۆمەڵگە هەبێت.

ئەگەر هێزی پێشەنگ بەبێ پشتگیریی کۆمەڵایەتی، بەبێ ناسینی وردی بارودۆخ و تەنیا لەسەر بنەمای ئیرادەگەرایی بچێتە قۆناغێک کە کۆمەڵگە هێشتا بۆی ئامادە نییە، ئەگەری شکستێکی سیاسی و ڕێکخراویی زیاد دەبێت. ئەم دۆخە نەک تەنیا دەبێتە هۆی لاوازبوونی هێزە دژبەرەکان، بەڵکو لەوەدەچێت ببێتە هۆی بەهێزبوونی کەشێکی ترس و بێهیوایی لە کۆمەڵگادا. بە پێچەوانە، ئەو ڕوانگەیەی کە تەنیا چاوەڕوانیی گۆڕانی خۆبەخۆ یان نەرمبوونی هەڵسوکەوتی حکوومەت دەکات، لەوەدەچێت ببێتە هۆی چەقبەستوویی بزووتنەوە و بەردەوامبوونی دۆخی هەنووکەیی. بۆیە پێویستە جەخت لەسەر دوورکەوتنەوە لە هەردوو زێدەڕۆیی- بێباکی لە کاری پڕمەترسی و بێجووڵەیی بکرێتەوە.

ئەزموونی مێژوویی نیشان دەدات کە گۆڕانکارییە بنەڕەتییەکان، بێ لەبەرچاوگرتنی شێوەی خەبات، پێویستیان بە کۆمەڵێک هۆکاری هاوکات هەیە:

* بەرزبوونی ئاستی ئاگاییی سیاسی لە کۆمەڵگەدا.
* ڕێکخستنی هێزە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان.
* پێکهاتنی متمانەی دوولایەنە لەنێوان خەڵک و هێزی ڕابەرایەتی.
* توانایی کۆکردنەوەی چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە.
* بوونی میدیا و تۆڕە کاریگەرەکانی پێوەندی.
* یەکگرتوویییەکی ڕێژەیی لەنێوان هێزە دژبەرەکان لەسەر ئامانجە هاوبەشەکانیان.
* لێکدانەوەی ڕاستبینانە لە هاوسەنگیی هێزەکان و بارودۆخی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی.

بێ بەدیهاتنی ئەم پێداویستییانە، تەنانەت بەرینترین نارەزایەتییەکان لەوانەیە نەگەن بە ئەنجامێکی جێگیر.

## ئێران و ئاڵنگارییەکانی تێپەڕین لە سەرەڕۆیی:
### (سنوورداریەکانی چاکسازی، هەڵبژاردن و ستراتیژییەکانی گۆڕانی سیاسی)

لەبارەی ئێرانەوە، بۆچوونی جیاواز دەربارەی چۆنیەتیی تێپەڕین لە سیستمی سیاسیی ئێستا هەیە. بەشێک لە هێزە سیاسییەکان تەنیا جەخت لەسەر پێویستیی تێپەڕینی ئاشتیخوازانە و پشتبەستوو بە شێوازە مەدەنییەکان دەکەنەوە؛ بەشێکی دیکەش پێیان وایە بەهۆی داخراویی ساختاری سیاسی، ڕادەی بەرزی سەرکوت و کۆبوونەوەی دەسەڵات لە دەست ئەو دامەزراوە ناهەڵبژێردراوانەی حکوومەتی ئێران، وێچوونی گۆڕانکاریی بنەڕەتی تەنیا لە ڕێگای ئاشتیخوازانەوە گەلێک ئەستەمە.

ئەم ناکۆکییە بەشێکە لە باس و بۆچوونێکی بەرفراوانتر دەربارەی شێوەی گۆڕانکاریی سیاسی لە سیستمە دەسەڵاتخوازەکاندا؛ باسێک کە نیشان دەدات نموونەیەکی تاک و پێشدیاریکراو بۆ تێپەڕبوون لە سەرەڕۆیی بوونی نییە و سەرکەوتنی هەر بزووتنەوەیەکی سیاسی بەستراوە بە کۆمەڵێک هۆکاری کۆمەڵایەتی، مێژوویی، ڕێکخراویی و سیاسی. هۆگرانی تێپەڕینی ئاشتیخوازانە، زۆرجار جەخت لەسەر ڕۆڵی کۆمەڵگەی مەدەنی، نارەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکان، نافەرمانیی مەدەنی و فشارە سیاسییەکان دەکەن. بەڵام لە هەڵسەنگاندنی توانایی و کاریگەریی ئەم شێوازانەدا، دەبێت پێش هەموو شتێک سەرنج بدرێتە پێکهاتەی ڕاستەقینەی دەسەڵات لە ئێراندا. لە کۆماری ئیسلامیدا، شوێنی ویلایەتی فەقیە، دەسەڵاتە فراوانەکانی دامەزراوە ئینتساب (داندراو)ییەکان ڕۆڵی شورای نیگەهبان بۆ دیاریکردنی سنووری ململانێی سیاسی و کاریگەریی دامەزراوە سەربازی- ئەمنییەتییەکان (بەتایبەتی سپای پاسداران) کۆسپی سەر گۆڕانکارییە بنەڕەتییەکان لە ڕێگە ئاساییە سیاسییەکانەوەن.

لەو جۆرە پێکهاتەیەدا، تەنانەت ئەو هێزانەش کە لە چوارچێوەی سیستمەکەدا چالاکن، لەوانە هەندێک کەسایەتیی چاکسازیخواز یان بەرپرسی پێشوو، ئەگەر لە هێڵە سوورە دیاریکراوەکان تێپەڕبن، ڕووبەڕووی بەرتەسکبوون، لابردنی سیاسی یان ڕەتکردنەوەی شایستەیی دەبنەوە. بۆیە ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە: ئایا میکانیزمە فەرمییەکانی ئێستا توانایی ڕاستەقینەیان هەیە بۆ چاکسازیی قووڵ و تێپەڕینی ئارام و پەیتاپەیتا، یان تەنیا یارمەتیدەرن بۆ بەرهەمهێنانەوەی سیستمی سیاسیی هەیی و ئارایی؟

هۆکارێکی گرینگ بۆ هەڵسەنگاندنی ئەگەری تێپەڕینی ئاشتیخوازانە، ئاستی بەرگەگرتنی پێکهاتەی دەسەڵاتە بەرامبەر بە نارەزایەتیی خەڵک و چالاکییە مەدەنییەکان. ئەزموونی چەند دەیەی ڕابردوو نیشانی داوە کە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە ئاشتیخوازەکان لە ئێران، لە قۆناغە جیاوازەکاندا، ڕووبەڕووی مامەڵەی ئەمنییەتی، گیرانی بەکۆمەڵ، دەرکردنی حوکمی قورس لەلایەن دادگا و سنووردارکردنی توندوتۆڵ بوونەتەوە.

بەردەوامبوونی سەرکوتی خەڵکی نارازی، هەڵکشانی ڕێژەی ئێعدامەکان، فشارخستنەسەر دژبەرانی سیاسی لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات، و بەکارهێنانی تۆمەتە ئەمنییەکان دژ بە ڕەخنەگران، لەو هۆکارانەن کە فەزای چالاکیی مەدەنییان سنووردار کردووە. لەو بارودۆخەدا، ئەم پرسیارە سەرهەڵدەدات کە: ئایا بەبێ گۆڕان لە پێکهاتەکانی دەسەڵات، ئیمکانی دابینکردنی مافە بنەڕەتییەکانی شارۆمەندان و دروستبوونی پرۆسەیەکی ڕاستەقینە بۆ چاکسازیی سیاسی لە ئێران هەیە؟

لە سیستمێکی دیموکراتیکدا، هەڵبژاردن یەکێکە لە گرنگترین ئامرازەکانی جێبەجێکردنی دەسەڵاتی خەڵک، بەشداریی سیاسی و گواستنەوەی ئاشتییانەی دەسەڵات. بەدیهاتنی ئەم ڕۆڵە پێویستی بە بارودۆخێک وەک ململانێی ئازاد، دەرفەتی یەکسان بۆ بەشداریی بەربژێران، ئازادیی هەڵبژاردن و چاودێریی سەربەخۆ لەسەر پرۆسەکە هەیە. بەڵام لە نەبوونی ئەم پێشمەرجانە، هەڵبژاردن لە جیاتی ئەوەی ئامرازی دەربڕینی خواستی گشتی بێت، دەبێتە ئامرازێک بۆ جێگیرکردنی پێکهاتەی دەسەڵات.

لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، «چاودێریی ئیستسوابی»ی شورایی نیگەهبان هۆکارێکی گرینگ بۆ پێشگیریی لە هەڵبژاردنێکی ئازادە. ئەم دامەزراوەیە بە هەبوونی مافی پشتڕاستکردنەوە یان ڕەتکردنەوەی شایستەیی داواخوازان، پانتاییی هەڵبژاردنی شارۆمەندان بۆ ئەو کەسانە سنووردار دەکات کە هاوتەبان لەگەڵ چوارچێوەی ئایدیۆلۆژی و سیاسەتەکانی سیستم، بەتایبەتی بنەمای ولایەتی فەقیە. لە ئەنجامدا، بەشێکی بەرچاوی هێزە سیاسییە سەربەخۆکان، ڕەخنەگرانی حکوومەت، هەندێک گرووپی کۆمەڵایەتی و تەنانەت بەشێک لە ڕەوتە نێوخۆیییەکانی سیستەم، دەرفەتی بەشداریی کاریگەر لە ململانێی هەڵبژاردندا لەدەست دەدەن.

سنوورداریەکانی هەڵبژاردن تەنیا بە ڕەتکردنەوەی شایستەیی کاندیدەکان کۆتایی نایەت. پابەندکردنی کاندیدەکان بە قبووڵکردنی بنەماکانی ئەم دەسەڵاتە وەک پابەندیی کرداری بە ئیسلام، دەستووری وڵات و ولایەتی فەقیە، پێشوەختە چوارچێوە و مەرجی بەشداریی ئەوان دیاری دەکات. هەروەها، سنوورداریە سیاسی و یاساییەکان بەرامبەر بە ژنان و هەندێک گرووپی کۆمەڵایەتی و سیاسی، نیشانەی بوونی بەربەستە بنەڕەتییەکانن لە ڕێگای گەیشتن بە سیستمێکی هەڵبژاردن کە ڕێگەی کێبەرکێیەکی ئازاد و بەرامبەر بدات.

لەو ڕوانگەیەوە، کێشەی سەرەکی تەنیا ڕێژەی بەشداریی خەڵک لە هەڵبژاردن نییە، بەڵکو پرسیاری بنەڕەتیتر ئەوەیە کە: ئایا شارۆمەند دەرفەتی هەڵبژاردنی ڕاستەقینەی لەنێوان ڕوانگە و بەرنامە سیاسییە جیاوازەکاندا هەیە، یان نا؟

ئەزموونی چەند دەیەی ڕابردوو نیشانی داوە تەنانەت لەو ماوەیەی کە ڕەوتی چاکسازیخواز توانی بەشێک لە دامەزراوە هەڵبژێردراوەکان وەک سەرۆکایەتیی کۆمار یان مەجلیس بەدەست بهێنێت، گۆڕانێکی بنەڕەتی بەسەر پێکهاتە سەرەکییەکانی دەسەڵات و دامەزراوە ناهەڵبژێردراوەکاندا نەهات. پانتاییی دەسەڵاتی ڕابەرایەتی، ڕۆڵی شورای نیگەهبان، پێگەی دامەزراوە ئەمنی و سەربازییەکان، هەروەها پێکهاتەی حقووقیی هەیی و ئارایی، کۆسپێکی جیددین لەبەردەم چاکسازییە بنەڕەتییەکاندا. لەبەر ئەمە، هەڵبژاردن لە کۆماری ئیسلامیدا زیاتر لەوەی ئامرازێک بێت بۆ گۆڕینی پێکهاتەی دەسەڵات، بە شێوەیەکی سەرەکی لە چوارچێوەی پاراستن و ڕێکخستنی ناوخۆییی هەمان پێکهاتەدا کاری کردووە.

وێڕای جیاوازیی بۆچوون سەبارەت بە شێوازەکانی تێپەڕین، خاڵێک لە زۆربەی ئەزموونە مێژووییەکاندا هاوبەشە: سەرکەوتنی بزووتنەوە سیاسییەکان زیاتر لەوەی بەستراوە بێت بە هەڵبژاردنی شێوازێکی تایبەت، پێوەندیی بە هۆکارگەلێک وەک ڕێکخستن، پشتگیریی کۆمەڵایەتی، یەکگرتوویی هێزە دژبەرەکان، ڕابەرایەتیی کاریگەر و، توانای گونجان لەگەڵ بارودۆخە گۆڕاوەکانەوە هەیە. بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژوودا، بەپێی بارودۆخی سیاسی، کۆمەڵایەتی و هاوسەنگیی هێزی دەسەڵات، لە شێواز و ئامرازە جیاوازەکان بۆ پێشبردنی ئامانجەکانی کەڵکی وەرگرتووە. ئەم چەشنە لە چالاکیی مەدەنی و نارەزایەتیی کۆمەڵایەتی و مانگرتنی بەرفراوانەوە دەست پێدەکات و تەنانەت شێوە جیاوازەکانی بەرگریی سیاسی و، لەو بارودۆخانەی کە ڕێگاکانی ئاشتیخوازانە بەربەست کراون، خەباتی چەکدارییش لەخۆ دەگرێت.

ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانە لە ئێرانیش بێبەری لەم یاسایە نەبووە. بۆ وێنە، چەندین مانگ پاش بەشداریی بەرفراوانی جەماوەری خەڵک لە شەقامەکانی زۆربەی شار و گوندەکان، پەرەسەندنی مانگرتنی سەرانسەری و دارزانی پەیتاپەیتای توانای حکوومەت، بەربەرەکانیی چەکداری لە ڕۆژانی ٢١ و ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٥٧ بوو بە قۆناغێکی یەکلاکەرەوەی شۆڕش لە ئێران. ئەم پێشهاتە، کە بەدوای پەیوەستبوونی بەشێک لە هێزە سەربازییەکان بە خەڵک و دەستگرتن بەسەر ناوەندە سەربازی و حکوومەتییەکاندا ڕووی دا، ڕۆڵێکی گرنگی لە تێکچوونی پێکهاتەی دەسەڵاتی حکوومەتی پەهلەوی و سەرکەوتنی شۆڕشدا گێڕا.

خەباتی مەدەنی و بەرگریی چەکداریی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دوای شۆڕش، لە پەنای درێژەی خەباتێکی بەرفراوان و جەماوەری کە لە قۆناغە جیاوازەکاندا بە شێوەی نارەزایەتیی شەقامی، نافەرمانیی مەدەنی و بەتایبەتی مانگرتنە گشتییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەری هەڵداوە، نموونەیەکی گرینگ لە پێکەوەگرێدانی دوو شێوازی خەبات، واتە کردەوەی مەدەنی و بەرگریی چەکدارییە. لەو مۆدێلەدا، هەرچەند بەرگریی چەکداری وەک یەکێک لە ئامرازەکانی خەبات بووە، بەڵام شێوازی خەباتی مەدەنی و جەماوەری ڕۆڵی سەرەکی و دیاریکەری گێڕاوە؛ ئەمەش نیشان دەدات کە ڕەوایی، بەردەوامی و پانتاییی کاریگەریی ئەم بزووتنەوەیە زیاتر لە هەموو شتێک پشتبەستوو بووە بە کۆکردنەوەی کۆمەڵایەتی، بەشداریی جەماوەریی خەڵک و بەردەوامیی کردارە مەدەنییەکان.

بۆیە هەڵبژاردنی هەر ڕێبازێک بۆ گۆڕانی سیاسی دەبێت لەسەر بنەمای ناسینی وردی پێکهاتەی دەسەڵات، تواناکانی کۆمەڵگە، ئاستی پشتگیریی گشتی و هەڵسەنگاندنێکی ڕاستبینانەی هاوسەنگیی هێزەکان بێت، نەک تەنیا لەسەر بنەمای ئارمانخوازی یان وەڵامدانەوە بە هەست. تێپەڕین لە سەرەڕۆیی لە ئێراندا ڕووبەڕووی ئاڵنگارییە ئاڵۆزەکانە؛ لە کۆبوونەوەی دەسەڵات لە دامەزراوە ناهەڵبژێردراوەکانەوە تا سنوورداریی فەزای سیاسی، لاوازیی ململانێ لە ڕەوتی هەڵبژاردن و سەرکوتی بەردەوامی دژبەران. لەو بارودۆخەدا، هەڵسەنگاندنی داهاتووی سیاسیی ئێران پێویستی بە سەرنجدانێکی هاوکات هەیە بە پێکهاتەی دەسەڵات، تواناکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، ڕۆڵی هەڵبژاردن و ئەزموونی مێژوویی بزووتنەوەکانی خوازیاری گۆڕانی بنەڕەتی.

ئامانجی کۆتاییی هەر پرۆسەیەکی دێموکراتیک، بێ لەبەرچاوگرتنی شێوازە بەکارهاتووەکان، دەبێت دروستکردنی سیستمێک بێت کە تێیدا ئەم خاڵانە دابین بکرێن:

دێموکراسی و ئازادی، مافی مرۆڤ، دەسەڵاتی یاسا، دابەشکردنی دادپەروەرانەی دەسەڵات و سامان، وەڵامدەرەوەیی دەوڵەت و هەموو دامەزراوە حکوومەتییەکان، و لە هەمووش گرینگتر مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوە ستەملێکراوەکان.



# دێموکرات دەڵێ چی و چیی دەوێ؟



**عەلی لەیلاخ**

٢٥ی گەلاوێژی ئەمساڵ هاوکات بوو لەگەڵ هەشتا و یەکەمین ساڵیادی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ئەگەر سێ ساڵەی کۆمەڵەی ژکافی وەسەربخرێ کە هەفی خۆیەتی دەبێتە ٨٤ ساڵە لەسەر ڕێبازی کوردایەتی و مافی نەتەوایەتی‌دا بەرووسووری ماوەتەوە. حیزبێک کە دواتر بە لەبەرچاوگرتنی وەرچەرخانە سیاسییەکان، ناوەکەی گۆڕدرا بۆ "حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران".

بە تێڕوانینێکی گشتییەوە دەکرێت بگەینە وەڵامی ئەم پرسیارە جەوهەرییەی حیزبی دێموکراتی کوردستان چی دەڵێ و لە ڕاستیدا داواکانی چین؟ حیزبێک کە لە سەرەتای دامەزرانیەوە تا بە ئەمڕۆ، لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دوو جۆر ڕێژیمی دەسەڵاتدار لە تاراندا، هێشتا بە گرینگترین سەنگەری خەباتی ڕزگاریخوازیی سیاسیی کوردستان دەناسرێ. بۆ لێکدانەوەی کورت و گشتی دەکرێت داواکانی ئەم حیزبە ڕیشەدار و مێژووییە لە چەند بەشدا تاوتوێ بکەین.

حیزبی دێموکرات هەڵقوڵاوی کۆمەڵەی نەتەوەیی «ژ.ک» بوو کە ژمارەیەک لە بیرمەند و پیاوماقووڵان و بڕواپێکراوانی شاری مەهاباد، بە ئیلهاموەرگرتن لە "حیزبی هیوا"، چوارچێوەی سەرەتایی ئەم بزاوتە خەباتکارانەیان لە جەنگەی ململانێیەکانی شەڕی جیهانیی دووەمدا داڕشت. زۆری پێ نەچوو دامەزراندنی "دەوڵەتی کۆماری کوردستان" و دەستکەوتەکانی ئەم کۆمارە، بەتایبەت ڕێزلێنان لە کەمینەکانی شاری مەهاباد، سەلماندی کە ئەم حیزبە بۆ دەستەبەرکردنی مافی ژیانی سیاسی و ژیاندنەوەی ناسیۆنالیزمی پێشکەوتووانە و بەری لە ڕەگەزەکانی فاشیزم، لەدایک بووە.

ناوەندگەرایی پشتبەستوو بە قۆرخکاریی سیاسی، لەژێر ناوی "تەواوەتی خاکی وڵات" کە لە ڕاستیدا هەمان تەواوەتیخوازیی (تۆتالیتاریزم)ی سیاسی و فەرهەنگییە؛ ئەگەرچی بە لەشکرکێشی بۆ سەر کوردستان ئەم دەوڵەتە تازەپێگەیشتووەی ڕووخاند و پەتی سێدارەی لە ملی قازی محەممەد، یەکەم سەرۆککۆمارەوە بۆ ئازادیخوازانی دیکەی ئەم خاکە دێرینە هەڵواسی؛ بەڵام پرسیار ئەوەیە بە کام تاوان!؟

لە نێوەندی ئەو سەردەمەی ناسیۆنالیزمی خۆسەپێن و هێرشبەری فارس، دوای پەهلەویی یەکەم لەگەڵ سەرهەڵدانی عوسمانییە نوێیەکان و پانعەرەبیزمی عەبدولڕەحمان کەواکیبیەکان، لە کێبڕکێدا بوو، بێگومان بۆ کوردانی توشبوو لەم گێژاوەدا، هەبوونی ڕێکخراوە و دامەزراوەیەکی مۆدێرن پێویستییەکی مێژوویی بوو، بۆوەی بتوانن لە مینبەری ئەو حیزبەوە مافخوازیی خۆیان پڕ بە گەروو هاوار بکەن. ئەم مینبەر و پێگەیە بە ناوی حیزبی دێموکراتەوە ڕاگەیەندرا و لە هەموو ئاڵۆزی و گێژاوەکانی سەدەی بیستەمدا بەرگەی پەلامار و هێرشەکان، تیرۆر و سڕینەوە، حاشاکردن و هەڵاواردنەکانی گرت و، وەک سەنگەرێکی خۆڕاگردا هەتا ئێستاش بە بڕشتەوە بەپێوە وەستاوە.

لە بڕگەیەکی دیکەی مێژووی ئەم حیزبەدا (٤٧-٤٦)، لە هەلومەرجێکدا کە دەزگای تۆقێنەری ساواک و ژاندەرمەکانی «ژ-٣» لەشان بەگژی هەر جۆرە مافخوازی و دەربڕینێکی ڕەخنەگرانە لە سیستەمی تاجی پاشایەتی و تەختی دەسەڵاتدا دەهاتنەوە و هەرچەشنە دەنگێکی جیاوازیان هەر لەگەرووودا دەخنکاند؛ لە سەردەمێکدا ئەگەرچی بە ناوی ئاوەدانی و گەشەپێدانەوە شەقامەکانی تاران و مەزنەشارەکانیان بۆ تاجگوزاری و خۆسەپێنی دیکتاتۆر دەڕازاندەوە و پاشا خۆی بە «سێبەری خودا» دەزانی و خەڵکانی دیکەش کۆیلە و بێدەسەڵاتی ژێر نیری زۆرداری بوون.

لەو سەردەمەدا دیسانەکە لە قوتابخانەی هەر ئەم دێموکراتەدا، «شەریفزادە»کان دژی چەوسانەوە و هەڵاواردن و سیاسەتی سڕینەوە ڕاپەڕین و پێش چریکەکانی سیاهکەل بوونە مەشخەڵ و شەودڕی زۆرداری و ئاکامەکەشی گەیشتە شۆڕشی ١٣٥٧.

کورتکراوەی کۆی تێڕوانینی ڕێژیمی پاشایەتی لە کۆنەوە تا پەهلەوییەکان کە خەڵکیان پێ کۆیلە و ڕەعیتە دەتوانین ئاماژە بە قسەکانی محەممەد عەلی قاجاڕ بکەین کە لە دژایەتیی لەگەڵ مەشرووتەدا دەڵێ: ڕەعیەت هەڵەیە ئەگەر ناڕەزایی دەرببڕێت، هەڵەیە ئەگەر داوای دیوانی دادپەروەری بکات، هەڵەیە ئەگەر داوای یاسا بکات! ئێمە ڕەعیەتی سەر بەخوارمان دەوێت، ئێمە ڕەعیەتی «بەڵێ قوربان»بێژمان دەوێ... حیزبی دێموکرات ڕاست بە پێچەوانەی سیاسەتیی ناوەندگەرا و تاکڕەو، سەروەریی نیشتمانی و چەسپاندنی مافی دەویست و لە هەموو دەرفەتێک بۆ ئەو جێخستنە تێکۆشا. "شا"یەک دیکە هەڵات و ڕێژیمێکی دیکە لە ئێران هاتەسەر کار بەڵام وەک دەڵێین "لە ترسی ئەو دەعابیە لە پشتی مار خۆیان شاردەوە. بەڵێ! سەرمای زمهەریری کۆماری ئیسلامیی عەباپۆووش سێبەری ڕەش و ماڵوێرانیی خۆی خستەسەر ڕەنجەڕۆیەکانی هاڕدراو لەژێر پۆتینی دیکتاتۆریی هۆمایۆنیدا.

دیسانەوە حیزبی دێموکرات لە بڕگەیەکی دیکەی مێژووی خەباتکارانەی خۆیدا، لەهەمبەر هێژمۆنیخوازی مەزهەبیی کۆماری ئیسلامیدا، لە لایەک وەستا کە بەتەواوی لە قازانجی سەرجەم ئازادیخوازانی ئێراندا بوو؛ بەڵام هەم بەرانبەری ڕاوەستان وهەم جەفای لێکرا، هەمیش دیسانەکە "حەقانییەت"ەکەی لە لایەن "حەققانییەکان" و مەلاکانی "فەیزییەی قومەوە" فیتوای بەدژی دەرکرا.

ساڵی ١٣٥٧ شۆڕشێک کرا و زۆر کەس هەوڵ دەدەن ئەم ڕاپەڕینە وەک «شۆڕشی گەلانی ئێران» پێناسە بکەن؛ بەڵام لە ڕاستیدا



ئەمە شۆڕشێکی مەزهەبی بوو و بنەما بنەڕەتییەکەشی لەسەر تێڕوانینی "مەحرەم و نامەحرەم"ەکەی خومەینی بینا کرابوو. لەو نێوەدا حیزبی دێموکرات، وەک ئاڵاهەڵگری سێکۆلاریزم لە ئێراندا، باجی ئەم تێڕوانینە ڕەخنەگرانەیەی بۆ حکوومەتی نوێ بە خوێن و فیداکاری دا و، دوای نیزیک پێنج دەیە، گەلانی دیکەش گەیشتنە ئەم ڕاستییە گرنگە کە بەختیاریی‌گشتی لە گرەوی سەروەری یاسادایە نەک سەرەڕۆیی ئایینی، لە سەر بنەما وجێخستنی دێموکراسی‌دایە نەک ئۆلیگارشی مەزهەبی؛ هەر ئەوەی کە حیزبی دێموکرات دەیگوت و ئێستاس لەسەری سوورە.

لە ساڵی ١٣٥٧ەوە هەتا کۆنگرەی ١٣حیزبی دێموکراتی کوردستان، دروشمی سەرەکیی ئەم ڕەوتە ڕیشەدار و جەماوەرییە "دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان" بوو؛ واتە خودموختارییەکەی گرێ دابۆوە بە جێگیربوونی دێموکراسی لە سەرانسەری ئێراندا! چ ڕوانینێکی بەنرخە و لەمە سەرتر چی هەیە کە حیزب و نەتەوەکانی دیکەش لە نێعمەتی دێموکراسی بێبەش نەبن!؟

حیزبی دێموکرات دەرفەتێکی مێژوویی بۆ چەسپاندن و بەدامەزراوەییکردنی پرەنسیپی دێموکراسی لە ئێرانێکدا خولقاند کە هەمیشە لێی بێبەش بووە.ئەم حیزبە لە کاتێکدا بۆ بەها دێموکراتیکەکان فیداکاریی دەکرد کە پاش سێ دەیە، لە سەردەمی دەوڵەتی دوویەمی ئەحمەدی‌نەژاد، کۆمەڵێک بیرمەندی فارس و ماندوو لە نەبووی دێموکراسیی لە ئێران، کەوتنە ڕاوێژ و بەم ئاکامە گەیشتن کە لە هیچ جۆرە حکومەتێک لە ئێران چ شا؟چ شێخ! دێموکراسی ئاڵقەیەکی ونکرابووە. هەرچەند دیواری حاشاش بەرز بێ بەڵام بەسووکەئاورێک لە ژیانی سیاسیی حیزبی دێموکرات دەردەکەوێ کە چەند بۆ ئەم بەهامرۆییە هەزینەی داوە.

ڕستە سادە و لە هەمان کاتدا پڕنێوەڕۆکەکەی دوکتور قاسملوو، ڕێبەری بیرمەند و کاریزماتیکی ئەم حیزبە، لە گەرمەی ئاڵۆزییە سیاسی و گرژییە نیزامییەکانی ئێران و کوردستان، و لە ئێستاشدا شایانی تێرامانە کە دەڵێ: "شێوازی خەباتی ئێمە بەستراوەتەوە بە جۆری سیاست و تێڕوانینی دەسەڵاتی ناوەندییەوە". لێکدانەوەی سادەی ئەم وتەیە ئەمەیە: ئەگەر بنەما لەسەر ڕێزگرتنی دوولایەنە بێ، کورد ئامادەیە بۆ پێکەوەژیانی ئاشتیانە. ئەگەر درێژە بە دوژمنکاری، حاشاکردن، سڕینەوە و کوشتوبڕ بدەن، تفەنگی خەباتکارانەمان لە کۆنەوە بە میرات گەیشتووە. بە وتەی شاعێری لوڕ "گورگەکان باش بزانن کە لەم خێڵە غەریبەدا ئەگەر باوکیش مردبێ، تفەنگی باوکانە ماوە هێشتا!" بە تێڕوانینێکی گشتی بۆ مێژووی خەباتکارانەی حیزبی دێموکرات، بەتایبەت دوای شۆڕشی ١٣٥٧ حیزبی دێموکرات ئەوەی بۆخۆی ویستووە، لە ڕاستیدا بۆ ئەوانی‌دیکە و نەتەوەکانی دیکەشی بە ڕەوا زانیوە.

کاتێک دەڵێین خەباتی میللی-دێموکراتیک، باس لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکەین؛ حیزبێک کە لە کۆماری کوردستانەوە هەتا ئێستا، ئاڵاهەڵگری بزووتنەوەیەکی ڕەوا بۆ دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەییەکانی گەلان بووە؛ لە خۆدموختارییەوە هەتا فیدراڵیزم، واتە سڕینەوەی هەر جۆرە بێدادی و هەڵاواردنێک کە لە ناوەندگەرایییەوە سەرچاوەی گرتووە و، هەروەها هەوڵدان بۆ جێگیرکردنی دێموکراسی، گەشەپێدانی چالاکییە مەدەنییەکان و بایەخدان بە سندووقی دەنگدان، نەک ئەوەی خۆت بە"نائیبی بەرهەق "بزانیت. لە دێرێکدا، حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ گەلانی دیکە لە جوغرافیای ئێراندا، لە سەرەتای لەدایکبوونیەوە دەرفەت بووە و لە ئێستاشدا دەلاقەیەکە بەرەو پانتایی پێکەوەژیان و بە ئەڵتەرناتیڤێک دادەنرێ بۆ مامەڵەکردنی سیاسییانە، لە بری بەربەرەکانی و ڕووبەڕووبوونەوەی ماڵوێرانکەری نیزامی.

بۆیە دەتوانین بڵێین کۆی مافە سروشتی و ئینسانییەکان کە بەرچاوترینی مافی چارەخۆنووسینە و هیچ لەو مافانەش نکۆڵی لە ئەوی دیکە نییە، بەڵکوو دەتوانێ بانگەشەی پێکەوەژیانیش بێ بۆ گەلانی دیکە، وڵامی ئەم پرسیارەیە کە حیزبی دێموکرات چی دەوێ؟

هاوکات لەم ڕۆژانە لەملاو لەوێ باس لەوە دەکەن کە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات بەتایبەتی حیزبی دێموکرات با لە پرۆسەی وتووێژ و بە دانانی چەک کێشەکەیان چارەسە بکرێ. بە کورتی دەتوانین بڵێین حیزبی دێموکرات چۆن لە سەرەتا بۆ ژیانی ئازاد و بێ‌ئازار دامەزراوە، هەموو کات وەکوو پرەنسیپێک چاوی لە "وتووێژ"کردووە و تەنانەت سەری سکرتێرەکەشی لەو ڕێیە دیپلۆماسییە داناوە. چەکەکەی سەرشانیشی جیا لە چەکی بەرگریی چەکی پرسیارخوڵقێنە کە ئەو گەلە چی دەوێ؟

کاتێک ئەو حیزبە دەیگوت وەرن با بە "نیازپاکی" کێشەکان چارەسەر بکەین و، لەجیاتی سەنگەرگرتنی نیزامی سەندووقی دەنگدان پەرە پێبدەین. هەرئەوکات فیتوای قەتڵی قاسملوو لە لایەن خومەینییەوە تەنیا بەو تاوانەی دەنگی متمانەی خەڵکی هێنابوو، درا و ئەوە دەریخست ئەو ڕێژیمە چەندە لەگەڵ کێبەڕکێی سیاسەت نەبان و نامۆیە و هاوشێوەی شاکانی قەجەر دەڵێ: خەڵک کێیە هەتا ئازادی بووێ؟

ئەوکات داواکاریی حیزبی دێموکرات و ڕێبەڕایەتییەکەی پراوێز خرا، ڕاستە فیتوادەر خومەینی بوو، بەڵام بێدەنگیکردن و سەیرکردنی کەسانی دیکەش لە کزبوونی ئەم هاوارە بێ‌کاریگەر نەبوو، هەتا هەمان تەنافی فیتوای کوشتنی دێموکرات، ڕیشاڵەکەی هەتا قەتڵگەل زەنجیریی و کوشتنی جیابیرانی دیکەش گەیشت. کەواتە ئەگەر ئەو سەردەمە لەجیاتی سەنگساری حیزبی دێموکرات و ئاژاوەنانەوە بە دروستی سەرنج درا با، ئێستاکە ئێران ئیتر ناونیشانی قەتڵ و تیرۆر و زیندان و مافکوژی نەبوو.

کۆماری ئیسلامی هەموو دەرفەتەکانی کوشت و ئەوەی کە دەبێ گەلانی نێو جوغرافیای ئێران سەرنجی بدەن، ناسین و مامەڵەی سیاسییانەکردنە لەگەڵ پرسی کورد و حیزبی دێموکرات ئینجا لە بەرفراوانی دید و ڕوانگەی پێشکەوتووانەی ئەم حیزبەش هەمووان بەهرەمەند دەبن. بەزمانی سادە و وڵامی کورت داواکارییەکانی بریتین لە مافی نەتەوایەتی، مافی چینایەتی و دێموکراسی.

# هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکان هێرشەکانی ئێران دژ به دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستانی مەحکووم کرد



بە پەلامارە درۆنییەکانی ئەمڕۆی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر نووسینگەی تایبەتی بەڕێز مەسروور بارزانی سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان و بارەگای ئاژانسی پاراستن و زانیاریی هەرێمی کوردستان، دژایەتیی و پێشێلکردنی بنەماکانی دراوسێتیی و نەپرینگانەوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ڕەفتاری دوژمنکارانە دژی هەرێمی کوردستان، گەیشتە ئاستێکی دیکە. بەر لەوەش کۆمەڵێک دامەزراوەی لەشکریی و هەواڵگریی حکوومەتی هەرێم لە شاری سلێمانی، سەرەڕۆیانە و بێپاساو درانە بەر پەلاماری خەستی هاژەکیی و درۆنیی ئێران.

هەرێمی کوردستان لە ماوەی شەڕی ئەمریکا-ئیسرایل و ئێران زیاتر لە ١٠٠٠ هێرشی لەو چەشنەی کراوەتە سەر کە نیوەی ئەو هێرشانە بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات و شوێنی نیشتەجێبوونی خاو و خێزانەکانیان بووە.

پەلامارەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر هەرێمی کوردستان لە کاتێکدایە کە هەرێمی کوردستان هەر لەسەرەتای لەم شەڕەدا هەڵوێستی بێلایەنی ڕاگەیاند و نەکەوتە بەرەی دژبەرانی ئێرانەوە. ئەوەش سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە دژایەتی کورد و شەڕفرۆشیی بە هەر کیان و قەوارە و ئیرادەیەکی خۆبڕیاردەریی کوردستانیی لە ناوچەکە؛ سیاسەتێکی بنچینەیی کۆماری ئیسلامییە.

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران هێرشەکانی ئێران بۆ سەر هەرێمی کوردستان و داودەزگا حکوومیی و حیزبیی و مەدەنییەکانی مەحکووم دەکات و پشتیوانیی لە هەرێمی کوردستان دەردەبڕێ. هەروەها سەبارەت بەوەی ئەو دەسدرێژیانە لە ڕووی یاساییەوە پێشێلکردنی ئاشکرای سەروەریی دەوڵەتی عێراقە، داوای هەڵوێستی شیاو لە بەغدا دەکات. ئەزموون سەلماندوویە کە بێدەنگبوون بەرانبەر ڕەفتاری دوژمنکارانە و تێکدەرانەی ئێران و دانەنانی تێچوو بۆ ڕەفتارەکانی، دەرفەتی پەرەپێدان و هەڵکشانی هەڕەشە و دەستدرێژییەکانی زیاتر بۆ دەخوڵقێنێ.

هاوپەیمانی کوردستانی داوا لە وڵاتانی خاوەن کۆنسولخانە و نوێنەرایەتیی لە هەرێمی کوردستان دەکا کە بۆ پێشگرتن لەو هێرشانە و پاراستنی سەروەری، ئاسایش و سەقامگیریی هەرێمی کوردستان، تاران بخەنە ژێر گوشارەوە.

**هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران**
**٢٦ی گەلاوێژی ٢٧٢٦**

خەرمان بەرەکەت

## کتێبی "ئەستێرە یەک یەک ڕاخوشین" چاپ و بڵاو بۆوە




لە بەرەبەری ٢٥ی گەلاوێژی ١٤٠٥ هەشتاویەکەمین ساڵی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا، کتێبی "ئەستێرە یەک یەک ڕاخوشین"، لە نووسین و ئامادەکردنی قادر وریا بڵاو بۆوە.

ئەم کتێبە زیاتر لە پەنجا بابەتی گرتووەتە خۆ و دەچێتە خانەی ئەدەبیاتی بەرگری، چونکە ئاوڕدانەوە و یادکردنەوە لەو لاوە خاوەنبەهرانەیە کە لە سەنگەری پێشمەرگایەتی و خەبات و تێکۆشانی حیزبی و سیاسیدا، بەهرە و توانایییە ئەدەبی و هونەرییەکانی خۆیان بۆ خزمەتی بزووتنەوەی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕانەی کوردستان تەرخان کردووە و هەر لەم سەنگەرەشدا شەهید بوون.

لە کتێبی "ئەستێرە یەک یەک ڕاخوشین"دا، ئاوڕ لە ژیانی کورت بەڵام پڕ لە تێکۆشانی زیاتر لە ٤٠ لاوی پێشمەرگەی شەهید، خەڵکی ناوچە جۆراوجۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دراوەتەوە کە تایبەتمەندییەک، ئەوانی لە هاوڕێیانیان جیا کردووەتەوە، ئەویش بایەخدان بە هونەر و ئەدەبیات و چالاکیی فەرهەنگی شانبەشانی ئەرک و بەرپرسایەتیی پێشمەرگانە بووە. نووسەر لە پێشەکیی ئەم بەرهەمە تازە چاپکراوەیدا لە بارەی ناوی کتێبەکە نووسیویە: "ناوی 'ئەستێرە یەک یەک ڕاخوشین' بۆ ئەم کتێبە ناوێکی گونجاوە، چونکە زۆربەی ئەو لاوانەی لەم کتێبەدا یادم کردوونەوە، لە ڕووی بەهرە و توانایی و کاریگەرییان لەسەر کەسانی دەوروبەر و، بایەخدان بە لایەنی ڕووناکبیری خەبات و تێکۆشانی پێشمەرگانە، مرۆڤێکی تایبەت بوون؛ تایبەت بوون چونکە شانبەشانی جێبەجێکردنی ئەرکی پێشمەرگانەیان، بە فێربوون و فێرکردن، بە پەرەپێدانی وەرزش و هەڵپەڕکێ، بە گرنگیدان بە ڕۆژنامەنووسی، خۆشنووسی، نووسین و شێعر، بە بایەخدان بە موسیقا، سروود، گۆرانی، نیگارکێشی، شانۆ، فیلم و وێنەگری و...هتد، لەگەڵ ستەم و تاریکی لەشەڕدا بوون و تیشکی هیوا و تریفەی جوانییان بڵاو دەکردەوە. ئەستێرە بوون بەڵام بە داخەوە زوو ڕاخوشین."

کتێبی "ئەستێرە یەک یەک ڕاخوشین" لە ٢٨٠ لاپەڕەدا و لە وڵاتی ئەڵمان چاپ بووە.

## چاپ و بڵاوبوونەوەی "ئاشنابوون بە ژێئۆپۆلیتیک"




کتێبی "ئاشنابوون بە ژێئۆپۆلیتیک" کرایە کوردی. "ئاشنابوون بە ژێئۆپۆلیتیک" کۆلین فلینت، مامۆستای زانکۆ لە ئەیالەتی یۆتای ئەمریکا نووسیویەتی و کەریم پەرویزی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کردوویەتیە کوردی.

ئەم کتێبە لە ١٠ بەشی سەرەکی پێکهاتووە و سەرەتایەک بۆ ئاشنابوون بە ژێئۆپۆلیتیکە. ئەم بەرهەمە کە لە دیارترین بەرهەمەکانی نووسەرە، شیکاریی بۆ تێگەیشتن لە چەمکی ژێئۆپۆلیتیکی مۆدێرن دەکات و هاوکات دەپەرژێتە سەر کۆدە ژێئۆپۆلیتییەکان واتە چۆنیەتیی پێناسەکردنی سەرچاوە نەتەوەییەکان و هەڕەشەکان لەلایەن وڵاتانەوە.

وەرگێڕ لە پێشەکیی کتێبەدا، باسی لە هەڵسەنگاندنی قووڵی ژێئۆپۆلیتیک لە قسەکانی دوکتور قاسملوو بۆ جیهان، ناوچە، ئێران و کوردستان کردووە کە چۆن لەو ساختارە فرەییە ژێئۆپۆلیتیکەدا نەتەوەی کورد و حیزبی دێموکرات و تاکی دێموکرات دەبینێتەوە و ڕۆڵیان دیاری دەکات و ڕێگایان نیشان دەدات تاکوو وێناسازییەکی ژێئۆپۆلیتیکی بۆ تاکەکان و ڕێکخراوی حیزب وەک بریکار و نەتەوەی کورد بەگشتی، لە ململانێی ژێئۆپۆلیتیکدا پیادە بکات.

# پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی ئاڵۆزدا



ئیبراهیم لاجانی




لە مێژووی هاوچەرخی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، کەم پرس هەن بەقەدەر پرسی کورد بە بابەتە بنەڕەتییەکانی وەک ناسنامە، دەوڵەت، دێموکراسی، دادپەروەری و ئاشتییەوە گرێ درابن. نەتەوەی کورد، وەک یەکێک لە گەورەترین نەتەوە بێدەوڵەتەکانی دونیا، پاش دارشتنەوەی نەخشەی سیاسیی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، لەنێوان ئێران، عێراق، تورکیە و سووریە دابەش کرا. بەڵام ئەم دابەشکردنە نەیتوانیوە ناسنامەی کوردی بسڕێتەوە یان داواکارییە سیاسی و نەتەوەییەکانی کورد سەرکوت بکات؛ بەپێچەوانەوە، دابەشکردنی کوردستان پرسی کوردی کردووە بە پرسێکی ئاڵۆزی سیاسی کە نزیکەی سەدەیەکە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بە چارەسەرنەکراوی ماوەتەوە.

پرسی کورد تەنیا داواکاریی پاراستنی زمان و فەرهەنگ نییە، هەرچەند زمان و فەرهەنگ دوو کۆڵەکەی سەرەکیی ناسنامەی کوردن. ئەم پرسە لە بنەڕەتدا پەیوەندیی بە مافی بەشداریکردن لە دەسەڵات، یەکسانیی هاونیشتمانان، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، گەشەپێدانی هاوسەنگ، خۆبەڕێوەبەری و مافی دیاریکردنی چارەنووسەوە هەیە. واتە پرسی کورد، پرسی پەیوەندیی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگەیە؛ پرسێکە دەربارەی ئەوەی ئایا دەوڵەت دەتوانێت واقیعییەتی فرەنەتەوەیی، فرەزمانی، فرەئایینی و فرەکولتووریی دانیشتووانی نێو چوارچێوەی سنوورەکانی خۆی قبووڵ بکات، یان هەر لەسەر بردنەپێشی سیاسەتی یەکسانسازی و سەپاندنی ناسنامەیەکی ناوەندتەوەر بەردەوام دەبێت.

لەگەڵ پەیدابوونی سیستەمی دەوڵەت—نەتەوە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، زۆرێک لە حکوومەتەکانی ناوچەکە هەوڵیان دا ناسنامەیەکی ناوەندتەوەر و یەکدەست بەسەر کۆمەڵگە فرەنەتەوەییەکاندا بسەپێنن. لە چوارچێوەی ئەم سیاسەتەدا، کورد لە زۆربەی بەشەکانی کوردستان لەگەڵ حاشاکردن لە ناسنامە، پیلانەکانی تواندنەوەی کولتووری، قەدەغەکردنی زمانی کوردی، گۆڕینی ناوی شار و گوندەکان، پەراوێزخستنی ئابووری و سنووردارکردنی مافە سیاسی و مەدەنییەکانی ڕووبەڕوو بووەتەوە. شێوازی جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتانەش لە هەر وڵاتێکدا جیاواز بووە، بەڵام دەرئەنجامەکەیان زۆرجار یەکسان بووە: قووڵبوونەوەی بێمتمانەیی لەنێوان دەوڵەت و کۆمەڵگەی کوردی، زیادبوونی نارەزایەتیی سیاسی و بەرهەمهاتنی ململانێی درێژخایەن. لەو کاتەشدا کە ڕێگاکانی بەشداریکردنی ئاشتییانە لە پرۆسەی سیاسیدا دادەخرێن، داواکارییە مەدەنییەکان وەک تاوان دەناسرێن و خەباتی سیاسی بە هەڕەشەی ئەمنی بە حیساب دێت، زەمینە بۆ گەشەکردنی توندوتیژی و تەنانەت بەربەرەکانیی چەکداریش خۆش دەبێت.

بێگومان، ئاڵۆزیی پرسی کورد ناتوانرێت تەنیا هەر بە هۆکارێک یان کردارەکانی لایەنێکەوە ڕوون بکرێتەوە. هەروەک دەوڵەتەکانی ناوچەکە لە قۆناغە جیاوازەکاندا سیاسەتی سەرکوت، ئینکار و گۆڕینی دیمۆگرافییان گرتووەتەبەر، هەندێک لە ڕێکخراوە کوردییەکانیش، بەهۆی داخستنی ڕێگای خەباتی سیاسی و کاریگەریی ژینگەی پڕئاژاوە و ململانێی ناوچەکە، ڕوویان لە خەباتی چەکداری کردووە. ئەم بازنەیەی سەرکوت و توندوتیژییە، لە کۆتاییدا زیانی بە هەموو لایەنەکان گەیاندووە؛ هەزاران گیانی لەنێو بردووە، گەشەی ئابووریی دواخستووە و دامەزراوە مەدەنییەکانی لاواز کردوون.

دامەزراندنی هەرێمی کوردستان لە عێراق نموونەیەکی گرنگە لەوەی کە دانپێدانان بە فرەنەتەوەییبوون و دامەزراندنی جۆرێک لە دەسەڵاتی ناوخۆیی، دەتوانێت بەشێک لە ململانێی مێژوویی کەم بکاتەوە. فیدراڵیزم لە عێراقدا، بە هەموو کەموکوڕییەکانییەوە، دەرفەتی ئەوەی بە کورد داوە زمانی خۆی بە فەرمی بەکاربێنێت، دامەزراوەکانی خۆی بەڕێوە ببات و لە ئاستی نێودەوڵەتیدا نوێنەرایەتییەکی دیاریکراوی هەبێت. بەڵام ئەزموونی هەرێمی کوردستان هەروەها نیشانی داوە کە خۆبەڕێوەبەری بە تەنیا چارەسەری هەموو کێشەکان نییە. ناکۆکیی نێوخۆیی، ململانێی حیزبی، لاوازیی دامەزراوەکان، گەندەڵی، نەبوونی شەفافییەت و پەیوەندیی ئاڵۆز لەگەڵ بەغدا و وڵاتانی دراوسێ، هێشتا بەربەستی سەرەکین. خۆبەڕێوەبەری تەنیا ئەوکاتە دەبێتە بناغەی ئازادی و سەقامگیری کە لەگەڵ سەروەریی یاسا، دامەزراوەی بەهێز، ئابووریی بەرهەمهێنەر، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و یەکڕیزیی ناوخۆیی هاوڕێ بێت.

شەڕی نێوخۆی سووریە و لاوازبوونی دەسەڵاتی ناوەندی، بارودۆخێکی نوێی بۆ کورد لەو وڵاتەدا پێکهێنا. کورد توانیویەتی لە بەشێک لە ناوچەکانی باکوور و ڕۆژهەڵاتی سووریە دامەزراوەی خۆبەڕێوەبەری و پاراستنی نێوخۆیی پێکبێنێت. بەڵام ئەم دەرفەتە لەگەڵ مەترسییە گەورەکاندا هاوڕێیە: نیگەرانیی وڵاتانی دراوسێ، هەستیارییە نێودەوڵەتییەکان، نەبوونی ڕێککەوتنێکی گشتی و بەردەوامیی قەیرانی سیاسی، داهاتووی پرسی کوردیان لە سووریە هەروا بە نادیاری هێشتووەتەوە. ئەگەر داهاتووی سووریە لەسەر بنەمای سیستەمێکی دیموکراتیک، فرەکولتووری و نامەرکەزی بونیاد بنرێت، دەبێت ناسنامە و مافە نەتەوەیی، زمانی و سیاسییەکانی کورد و پێکهاتەکانی دیکە بە ڕوونی لە یاسای بنەڕەتیدا دەستەبەر بکرێن. ئەگەر سووریە دووبارە بگەڕێتەوە بۆ ناوەندگەرایی توند و سیاسەتی ئینکار، نەک هەر پرسی کورد چارەسەر نابێت، بەڵکوو زەمینەی قەیرانێکی دیکەش خۆش دەکرێت.

لە تورکیە، پرسی کورد هێشتا یەکێکە لە قووڵترین کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان. بۆ ماوەیەکی درێژ، دەوڵەت هەوڵی دا بە سیاسەتی یەکسانسازی، بوونی نەتەوەیی کورد و زمانی کوردی ئینکار یا بەرتەسک بکاتەوە. ئەگەرچی لە هەندێک قۆناغدا هەنگاوگەلێک بۆ دانپێدانان بە بەشێک لە مافە زمانی و کولتوورییەکان نراوە، بەڵام نەبوونی چارەسەرێکی بنەڕەتیی سیاسی و یاسایی، وای کردووە کێشەکە بەردەوام بێت.

ئەزموونی دانوستانەکانی ئاشتی لە تورکیە نیشانی دا کە گفتوگۆ بەبێ بنەمای یاسایی، متمانەی گشتی، چاودێریی ڕوون و ئیرادەی سیاسیی بەردەوام، دەتوانێت بە ئاسانی شکست بێنێت. شکستی هەر پرۆسەیەکی ئاشتی تەنیا گەڕانەوەی دوو لایەن بۆ خاڵی دەستپێک نییە؛ بەڵکوو بێمتمانەیی قووڵتر دەکاتەوە و تێچوونە مرۆیی و سیاسییەکانی ململانێ دەباتە سەرتر.

لە ئێران، کورد بەشێکی بنەڕەتی لە واقیعی فرەنەتەوەیی، مێژوویی و فرەکولتووریی وڵات پێکدێنێت. بەڵام داواکارییەکانی پەیوەندیدار بە ئازادیی سیاسی، مافی خوێندن بە زمانی دایک، گەشەپێدانی هاوسەنگ، بەشداریی ڕاستەقینە لە بڕیاردان و دانپێدانان بە مافە نەتەوەییەکان، هێشتا بێوەڵام ماونەتەوە.

هەژاری، بێکاری، پەراوێزخستنی کوردستان و بەئەمنیکردنی داواکارییە سیاسی و مەدەنییەکان، بۆشایی نێوان کۆمەڵگە و دەسەڵاتی قووڵتر کردووەتەوە. هەر چالاکییەکی مەدەنی، فەرهەنگی یان ژینگەپارێزی زۆرجار بە چاوی ئەمنی سەیر دەکرێت و داواکارییە ئاشتیخوازانەکان بە زیندان، تۆمەت و سەرکوت وەڵام دەدرێنەوە. بەڵام ئەزموونی مێژوویی سەلماندوویەتی کە سەرکوت دەتوانێت دەنگێک بۆ ماوەیەک کپ بکات، بەڵام ناتوانێت هۆکارەکانی نارەزایەتی لەنێو ببات.

پرسی کورد لە ئێران بە سەرکوتی حیزبێک، زیندانیکردنی چالاکێک یان داخستنی ڕۆژنامەیەک کۆتایی نایەت؛ چونکە ڕەگ و ڕیشەی ئەم پرسە لە نایەکسانیی پێکهاتەیی، پەراوێزخستن، ئینکاری ناسنامە و نەبوونی بەشداریی دادپەروەرانەدا لە پرۆسەی سیاسیدایە. تا ئەم هۆکارانە بەردەوام بن، پرسی کوردیش بە شێوەی جیاواز خۆی نوێ دەکاتەوە. بۆ؟ وەڵامەکە ڕوونە: چونکە ڕەگ و ڕیشە و هۆکارەکانی ئەم پرسە هێشتا چارەسەر نەکراون. کاتێک حاشا لە ناسنامەی نەتەوەیەک بکرێت، زمانی لە پەروەردەدا شوێنی نەبێت، نیشتمانەکەی لە گەشەپێدان بێبەش بکرێت و لە پێکهاتەی دەسەڵاتدا نوێنەرایەتیی ڕاستەقینەی نەبێت، ئەو ناسنامەیە لە ژیانی ڕۆژانە و یادەوەریی بەکۆمەڵدا زیندوو دەبێتەوە.

سەرکوت ڕەنگە ئارامییەکی کاتی پێکبێنێت، بەڵام ئارامییەک کە بەرهەمی ترس بێت بە مانای سەقامگیری نییە. پرسی کورد بە حیزب یان ڕێکخراوێکی دیاریکراوەوە نەبەستراوەتەوە، تا بە لاوازکردنی ئەو حیزبە کۆتایی پێ بێت. ڕەگەکانی لە مێژوو، زمان، خاک، یادەوەریی هاوبەش و ئەزموونی ڕۆژانەی دەیان ملیۆن مرۆڤدایە. هەر بۆیە، سیاسەتی ئینکار لەبری چارەسەرکردنی پرسەکە، تەنیا شێوەی دەربڕینی دەگۆڕێت.

### چارەسەر لە دێموکراسی و دابەشکردنی دەسەڵاتدایە

چارەسەری پرسی کورد نە بەتەنیا لە دەستی کورددایە و نە دەوڵەتەکان دەتوانن بە تەنیا چۆنیەتیی چارەسەرەکە بسەپێنن. پێویستە دەوڵەتەکان، حیزبە سیاسییەکان، ڕێکخراوە کوردییەکان، کۆمەڵگەی مەدەنی و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان بەدوای ڕێگەچارەیەکی سیاسی، دیموکراتیک و ئاشتییانەدا بگەڕێن.

دانپێدانان بە ناسنامەی کورد، دەستەبەرکردنی مافی فێربوون و بەکارهێنانی زمانی کوردی، پاراستنی مافە کولتوورییەکان، بەشداریی دادپەروەرانە لە دەسەڵاتدا، دابەشکردنی دەسەڵاتی سیاسی و ئیداری و گەشەپێدانی ئابووریی کوردستان، دەبێت ببنە بەشێک لە هەر پرۆسەیەکی ڕاستەقینەی چارەسەری. لە هەمان کاتدا، بزووتنەوەی کوردیش پێویستی بە یەکڕیزی، ڕێکخستنی مەدەنی و دارشتنی بەرنامەیەکی هاوبەش، دیموکراتیک و واقیعبینانە هەیە. ناکۆکیی نێوخۆیی و ململانێی حیزبی توانای دانوستان و کاریگەریی سیاسیی کورد کەم دەکاتەوە. هیچ مۆدێلێکی سیاسی، تەنانەت ئەگەر بە ناوی خۆبەڕێوەبەری و دیموکراسیشەوە بێت، نابێت بەبێ ڕەزامەندیی خەڵک و ڕێککەوتنی سیاسی بەسەر کۆمەڵگەدا بسەپێنرێت. چارەسەری بەردەوام تەنیا کاتێک دەستەبەر دەبێت کە لەسەر بنەمای مافی یەکسان، گفتوگۆ، ڕەزامەندیی گشتی و ڕێزی دوولایەنە بونیاد بنرێت.

پرسی کورد بابەتێک نییە بتوانرێت بە هەڕەشە، زۆرەملێ و هێزی سەربازی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بسڕێتەوە. ئەم پرسە لە کاتی حاشالێکردنیدا گەورەتر و لەژێر سەرکوتدا مەترسیدارترە. تا ئەو کاتەش مافەکانی کورد بە شێوەیەکی یاسایی، سیاسی و دامەزراوەیی دەستەبەر نەکرێن و تا دێموکراسی، فرەخوازی و یەکسانی نەبنە بنەمای دەسەڵات لە وڵاتانی ناوچەکەدا، پرسی کورد بەردەوام دەبێت و کاریگەریی خۆی بەسەر هاوکێشە سیاسی و ئەمنییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە دەپارێزێت.

چارەسەرکردنی پرسی کورد تەنیا خزمەتکردن بە کورد نییە؛ بەڵکوو هەنگاوێکی بنەڕەتییە بەرەو دێموکراسی، ئاشتی و سەقامگیریی درێژخایەن لە سەرتاسەری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا. ناوچەیەک کە نەتوانێت ماف و ناسنامەی میلیۆنان کورد قبووڵ بکات، ناتوانێت بانگەشەی ئاشتی و سەقامگیریی بەردەوام بکات؛ چونکە ئاشتیی ڕاستەقینە لەسەر حاشاکردن بونیاد نانرێت، بەڵکوو لە دانپێدانان، دادپەروەری و هاوبەشیی سیاسییەوە سەرچاوە دەگرێت.

# چوار گریمانەی هەڵەی واشینگتۆن لە بارەی شەڕی ئێران

نازی موعینیان– واڵستریت جورناڵ
و لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور



محەممەدباقر زولقەدر کە هەتا وازهێنانی لە حەوتووی ڕابردوودا بەرپرسی شورای بەرزی ئەمنییەتی نەتەوەیی بوو، ڕۆژی شەممە گوتی گەرووی هۆرمز ناکرێتەوە. هەتا ئەو کاتەی ئەمریکا "ڕەفتارەکەی ڕاست نەکاتەوە". مەرجەکانی ناوبراویش لەهر ئەمریکا بریتی بوون لە کۆتاییی یەکجاریی جەنگ، کشانەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ناوچەکە، هەڵگرتنی گەمارۆی دەریایی، ئازادکردنی داراییە سڕکراوەکانی ئێران و قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی جەنگ. سوپای پاسداران لەوەش بەولاوەتر چوو و گوتی گەرووی هۆرمز پەیوەندییەکی بە گفتوگۆ هاوتەریبەکانی نێوان ئێران و عومانەوە نییە و واشینگتۆن دەبێ واز لە "دەستێوەردان" لە دانوستانە هەرێمییەکان بهێنێت.

هەواڵگرییەکانی عەرەبستانی سعوودی و ئەمریکا ئاشکرای دەکەن کە ڕێژیم میلیشیا عێراقی و حوسییەکان بەرەو هێرشی هاوئاهەنگ بۆ سەر عەرەبستانی سعوودی هان دەدات. کاربەدەستانی سعوودی لەو بڕوایەدان هێرشەکان وەها ڕێک دەخرێن کە هەمان دانوستان پەک بخەن کە تاران ئیدیعا دەکات بە نیازپاکییەوە بەتەمای بەئەنجامگەیاندنیانە.

ڕێژیمی ئێران بەم ئاکارانەی لاوازیی خۆی دەشارێتەوە. ئەگەرچی لە دۆخێکی لاوازەوە دانوستان دەکات، بەڵام مانەوەی خۆی وەکوو سەرکەوتن پیشان دەدات. نوخبەکانی ڕێژیم بەم شێوەیە هەوڵ دەدەن گوتاری جەنگ، خێراییی دانوستانەکان و مەرجەکانی هەر جۆرە ڕێککەوتنێک کۆنترۆڵ بکەن.

دیپلۆماتەکانی ئەمریکا پێشتر ئەمەیان دیتووە. پاش دانوستان لەگەڵ سەرۆکوەزیران محەممەد موسەددیق لە کاتی قەیرانی بەنیشتمانیکردنی نەوت لە ١٩٥١–١٩٥٣، ڤەرنۆن واڵتێرز، وەرگێڕی ویلیام ئاڤەریل هاریمەن (بەڕێوەبەری ئاژانسی ئەمنییەتی هاوبەش لە ساڵەکانی ١٩٥١–١٩٥٣) بە گاڵتەوە دەیگوت موسەددیق "هونەری هەنگاوێک بەرەوپێش بە مەبەستی گەڕانەوەی دوو هەنگاو بەرەو دواوە"ی تەکمیل کردووە. تەمەنێک و شۆڕشێک دواتر، هێندێک لایەنی سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەم شێوەیە دەرکەوتووە. سازش وەک لاوازی لێک دەدرێتەوە و لاوازیش، بێتوو کەڵکی لێ وەرنەگیرێت، بە مانای شکست و شکانە.

تۆماس شێلینگ، ستراتێژیستی شەڕی سارد کە لەسەر تاکتیکەکانی دانوستان شتی نووسیوە، ئاماژەی بەوە کردووە کە لاوازی دەتوانێ ببێتە خاڵی بەهێزی، بێتو ئەو لایەنەی بژاردەی کەمتری لەبەر دەستدان دەست بە سووتاندنی پردەکانی پشت سەری خۆی بکات و بڵێ پاشەکشە بژاردەیەک نییە. ئەمە دەبێتە هۆی سازشی ئەو لایەنەی کە بژاردەی زۆرتری لەبەر دەستدان و کەمتر بەرگەی ئازار دەگرێت. تاران دەقاودەق ئەم کارە دەکات، هەڵوێستەکەی دەگۆڕێت و لیستەی مەرجەکانی جێگای پەسەندی بەرتەسک دەکاتەوە، سەر لە ناوبژیوانان لە ژنێڤ، ئیسلامئاباد و مەسقەت دەشێوێنێت.

واشینگتۆن چوار گریمانەی هەڵە لەبارەی ئێراندا دەکات. یەکەم، کاربەدەستانی وڵاتە یەکگرتووەکان گریمانەی ئەوە دەکەن کە ڕێژیم بکەرێکی ئەقڵانییە کە تێچووەکان و دەستکەوتەکان هەڵدەسەنگێنێت. تاران لە کاتی هەڕەشەی مان و نەماندا وریایی پیشان داوە، خولیاکانی دابەزاندووە و سازشی نەرمی لەمەڕ بەرنامە ناوکییەکەی قبووڵ کردووە. بەڵام ئەو لە هەمان کاتدا دەوڵەتێکی شۆڕشگێڕە و، لە ١٣٥٧ بەولاوە بە بیروباوەڕی ئایدیۆلۆژیک و هەروەها هەڵسەنگاندن لەسەر پێ ماوەتەوە. توانایی سەربازیی واشینگتۆن فرە لە هی ئێران زیاترە، بەڵام ئەو ناتوانێ ئەم وێنەیەی ڕێژیم وەک ڕێبەری "بەرەی مقاومەت" کە لەسەر ئەفسانە بنچینەییەکانی خۆی دامەزراوە و سازش وەک لادان لە ڕێگای ڕاست سەیر دەکات، نە وەکوو کارێکی باش، بە زۆری بسڕێتەوە.

دووهەم، دانوستانکارانی ئەمریکایی پێیان وایە ئاستێکی دیاریکراوی ژان و ئازار هەیە کە لەوە بەولاوە ڕێژیم تێکدەشکێت. ڕەنگبێ ئەمە ڕاست بێ، بەڵام بە هۆی پەلەی واشینگتۆن بێئاکام دەمێنێتەوە. گەمارۆ دەریاییەکەی وڵاتە یەکگرتووەکان دژی هەناردەکردنی نەوتی ئێران کە لە ١٣ی مانگی ئاپریلەوە دەستی پێکردووە، نموونەیەکی ئەوتۆیە: بە گوتەی بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ، زەرەری ڕۆژانەی ئێران بە هۆی ئەم گەمارۆیەوە بە ٥٠٠ میلیۆن دۆلاری ئەمریکی دەخەملێندرێت، لەگەڵ ئەوەشدا لە مانگی جوون، بەر لە هەر جۆرە سازشێکی بەرچاوی ئێران، گەمارۆکە هەڵگیرا. گیروگرفتەکە ڕەنگبێ ئەوە نەبێ کە تاران ناگاتە ئاستی دیاریکراوی ژان، بەڵکوو واشینگتۆن هێندە دان بە خۆیدا ناگرێت کە ژانەکە بگاتە ئەم ئاستە.

سێهەم، دیپلۆماتەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان بە هەڵە پێیان وایە دۆڕان لە مەیدانی جەنگ دەبێتە هۆی دۆڕان لە کاتی دانوستاندا. تەسلیمبوون پاش شکستی سەربازیی تەواو، بیرەوەریی بنەڕەتیی کولتووری ستراتێژیی ئەمریکایە، لە ١٩٤٥ هەتا جەنگی ١٠٠ کاتژمێریی دژی عێراق لەژێر ناوی ئۆپەراسیۆنی "گەردەلوولی بیابان" لە ١٩٩١. بەڵام ئەوان سەرکەوتووی جەنگی هێزی پیادە بوون، نەک هەڵمەتی ئاسمانی بەتەنیا. تەنانەت لە کۆسۆڤۆ، نموونەیەک کە زۆرجار وەک توانایی هێزی ئاسمانی بۆ بەچۆکداهێنانی بەرهەڵستکارێک باسی لێوە دەکرێت، ناتۆ تەنیا کاتێک سەرکەوت کە داگیرکاریی هێزی پیادە وێدەچوو گەلێک نزیک بێت. بەکرێگیراوانی ئێران تەفروتونا کراون و دانوستانکارەکانی لە عومان هێشتا وەکوو براوە هەڵسوکەوت دەکەن.


چوارەم، وڵاتە یەکگرتووەکان وا دەزانێ پشێویی نێوخۆیی پێگەی دەوڵەت لە دەرەوە لاواز دەکات. یاسای سزادانی کۆماری ئیسلامیی ئێران نارەزایەتیی نێوخۆ وەک "موحاربە" یان "شەڕ دژی خودا" پێناسە دەکات، تاوانێک کە سزاکەی کوشتنە. دادئەستێنی گشتیی ئێران، محەممەد مووەحیدی-ئازاد، ئەم ستانداردەی لە مانگی جانیوەریدا بە شێوەیەک بەرفراوان کرد کە زەرەرگەیاندن بە موڵکی گشتی بگرێتەوە و ڕێنوێنی دادوەرەکانی کرد ئەم جۆرە تاوانبارانە بێبەزەییانە سزا بدەن. ڕێژیمێک کە ئامادەییی کوشتنی هەزاران کەس لە خەڵکی خۆی پیشان داوە، توانایی خۆڕاگری لە بەرانبەر ژانێکی فرە بەرچاویشدا هەیە بەر لەوەی تەسلیم بێت. ئەو دەیهەوێ گشت دانوستانکارانی ئەوبەری مێزەکە لەوە تێبگەن.

هیچکام لەوانە بەو مانایە نییە کە ڕێژیم لە ئاسایشدا بێت. ئەو ڕەنگبێ بگاتە سنووری ئاستی دانبەخۆداگرتنی واشینگتۆن. سەرۆک کۆمار ترامپ ڕۆژی یەکشەممە بە ئاکسیۆسی گوتبوو کە ناوبراو "تەنیا خەریکی شێوە دانوستانە" و "ئەم کارە بە ئارامی لەگەڵ ئێران دەکات،" کە وێدەچێ بە مانای گەڕانەوە بۆ ئۆپەراسیۆنی تووڕەییی ئابووری و دەستپێکردنەوەی گەمارۆی دەریاییی ئێران بێت. ئەمە بڕیارێکی دروستە. ستراتێژیی خنکاندنی بێدەنگی ڕێژیم کارێکی ئاسایی نییە؛ پێشگرتن لە داهاتی ڕۆژانەی ٥٠٠ میلیۆن دۆلار و نەهێشتنی هەناردەکردنی بەرهەمەکانی پێترۆشیمیی ئێران کارێکی کەم نییە. بە گوتەی میعاد مالیکی لە دامەزراوەی داکۆکی لە دیمۆکراسییەکان، ئەم هەڵوێستە بووەتە هۆی شکستهێنان لە دانەوەی قەرزەکان و کەڵەکەبوونی قەرزەکانی کۆمپانیای نیشتمانیی نەوتی ئێران و، لە ئاکامدا لاوازکردنی ڕێژیم بە هۆی چەرەمسەریی ئابوورییەوە. بە پێچەوانەی سەرکەوتن لە ئاسمانەوە، ڕەنگبێ دەقاودەق ئەم هێرشە هێواشە بێت کە سەرۆک کۆمار باسی لێوە دەکات.

لەگەڵ زەختخستنە سەر تاران، واشینگتۆن پێویستە ڕوونی بکاتەوە خوازیاری چییە، نەک تەنیا باسی ئەوە بکات کە دژی چییە. لێرەدا گیروگرفتێک لە گەیاندنی پەیامدا هەیە کە ڕێژیم بەردەوام کەڵکی خراپی لێ وەرگرتووە. واشینگتۆن پێویستە ڕێگای نوێ بۆ ئەستاندنەوەی گوتار لە ڕێژیم بدۆزێتەوە و خۆ لە ڕاڕایی ببوێرێت، جیاوازی لە نێوان ڕێژیم و خەڵکدا دابنێت، لاوانی ئێران تێوەبگلێنێت، لە کاتی پچڕاندنی ئینتەرنێت لە لایەن ڕێژیمەوە دەستڕاگەیشتن بە ئینتەرنێت مسۆگەر بکات و کەسایەتییە سەرەکییەکان کە ڕەنگبێ لە ئێرانی دوای نەمانی ڕێژیمدا دەور بگێڕن بەهێز بکات. سەپاندنی گەمارۆی فیزیکی ڕەنگبێ ساکارتر لە ورووژاندنی ٨٠٪ی ئەو ئێرانییانە بێت کە دژی ڕێژیمن. بەڵام بەدەسەڵاتکردنی بەرهەڵستکاران ستراتێژییەکە کە ڕەنگبێ لە کاتێکدا کە ڕێژیم بۆ مانەوەی خۆی خەبات دەکات، بەرهەمدار بێت.

تاران بریندارە، بەڵام شەکەت نەبووە. توانیویەتی لە دوو شەڕ، قەڵاچۆکرانی ڕێبەرییەکەی، تەفروتونا بوونی بەرگریی ئاسمانی و دەریایی، لاوازبوونی ڕایەڵەی بەکرێگیراوانی و ئابوورییەکەی بەرەو هەڵدێر دەرباز بێت؛ ئەمەش ڕێگای پێ داوە بە تاقمێک وەرەقی لاوازەوە کایەیەکی بەهێز بکات. وڵاتە یەکگرتووەکان و ئیسرائیل بە شێوەیەکی بەرچاو تواناییەکانی ڕێژیمیان لاواز کردووە. دانوستانکارانی وڵاتە یەکگرتووەکان هەروەها پێویستە واز لە گریمانە کۆنەکان بە قازانجی تێگەیشتن و ستراتێژیی فرەچەشنتر بهێنن. تا ئەمە ڕوو نەدات، تاران درێژە بە کەڵکوەرگرتن لە کارتە لاوازەکانی و شێواندنی کایەکە دەدات.

## بەڕێوەچوونی سێمینارێک لە ئاڵمان بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ



ڕۆژی شەممە ٢٤ی گەلاوێژی ١٤٠٥، سێمینارێک بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ ٨١ەمین ساڵیادی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری فرانکفۆرت بەڕێوە چوو.

لە پانێلی یەکەمی سمینارەکەدا خاتوو ئێلهام چایچی ئەندامی حیزبی دێموکرات؛ کاک خالید حەسەنپوور، چالاکی سیاسی و دوکتور ئازاد محەممەدیانی ئەندامی کۆمیتەی پەیوەندییەکانی حیزبی دێموکرات بەشدار بوون. باسەکەی خاتوو ئێلهام چایچی لەو سمینارەدا لەژێرناوی "ڕۆڵی ژنان لە دامەزراندنی حیزبی دێموکرات"دا پێشکەش کرا و کاک خالید حەسەنپوور باسێکی هەبوو لەژێر ناوی "مێژووی حیزبی دێموکرات لە سێ قۆناغدا". دواتر دوکتور ئازاد محەممەدیانی بابەتێکی لەژێر ناوی "حیزبی دێموکرات، ستراتێژی و گۆڕانکارییەکان" پێشکەش کرد.

پانێلی دووهەمی سمینارەکەشە تایبەت بە شۆڕشی ژینا بوو و لەو پانێلەشدا خاتوو ڕادا فاتحی، هیوا حوسێنپووری؛ ئاریا ئوستادئیبراهیمی و ئەرەستوو پاسیار لە بریندارانی شۆڕشی ژینا وێڕای پیرۆزبایی ٨١ەمین ساڵیادی دامەزراندی حیزبی دێموکرات باسیان لە بزووتنەوەی ژینا و بارودۆخی خۆیان و بنەماڵەکانیان لەو سەردەمەدا کرد.

خوێندنەوەی پەیامەکانی یەکیەتیی ژنان و ناوەندی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان، خوێندنەوەی چەند شێعر و پەخشان لەلایەن خاڵە قازی و پەرویز شێخی و چەند سروود لەلایەن هونەرمەند خەبات مودەڕیسی چەند بڕگەیەکی دیکەی ئەو سمینارە بوون.

دارسمە
دەنووکی لە سمین ناپارێزێ

## کۆماری ئیسلامی و هونەری «ژیان بەبێ کەلوپەل»

وڵاتانی جیهان، بێجگە لەم ئێرانەی خۆمان، زۆر لە کاروان جێ ماون و بەتەواوی لە کولتوور و ڕەسەنایەتیی نەتەوەیی دوور کەوتوونەتەوە. لەو وڵاتانەدا، بەردەوام هەوڵ دەدرێت خەڵک بە شێوەیەک پەروەردە بکرێن کە بەتەواوی تەنبەڵ و تەوەزەل بار بێن و توانای هیچ کارێکیان نەمێنێت. بەڵام ئەم ئێرانەی خۆمان حیسابی جودایە؛ دەسەڵاتدارانی تاراننشین بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم قەیرانە جیهانییە، ڕێبازێکی زۆر بێوێنە و داهێنەرانەیان گرتووەتە بەر. ئەوان دەیانەوێت بە بڕینی دەستی تەکنەلۆژیا، خەڵکێکی سەربەخۆ و بێمنەت دروست بکەن و لەو کەرەستە هیچ و پووچانەی مرۆڤ تەنبەڵپەروەر دەکەن، دووریان بخەنەوە.

مرۆڤی وڵاتانی دیکە زۆر ناشوکر و لەخۆبایی بوون. بۆ نموونە، لە کاتێکدا خوای گەورە پەنجە و نینۆکی پێ بەخشیوین بۆ ئەوەی خواردنی پێ پارچەپارچە بکەین و بیخەینە دەممانەوە، ئەوان هاتوون «چەنگاڵ»یان هێناوەتە نێو فەرهەنگی خواردنەوە! لە جیاتی ئەوەی بەم پەنجە خواپێداوانە خواردنەکە بپچڕێنن، بە چەنگاڵ دەیهاوێژنە زاریانەوە. لە لایەکی دیکەشەوە، تەواوی دەم و ددانی خۆیان خەجاڵەتبار کردووە. کۆمەڵێک دەزگا و ئامێری هاڕین و تێکەڵکەری کارەباییان داهێناوە بۆ ئەوەی دانەوێڵە و خواردنە ڕەقەکانی پێ ورد بکەن و شلی بکەنەوە. بەم کارەش، ددانەکانی نێو دەم بەتەواوی تەنبەڵ و تەوەزەل دەبن، بێ هیچ ئەرکێک لەسەر پووک و پدووەکان پاڵ دەدەنەوە و وەک ئەوەی خەویان لێ کەوتبێت، سەیری ئەو خواردنە شلکراوەیە دەکەن بەسەریاندا تێدەپەڕێت، بە گەروو و سورێنجکدا بەرەو گەدە شۆڕ دەبێتەوە، بەناو دوازدەگرێ و ڕیخۆڵاندا دەچێتە خوار و لەولاشەوە بەشی هەرەزۆری دەبێتە پاشەڕۆ.

جا لێرەدا پەرژینێکی بە گوڵ لە نێوان خۆم و تۆی خوێنەری بەڕێز و خاوەن کەسایەتی دادەنێین، با بە کورتی باسێکیش لە دۆخی پاشەڕۆ و ئاودەست بکەین. جاران کاتی چوونە سەرئاو، لە خوارەوە حەوت جار پڕ بەم مستە جوانە گۆلم گۆلم ئاومان بە خۆماندا دەکرد، ئەگەر هەستمان بکردایە پاک نەبووینەتەوە، دووبارە دەستمان بەکار دەبووەوە. بەڵام ئێستا لە وڵاتانی جیهان، ئاودەستی وایان دروست کردووە دەڵێی نیشانەشکێنی چەکدارە! بێ ئەوەی یەک دڵۆپ دەستت تەڕ بکەیت، بە فشاری ئاو ڕاست ئامانجی خۆی دەپێکێت و خوارەوەت بۆ دەشوات. ئا لێرەدایە دەست و بازووش تەنبەڵ دەبن و لە کار دەکەون و ئیدی مرۆڤ بەتەواوی تەوەزەل دەبێت.

با بێینە سەر بەشەکانی دیکەی ژیان. ئامێری وایان دروست کردووە بە بیستنی ناویان سەرت سوڕ دەمێنێت: فێنککەرەوە، باوەشێنی کارەبایی، هەویرشێل، تێکەڵکەر، ساردکەرەوە، سەهۆڵکەر، جلشۆر، قاپشۆر و سەدان شتی دیکە. هیچ گومانێک لەوەدا نییە بەکارهێنانی هەموو ئەمانە، ناشوکرییە بەرانبەر بەو جەستەیەی خۆی توانای ئەنجامدانی هەموو ئەو کارانەی هەیە.

ئێستا دەسەڵاتدارانی ئێران، بە حیکمەتی خۆیان دۆخێکی وایان ڕەخساندووە بە زۆرەملێ لەو کەرەستە بێبایەخ و زیانبەخشانە دوور بکەوینەوە، جا چەند باشە تۆی هاووڵاتیش هاوکار بیت! ئایا ساردکەرەوە گران بووە و ناتوانیت بیکڕیت؟ زۆر ئاساییە، خۆراک بۆ هەڵگرتن مەکڕە؛ هەر کە کڕیت خێرا بیخۆ و تەواوی بکە. جلشۆرەکەت پەکیکەوتووە و پارەی چاککردنەوەیت نییە؟ فەرموو قۆڵت هەڵماڵە و بە دەست جلەکانت بشۆ. گەسکە کارەباییەکەت سووتاوە؟ فەرموو بە گەسکی دار و خۆماڵی ماڵەکەت بماڵە، مەگەر لە فۆلکلۆری دەوڵەمەندی خۆماندا نەگوتراوە: «دوو ڕەشماڵەی ڕەشکۆکە هەڵیان دا لە کوڕەداڵی، دوو کیژی گوارەزێڕن بە جووت پێش ڕەشماڵیان دەماڵی»؟

بەڵام هەر لەو کاتەوەی خەڵکی ئێمە لاسایی وڵاتە تەنبەڵپەروەرەکانیان کردووەتەوە، حەیامان چووە. ڕۆژنامە و ماڵپەڕەکانیش تێیدا ڕاناوەستن و باسی هەموو شتێک دەکەن. ئەوەتا «غەزەل» کە کارمەندێکی بانکە، گلەیی ئەوە دەکات کە چاککردنەوەی فێنککەرەوەی ئۆتۆمبێلەکەی نزیکەی بیست میلیۆن تمەنی تێدەچێت. ئەو دەڵێت چەند ساڵێک پێشتر بەم پارەیە ئۆتۆمبێلێکی تەواو دەکڕدرا، کەچی ئێستا تەنیا بەشی ئەوە دەکات چەند ڕۆژێک تۆزێک هەوای فێنک بکاتە نێو ئۆتۆمبێلەکەیەوە.

دەی باشە تۆ بڵێ غەزەل خانم، جەنابت لەنێو ئۆتۆمبێلدا فێنککەرەوەت بۆ چییە؟ یان هەر بێ فێنککەرەوە لێی بخوڕە، یان لە بنەڕەتدا بیفرۆشە و بەیانیان بە پێ بڕۆ بۆ بانک و ئێواران بگەڕێوە. دەزانی بەم کارە سێ گۆڕانکاریی گەورە لە ژیانتدا ڕوو دەدات؟ یەکەم: گیرفانت پڕ دەبێت. دووەم: ورگت دەپووکێتەوە. سێیەم: ڕان و هەرامەت ئەستوور و بەهێز دەبن!

بەهۆی ئەم نێعمەتانەوە، ئێستا زۆربەی ماڵەکان بوونەتە مۆزەخانەی مێژوویی: جلشۆری پەککەوتوو، مایکرۆوەیڤی بێدەنگ، ئوتووی سووتاو و گەسکێکی کارەبایی کە تەنیا وەک مێزێکی بچووک لە گۆشەیەکدا دانراوە. کاتێکیش میوان دێت، خاوەنماڵ بە شانازییەوە ڕووی تێ دەکات و دەڵێت: «قوربان ئەمە جلشۆرەکەمانە، لە ساڵی ١٤٠٢ـەوە بە فەرمی خانەنشین کراوە! ئەمەش مایکرۆوەیڤەکەیە، لەبەر نەبوونی بودجە، ئێستا تەنیا وەک سەعات بەکاریدەهێنین و ژمارەکانی کار دەکەن!»

دەی باشە کاکی خانەخوێ، مادەم وایە، هەر لە سەرەتاوە ئەمانەت بۆچی دەکڕی و ماڵی خۆتت پێ قەرەباڵغ دەکرد؟! لێرەدا سڵاوێکی گەرم لەو دەستەڵاتدارانە هەوڵ دەدەن کەس نەتوانێت ئەم کەرەستە ومەرستە زیادییانە بکڕێت و فێری ژیانی بێ کەلوپەلت دەکات.

# KURDISTAN

Publishing by Democratic Party of Iranian Kurdistan

NO: 925 22 August 2026



ناونیشانی ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

ئیمەیلی ڕۆژنامەی کوردستان:
info@kurdistanmedia.com

ئیمەیلی تەشکیلاتی نهێنی:
Tashkilat.kdp92@gmail.com

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com www.kurdch.tv
Yahsat 1A @ 52.5° East Frequency: 12149
polarization: Vertical -27500 FEc : 3/4


# ڕۆمانی "دەراو" چاپ و بڵاو بۆوە

«دەراو»، ڕۆمانە تازەکەی مستەفا شێخە، نووسەر و ڕۆماننووسی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چاپ و بڵاو بۆوە.

لە جیهانی ئەدەبیاتدا، هەندێک ڕۆمان هەن خوێنەر ناتوانێت تەنیا وەک تەماشاکەرێک بە دیاریانەوە دابنیشێت، بەڵکوو دەبێت خۆی ببێتە بەشێک لەو پرسیار و بێدەنگییانەی لە توێتوێی دەقەکەدا شاردراونەتەوە. ڕۆمانی «دەراو» کە لەلایەن دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانییەوە چاپ کراوە، یەکێکە لەو بەرهەمە تایبەتانە.

لە خوێندنەوەی «دەراو»دا دەردەکەوێ کە ئەم نووسینە چیرۆکێکی باو و تەقلیدی نییە سەرەتا و نێوەند و کۆتاییەکی پێشبینیکراوی هەبێت؛ بەڵکوو گەشتێکی ئاڵۆز و فرەڕەهەندە بۆ نێو گۆشە شاراوەکانی ڕۆحی مرۆڤ. نووسەر لەم بەرهەمەدا شوێنکاتی خستووەتە خزمەت دۆخێکی دەروونیی تایبەتەوە. ئەو فەزایەی ڕووداوەکانی تێدا تێدەپەڕێت، فەزایەکە سنوورەکانی نێوان واقیع و خەون، هۆشیاری و وڕێنە، ڕابردوو و ئێستای تێدا کاڵ بووەتەوە و تێکەڵ بە یەکدی دەبن.

کارەکتەرەکانی ئەم ڕۆمانە (کە ناویان بێوار، هێشوو، مامۆستا کاردۆ، مەغدیدە) زیاتر لەوەی پاڵەوانی ئاسایی چیرۆکێک بن، سێبەر و دەنگدانەوەی کۆمەڵێک مرۆڤی سەرگەردانن بەدەست قورسایی بیرەوەرییەکان، تارماییەکانی ڕابردوو، و پرسیارە بێوەڵامەکانی ژیانەوە دەناڵێنن. دیالۆگەکانیان زۆرجار وەک ئەو مۆنۆلۆگە دەروونییە وایە مرۆڤ لە کاتی تەنیاییدا لەگەڵ خودی خۆیدا دەیکات. ئەوان لە گەڕانێکی بەردەوام دان بۆ دۆزینەوەی دەراوێک، گەڕان بە دوای پێناسەیەک بۆ مانەوە، یان تەنانەت بۆ ونبوونێکی هەمیشەیی.

یەکێک لە خاڵە بەهێزەکانی «دەراو»، زمانەکەیەتی. مستەفا شێخە زمانێکی پەخشانەشیعری و دەوڵەمەندی بەکار هێناوە، بە تێکەڵکردنی شێوەزارەکان و بەکارهێنانی تەکنیکی لێشاوی ئاگایی، وای کردووە دەقەکە ببێتە تابلۆیەک کە پێویستی بە تێڕامانی قووڵ هەبێت. سروشت و توخمەکانی لەم ڕۆمانەدا تەنیا پاشخانێک نین بۆ ڕازاندنەوە، بەڵکوو بەشێکی زیندوون لە گێڕانەوەکە.

«دەراو» ڕۆمانێک نییە پەیامێکی ئامادەکراو و ڕوون بخاتە بەردەست خوێنەرەکەی یان کارئاسانیی بۆ بکات لە هەرسکردنی نێوەڕۆکەکەیدا. بەپێچەوانەوە، ئەم کتێبە دەروازەیەکی کراوەیە و مەرج نییە دوو خوێنەر بە هەمان شێوە لێی تێبگەن. هەر کەسێک کە ئەم ڕۆمانە دەخوێنێتەوە، بەپێی ئەزموونی شەخسی و پاشخانی فیکریی خۆی، تێگەیشتن و مانایەکی جیاواز لە دەقەکە هەڵدەهێنجێت.




شایانی باسە «کۆچی هەورەتریشقە» ڕۆمانێکی دیکەی مستەفا شێخە، ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی ‹کوردستان›ە کە ساڵی ١٣٩٣ چاپ و بڵاو ببۆوە.

# چەند کۆبوونەوەیەکی دیکە بەبۆنەی ساڵیادی دامەزرانی حیزبی دێموکرات



شەوی یەکشەممە، ٢٥ی گەلاوێژی ١٤٠٥، بە بۆنەی هەشتا و یەکەمین ساڵیادی دامەزراندنی حیزب سپەیسێک لەلایەن بەشی سۆشیاڵ میدیای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دەرەوەی وڵات لە پلاتفۆرمی ئێکس بەڕێوە چوو. لەو سپەیسەدا حەسەن واڕی، کادری سیاسیی حیزبی دێموکرات لەم گفتوگۆیەدا، لەگەڵ باسکردنی مێژووی حیزب، هەوراز و نشێوەکانی خەباتی ئەو حیزبە و بارودۆخی سیاسیی کوردستان، وڵامی کۆمەڵێک پرسیاری شیکاریی سەبارەت بە ڕابردوو، ئێستا و داهاتووی حیزب دایەوە.


ڕۆژی شەممە ٢٤ی گەلاوێژیش لە کۆمیتە ناوچەی ئۆسلۆ ڕێورەسمێک بە بۆنەی هاتنەوەی ٢٥ی گەلاوێژ بەڕێوە چوو. خوێندنەوەی پەیامی هاوبەشی ڕێکخراوە مەدەنییەکان و ناوەندی پێشمەرگە دێرینەکان و پێشکێشکردنی چەند سروود و گۆرانی برگەکانی دیکەی ئەو ڕێورەسمە بوون.

ئێوارەی هەمان ڕۆژ کۆمیتەی ناوچەی «ئۆستفۆڵد»یش ڕێورەسمێکی بەو بۆنەیە بەڕێوە برد. خوێندنەوەی پەیامی کۆمیتە، پەیامی کۆمەڵەی کوردیی ئۆستفۆڵد و پەیامی پێشمەرگە دێرینەکانی دێموکرات چەند برگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەمە بوون. ڕێوڕەسمەکە بە شێعر و پەخشان و گۆرانیی هونەرمەند دڵنیا ڕەزازی پتر ڕازایەوە.

بەر لە ماڵاوایی

# دیپلۆماسیی بێ دەوڵەت:

## (گوزار لە پارادیپلۆماسییەوە بۆ ڕۆڵگێڕانی ستراتیژی لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا)



زانیار حوسێنی

دوای هەشت دەیە لە دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، گۆڕەپانی سیاسیی ئەو حیزبە لە جوگرافیای نێوخۆیی و سنوورە نەریتییەکانی کوردستانی ئێراندا سنووردار نەماوە. پرۆسەی کەڵەکەکردنی ئەزموون، تێپەڕاندنی قەیرانە یەک لە دوای یەکەکان، بەرگەگرتن لەبەرانبەر شەپۆلی قورسی سەرکوتکردن و خۆگونجاندنێکی ژیرانە لەگەڵ گۆڕانی ڕاستییەکانی سیستەمی نێودەوڵەتیی مۆدێرن، حیزبی لە بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیستیی لۆکاڵییەوە گۆڕیوە بۆ ڕۆڵگێڕێکی خاوەن ڕەهەندە نێودەوڵەتییەکان. لە ونبوونی میکانیزمە نەریتییەکانی حوکمڕانی و ئامرازە یاساییەکانی دەوڵەتە نەتەوەییەکاندا، ئەو حیزبە هەوڵی داوە بە دروستکردنی «کارایی سیاسیی بەردەوام» لە ناوەندەکانی بڕیاردانی جیهانی لە واشنگتۆن تا برۆکسل، ئەو بۆشاییە پێکهاتەییە پڕ بکاتەوە کە لە ئەنجامی «نەبوونی دەوڵەت»ەوە دروست بووە.

ئەم گەشەسەندنە تەنیا ڕێبازێکی تاکتیکی و کاتی نییە، بەڵکوو گۆڕانکارییەکی بنەڕەتییە لە پارادایمی خەبات و تێکۆشانی حیزبدا؛ گۆڕانێک لە بەرخۆدانی نێو سنوورەوە بۆ دیپلۆماسیی نێودەوڵەتی کە هەوڵ دەدا قورسایی ژێئۆپۆلەتیکی و یاسایی پرسی کورد لە هاوکێشە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکاندا بەرز بکاتەوە.

**تێپەڕاندنی چوارچێوەی نەریتیی سیستەمی نێودەوڵەتی**

بەپێی تێڕوانینە نەریتییەکان لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، بەتایبەت لە مەکتەبی ڕیالیستیدا جەخت لەسەر پاراستنی هاوسەنگیی هێز و ئاسایشی نەتەوەیی دەکرێ و دەوڵەت بە قۆرخکاری ڕەهای دەسەڵات و تاکە ئەکتەرێکی ڕەوا دادەنرێ. لەم چوارچێوەیەدا، سەروەریی خاک، قۆرخکردنی توندوتیژی و هەبوونی کورسی لە نەتەوە یەکگرتووەکان، مەرجی پێویستن بۆ دیپلۆماسی. بەڵام وەرچەرخان لە سیستەمی وێستفالییەوە بۆ سیستەمێکی جیهانیی ئاڵۆز بە هۆی گلۆبالیزاسیۆن و تەکنۆلۆژییە نوێیەکان، ئەم قۆرخکارییەی تووشی چالێنج کردووە.

لە پانتایی سیاسیی هاوچەرخدا، ڕۆڵگێڕە نادەوڵەتییەکان—لەوانەش بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکان، هاوپەیمانییە نێودەوڵەتییەکان، ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، کۆمەڵگەی مەدەنی و تۆڕەکانی ڕەوەند—بوونەتە کارایی کاریگەر لەسەر بیروڕای گشتیی جیهانی و داڕشتنی نۆرمە نێودەوڵەتییەکان. بۆ گەلانی بێدەوڵەت، ئەم ستراکتورە نوێیە دەرفەتێکی مێژووییە بۆ بەرزکردنەوەی قورسایی ژێئۆپۆلیتیکی خۆیان لە ڕێگای دیپلۆماسیی شارومەندی، لۆبیی پێکهاتەیی، میدیا و دیپلۆماسیی پارلەمانی.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ساڵی ١٩٤٥ەوە هەتا ئێستا، کەیسێکی دیاری پەرەسەندنی ڕۆڵگێڕیی نادەوڵەتی بووە. ئەم حیزبە بە تێگەیشتن لە پێشهاتەکانی سیستەمی نێودەوڵەتی، توانیویەتی خۆی لە کۆت و بەستە ژێئۆپۆلیتیکییەکان ڕزگار بکا و خۆی وەک بەردەنگێکی سەقامگیر، بەرپرس و دێموکراتیک بخاتە ڕوو. یەک لە ئامرازە بەردەستەکانیشی، ڕێکخراوە مەدەنییەکانی خۆیەتی وەک ژنان، لاوان و خوێندکاران کە لە چوارچێوەی سیاسەتێکی گونجاوەوە لە چالاکیدان.

**چەمکی پارادیپلۆماسی و ئامرازە کردارەکییەکانی**

لە ئەدەبیاتی زانستی سیاسی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، چەمکی «پارادیپلۆماسی یان دیپلۆماسیی نافەرمی» وشەی سەرەکییە بۆ شیکردنەوەی ئەم پرۆسەیە. پارادیپلۆماسی ئاماژەیە بۆ چالاکیی ئەو ئەکتەرانەی لە سەروەری فەرمیی دەوڵەت بەهرەمەند نین، بەڵام هاوتەریب یان لە دەرەوەی دیپلۆماسیی فەرمی، لەگەڵ پارلەمان، حیزبەکان، کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان لەپێناو ئامانجەکانیاندا پەیوەندی دادەمەزرێنن.

هەرچەند حیزبێکی سیاسیی بێدەوڵەت ناتوانێ پەیماننامەی دوولایەنە واژۆ بکا، باڵیۆز بنێرێ یان لە شورای ئەمنییەت مافی دەنگدانی هەبێ، بەڵام کۆمەڵێک ئامرازی کاریگەری دیکەی هەیە کە ئەگەر ژیرانە بەکاری بهێنێ، کاریگەریی قووڵی دەبێت؛ وەک:

- دیپلۆماسیی پارلەمانی: پەیوەندیی ڕاستەوخۆ و گفتوگۆی بەردەوام لەگەڵ نوێنەرانی پارلەمانە نیشتمانییەکان و پارلەمانی ئورووپا بۆ خستنەڕووی داواکارییەکان لە شێوەی پێشنیار و بڕیارنامەدا.
- دیپلۆماسیی حیزبی و هاوپەیمانی: پەیوەستبوون بە تۆڕە گەورەکانی حیزبە جیهانییەکان وەک «ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست». ئەمە ڕەوایی ئایدیۆلۆژی بە حیزب دەبەخشێ و ڕێگەی پێ دەدا ئەزموونەکان لەگەڵ بزووتنەوە دێموکراتیکەکانی دیکە هاوبەش بکا.
- دیپلۆماسیی گشتی و میدیایی: کەڵکوەرگرتن لە بیروڕای گشتیی جیهانی، دامەزراوەکانی مافی مرۆڤ، زانکۆکان و میدیاکان بۆ تیشکخستنەسەر سەرکوتی سیستماتیک و دۆخی مافی مرۆڤ لە کوردستان.

دامەزراندن و پەرەپێدانی «بەشی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حیزبی دێموکرات» لەو چوارچێوەیەدا مانادار دەبێ. وەرچەرخان لە پەیوەندییە نەریتی و تاکەکەسییەکانەوە بۆ پێکهاتەیەکی بروکراتی و سیستماتیک لە دیپلۆماسیدا، ئاماژەیە بۆ پەرەسەندنی ڕێکخراوەیی حیزب، تا کارلێکە دەرەکییەکان ببنە بەرنامەیەکی ستراتیژی لە سیاسەتی دەرەوەیدا.

**گۆڕانی جوگرافی و مەیدانی خەبات**

ڕێبازی پێشهاتە دیپلۆماسییەکانی حیزبی دێموکرات، گێڕانەوەی گۆڕانکارییەکی ستراتیژییە. خاڵی دەستپێک لە ساڵی ١٩٤٥ بە دامەزرانی کۆماری کوردستان بوو لە مەهاباد، کە بۆ یەکەمجار دامەزراوەیەکی حوکمڕانیی مۆدێرنی پێک هێنا. دوای داڕمانی کۆمار و دەسپێکی دەیان ساڵ بەرخۆدانی چەکداری، بە ناچاری فۆکووسی حیزب تەنیا لە شاخ و سنوورەکاندا سنووردار بوو. بەڵام لەم دەیان ساڵەی دواییدا ناوەندی کێشکردنی چالاکییەکان گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

واشنگتۆن وەک پایتەختی بڕیاردانی ماکرۆستراتیژی و برۆکسل وەک دڵی دیپلۆماسیی فرەلایەنەی یەکیەتیی ئورووپا، کاریگەرییان لەسەر دیپلۆماسیی حیزب داناوە. ئامادەبوونی نوێنەرانی حیزب لە کۆبوونەوە تایبەتمەندەکان و زانکۆ بەناوبانگەکانی ڕۆژئاوا، ڕەهەندە نوێیەکانی خەباتی ئاوەڵا کردووە کە تێیدا قەڵەم و تریبۆن شانبەشانی بەرخۆدانی مەیدانی مانا دەکرێنەوە. ئەمەش بەو مانایەیە کە چارەنووسی بزووتنەوەیەک تەنیا لە بەرەکانی شەڕدا دیاری ناکرێ، بەڵکوو بە بەدەستهێنانی پشتیوانیی سیاسی لە ناوەندەکانی جیهاندا وەک قەڵغانێک بەرامبەر پیلانی سەرکوتکردن دادەنرێ.

**ئاستەنگەکانی بەردەم دیپلۆماسیی بێدەوڵەت**

سەرەڕای دەستکەوتەکان، ڕێگای دیپلۆماسی بەبێ دەوڵەت ڕووبەڕووی ئاستەنگی قورسی پێکهاتەیی، ژێئۆپۆلیتیکی و یاسایی دەبێتەوە؛ چونکە ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان لە ژینگەیەکی ناهاوسەنگدا یاری دەکەن. لە گرنگترین ئاستەنگەکان:

- دیپلۆماسییەتی بازرگانانەی دەوڵەت: زۆرجار حکومەتە ڕۆژئاوایی و ناوچەییەکان بەرژەوەندییە ئابووری و ئەمنییە کورتخایەنەکانیان لە سەرووی مافەکانی مرۆڤ دادەنێن. کارلێکەکانی پشتی پەردە لەگەڵ ڕێژیمی ئێران دەبێتە هۆی پەراوێزخستنی داواکارییەکانی گەلانی بێدەوڵەت.
- نەبوونی پشتیوانیی یاسایی کلاسیک: نەبوونی دانپێدانانی یاسایی لە نەتەوە یەکگرتووەکان بە واتای زەوتکردنی مافی دەنگدان و تریبۆنە فەرمییەکانە. حیزب دەبێ هەمیشە هەوڵی پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە لە ڕێگەی ڕەوایەتیی ئەخلاقی و سیاسییەوە بدا.
- ئاڵەنگارییە ئەمنییەتییەکان: ڕێژیمە تۆتالیتێرەکانی وەک کۆماری ئیسلامی بۆ سڕینەوەی ڕەوایی ئۆپۆزیسیۆن لە مەکۆکانی ڕۆژئاوادا لە شەڕی دەروونی، تیرۆر و دیپلۆماسیی ئابووری کەڵک وەردەگرن؛ بەرەنگاربوونەوەی ئەمە پێویستی بە هەواڵگریی بەرگری، شەفافیەتی دارایی و وردبینیی میدیایی هەیە.

**کاریگەرییە کردەییەکان و ئەنجامگیری**

پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە ئەم تۆڕە دیپلۆماسییە تا چەند توانیویەتی ببێتە «سەرمایەی بەرهەمداری سیاسی»؟ بۆ وەڵامدانەوە، دوو ئاستی کاریگەری جیا دەکرێنەوە:

- پێناسەکردنەوەی گوتاری دێموکراتیک: ئامادەبوونی بەردەوام و خستنەڕووی پلان بۆ داهاتوی ئێران (لەسەر بنەمای مافی دیاریکردنی چارەنووس، دێموکراسی فرەییخوازانە و فیدراڵیزم)، گوتاری حیزبی لە تۆمەتە درۆیینەکانی «جوداخوازی» ڕزگار کرد و گۆڕی بۆ پرۆژەیەکی سیاسیی لۆژیکی. ئەمڕۆ لە کۆڕەکانی واشنگتۆن و برۆکسلدا، هیچ داهاتوویەک بۆ ئێران بێ لەبەرچاوگرتنی مافەکانی کورد وێنا ناکرێ.
- ڕێگریکردن لە نەهێشتنی سیاسی: سازکردنی تۆڕی دیپلۆماسی تێچووی سەرکوت و نەهێشتنی فیزیکی زۆر زیاد کردووە، چونکە کاردانەوەی ڕای گشتی بەرامبەر بە بەکارهێنانی توندوتیژی لە دژی حیزب توندتر دەبێت.

دیپلۆماسیی بێدەوڵەتی حیزبی دێموکرات وەڵامێکی ستراتیژی و حەتمییە بۆ پێویستییەکانی سەدەی بیست و یەکەم. حیزب بە سەلماندنی ئەوەی کە کاریگەریی نێودەوڵەتی لە قۆرخکاریی دەوڵەتەکاندا نییە، توانیویەتی جوگرافیای خەبات بگوێزێتەوە بۆ چوارچێوەی دیپلۆماسیی پارلەمانی. چالێنجی بنەڕەتی لەم قۆناغەدا، زیرەککردنی ئەم تۆڕەیە بۆ گۆڕینی بە ئاستێکی کارامەی فشار بۆ گوزار بەرەو دێموکراسی و بەدامەزراوەییکردنی دادپەروەری لە ئێرانی دواڕۆژدا. دیپلۆماسیی بێدەوڵەت ئەگەر بە ستراتیژیی ورد و پەیوەندیی قووڵ لەگەڵ بەدەنەی کۆمەڵگە بێ، دەتوانێ ببێ بە یەکێک لە کلیلە زێڕینەکانی تێپەڕاندنی چەقبەستوویە مێژووییەکانی گەلانی بێدەوڵەت.